MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# بنەماڵەی پاسکۆئال دوئارتە

رۆمان

# بنەماڵەی پاسکۆئال دوئارتە

کامیلوخوسەسلا

وەرگێڕانی
سەلاح نیساری



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **بنەماڵەی پاسکوئال دووئارتە**
- نووسینی: کامیلوخوسەسلا
- وەرگێڕانی: سەلاّح نیساری
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- پیتچنین: جەعفەر قوربانی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە (تابلۆی بەرگ – ویلهێلم لێمبروک)
- ژمارەی سپاردن: ١٦١٣
- نرخ: ٢٠٠٠
- چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- تیراژ: ٧٥٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٢٨٧)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

ئەم ئەرکەم پێشکەش بێ بە:

رووحی بابم و ئاواتە سەوزەکانی

## (سووکە ئاوڕێک لە سەر ژیان وکۆمەڵگای مرۆڤایەتی...)

ئەوکاتەی چیایەکی سەر بەتەم دەهەژێ، ئازارێک هەیە کە بۆتە هۆی راتڵەکانی ئەوچیا بەرز و بەهەیبەتە، مرۆڤ هەتا، هەست بە جیاوازی چینایەتی و غەدر و چەوسانەوە نەکات، چۆن بۆی هەیە تەکان لە خۆی بدات و راپەڕێ، ئەگەر تۆفیرێک لە بەینی دیتن و روانینەکاندا نەبێ لە کوێ خاوەن هەستێک پەیدا دەبێ و بەخامە، یان بە بەیت و باوان وەزاڵە دێت و دەرد و هاواری بێدەسەڵاتان بەگوێی دنیادا دەدات، ئەگەر بیسەرێک هەبێ. حەتمەن ژان و ئازارێک هەیە بۆیە هاوارێکیش لەگۆڕێدایە...

من بڕوام وایە سەربردە و داستانەکان و رۆمان بە گشتی ئاوێنەی بوونی بارودۆخی ژیانە، بەڵام چ ژیانێک، بەندییەکیش لەزینداندا دەژی، دەردەدارێکیش هەتاکوو گیانی دەردەچێ بەدەم زام و برینانەوە دەتلێتەوە.

سادقی هیدایەت گەورە نووسەری ئێرانی، بەستەزمانی و لێدان و پێدادانی (سەگەبەڕەڵایەک) بەرجەستە دەکاتەوە و دەیخاتەڕوو بۆ ئەوەی ویژدانی ئەو بەشەرانەی پێ بهەژێنێ کە ئازار بە حەیوانێک دەگەیەنن (خووسەسلا) دەڵێ: پاسکوئال دوئارتە ئەوەندە لە ژیان بێزاروە هەر ئەو ژیانەی کە مروڤەکانی دەور و بەری بۆیان کردووە بە جەهەندەم ئەو دۆزەخەی کە دایکی خۆی کوڵەوەژی تێوەدەژەنێ و گڕکانەکەی خۆشتر دەکا.



کاتێک لەخوێندنەوەی رۆمانەکە دەبیتەوە، کاتێک بە وردی لاپەڕەی دەفتەر و پەڕتووکان دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە ئەو خاوەن خامە رەنگینانە چەندە بەتەنگی ئینسانەکانەوە بوون، ئەگەر بە گوێرەی نووسراوەکان و حیکایەت و چیرۆک و رۆمانەکان بن ئەوە هیچ نکۆڵی لە سەداقەتی ئەو ئاوێنە باڵا نوێنە ناکرێ، چ بگا بەوەی ئەمڕو ئێمەی زیندوو بە نووسراو لە رووداوی بەرێ ئاگادار دەبین و ئێستاش کە ژیان لە سەر رێچکەی هەزارەی سێهەمە، غەدر و نابەرابەری و جینوسایت و ئەنفال و سووتمان و هەڵەبجە و قاڕنێ و قەڵاتان و زیندان و ئەتک کردن و هەزاران هەزار...

ژیانی بەرژەوەندخوازی لە سەرەتای بە کۆمەڵگا بوونی مرۆڤەوە هەتا ئێستاکەشی لەگەڵ بێ زلهێزەکان مافی بێهێزانیان ژێر پێ خستووە، باوەڕیشم وایە ئەم سەرەتایە بەم کۆتاییە دەرگای لە سەر دابخرێ باشە:

بریا مرۆڤەکان شەرمیان لە ژیانی ئاژەڵان کردبا، ئێمە کە گۆشتمان بۆ خواردن نابێ یەکدی دەخۆین ژیان و ماڵی یەکتر وەبەر تاڵان و بڕۆ دەدەین، ژینگەکانیش ئاور دەدەین، ئەمەیە ژیانی نێوان بەنی ئادەمی.

**سەلاح نیساری**

*بۆکان زستانی ٢٧٠٧ کوردی*

# پێشەکیی ڕۆمانەکە

لەو ساڵانەدا، کە شەڕو شۆڕ لە ئارادا بوو، سێ کەس لەو نووسەرە خامە ڕەنگینانە کەوا کەوتبوونە بەر غەزەب و پەراوێز کرابوون، سلین لە فەڕەنسا، مالاپارتە، لە ئیتالیا، کامیلو خوسە سلا، لە ئیسپانیا.

سلین نیهیلیستی بوو دەستە ڕاستی، بەڵام ئەوەی لە مەڕ ئەدەبیاتەوە لە سەدەی بیستەم لە بەر دەست دایە (زۆر بەر چاوە) نەک لە بەر دەستی دژی سامییەکان و بێجگە لەوەش، هەروەها لە ئێختیاری پێشڕەوان و ئاوانگاردیستەکانی پاریس و نیویورک دایە.

مالاپارتە ئانارشیستی بوو ئەویش دەستە ڕاستی لە دامەزرێنەرانی مەکتەبی نوێ. کەسێکی دژی زلهێزی، بەستراوە بە داهاتوو، بە کرداری چەوت و کوێرکوێرانەوە. بە بێ بونیان و ریشە وەکوو پاشماوەی ئەشرافەکان، هەرچەندە هەتاکوو ساڵی ١٩٣١ پشتی موسولینیی گرتبوو، یەکەمین پەرتووکێک کە دژی فاشیستی بوو ئەو قەڵەمی پێدا هێنا.

سلا، وردە مالک بوو لە مادریدی سوور، لە سەرەتای شەڕی ناوخۆدا لە ساڵی ١٩٣٦ لە گەڕەکێکی نەشازدا، دەژیا، گەڕەکێکی سەنعەتی و بورژوایی باریو سالامانکا، ئەگەر لە شارەوە دەرنەکەوتبا و نەچووبایەتە نێو هێزی لژیون خاریجی میلان ئاسترای، کە دروشمی (بژی مردن)ی یان دەگووتەوە بێگومان بە گوللەی کومیتەی کرێکاری دەکوژرا.

لە ڕۆخی [مەدیتەرانە] و لە باغە نارنجەکانی دەوروبەری والنسیا لە بەرامبەر هێزی کۆماریخوازان کە لە ژێر گوشاری ئەرتەشی ئیتالیادا



بوو، چۆتە سەر خزمەت. هەر لەو مەنتیقە و بەشەدا بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٧ ئەمریکاییەکان بۆیەکەم جار لەوێ کوژران.

ئەوسێ نووسەرە لە سەر بیر و باوەڕی ڕاست و چەوت و سەرکوت کردن، ڕێککەوتنییان وەکوو یەک دەچێ. کتێبەکانی سلین لە فەڕانسا و وڵاتەکانی دەور و بەر دەستی بەسەر داگیرا. کتێبەکانی مالاپارتە چووە ریزی کتێبە نەهی (مەمنووع) کراوەکان سەرباری ئەوەش هەر ئەو کتێبە پەروەندەی سیاسی بەرچاوی لە سەرە، ئەو سێ کتێبە چاپ کراوەی ئەوەڵێ، بە دەستی پۆلیسی ئیتالیا لە ناو چووە پەرتووکی دژە فاشیستی (فەن کودەتا) کەوا لە پاریس لە ژێر چاپ هاتە دەرێ، لە ئیتالیا و ئەلمانیا دەستی بەسەر داگیرا. لەمەڕ سلا، وە چاپی تەواوی پەرتووکی کەندو (کە لە ساڵی١٩٥٤ لە ئەیالاتی متحدە «وڵاتە یەکگرتووەکان» هەر بەو نیشانەوە بڵاو بۆوە)، تاکوو ساڵی ١٩٦٢ جێبەجێ نەبوو، هەر چەندە لە پێشدا یازدە ساڵ لە مەو بەر بە زمانی ئیسپانیایی لە بوئنوس ئایرس چاپ کرا. ئەم کتێبەی ئێستا، لە چاپی دووهەم (بورگوس، ١٩٤٣) بە دەستی [مقامات سانسور] کتێبخۆران ڕاگیرا و لە کتێبفرۆشەکانیش ئەستێندرایەوە.

لە چاپی چوارەمەدا لە (بارسلۆن ١٩٤٦) پێشەکی کتێبەکە بە دەستی گرگوریو مارانیون نووسرابوو، سانسۆر کرا.

سلین، مالاپارتە و سلا، سێ نووسەری تووڕە و رق ئەستوورن، هەر بۆیە بە ناحەزی باسیان کردوون و ناو و ناتۆرەیان وەدوو خستوون. هەتاکوو لەمەڕ ئاوەزی مرۆڤایەتیش بە زمانپیس ناویان زڕاوە، بەڵام سلین دایمەن دڵسۆز و حەکیمی هەژاران و نەداران بووە، مالاپارتە لە ژیانیدا پشتی نەکردۆتە لێقەوماوان و دەردەداران، خۆی لە خەڵکی ناپل هەڵناواردووە، سلا، نووسەری بەگشتی گەمژەکان و لادێنشینانی کاستیل

و مرۆڤکوژانی ئاکسترمادورا، بووە. هیچ کام لەو نووسەرە شەڕخواز و نەحاواوانە، خۆیان لەگەڵ ڕێوشوێنی ئازادی ـ تەباییگەرێ نەداوە، هیچ کامێکیان سەری خۆیان لەگەڵ "تاقمی پەست" نەشاز نووسەرانی [انتزاعی نووس] نەهێشاندووە. هیچ یەک لەوانە بەرامبەرخواز و بە کۆمەڵ بوون، نەبوون (گلکتیویست)

هیچیان نەیاندەتوانی سەبارەت بە کارمەندان و دەوروبەرنشینان بە نەرمی و ئارامی قەڵەم بە کاغەزدا بهێنن.

ناکرێ ئەوسێ نووسەرە کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ئەوان بەقەڵەم گریلان لە ریزی دژە شۆڕش دابندرێن.

بنەماڵەی پاسکۆئال دوئارتە هەر لەو ساڵەدا چاپ کرا، کە بێگانەی کامۆ (١٩٤٢) چاپ بووە، ڕەنگبێ پێوەندییان لەگەڵ یەک هەبووبێ.

هەردوو کتێبەکە بە دەوری مرۆڤکوژی و پوچیدا دەسوورێنەوە. ئەو دوو کتێبە هەر وەکوو دوو کەڵەزەنگی پڕ لەهات و هاوار، بانگی مەعنەوی وەڕێ دەخەن دەنگ و ئاوازیان رووح وەبەر گیاندار و بێگیان دەخا. هاوارەکە لە لایەکەوە بێ لەمپەرە، بەڵام لە جێی خۆیدا بە تاڵ و هەتاڵ، موسیقا لە شوێنی بەتاڵ باشتر دەنگ دانەوەی هەیە. چۆڵگەیی لێرەدا، هەر لە خاڵێک دەچێ بە تەوێڵی خۆرەوە. بە گەورەیی و شکۆی هەتاوی رەش. پاش و پێشی هەر دووکتێب، چاڵی شەرە بۆتە دۆزەخێکی سووتێنەر.

بنەماڵەی پاسکۆئال دوئارتە لێکدانەوەیەکی (روانکاوانەی ترسە)، کوشت و بڕ، ترس و خۆف. روون تر بڵێم، تۆقاندن و ترس و کەم روویی، هەست بە تاوان کردن سەبارەت بە هەر دووی ئەوانە. پاسکۆئال دەست بە سەر داگیراوێکە بێ ئامانج و بە سەر یەکەوە زۆرتر لە قوربانییەکانی هەستی هاودەردی دەخاتە دەروونەوە.



چیرۆکەکەی چیرۆکی کریکارێکی وەرزێڕەکە (بە خاتری پەیڕەوی کردن لە کەیف و خۆشییەکانی) پشتی کردۆتە باغات و گەنمجاڕ و دارستان و رووباران رووحی لەگەڵ هات و چۆیی وەرزەکان سازگار نییە و (تەنیا بۆنی گەنداو، بۆنی پاتۆڵەکەی خۆی هەست پێدەکا)، بەرامەی هیچ گوڵێکی هەڵنەمژیوە (دیمەنی پاوپووزی سپی لۆلا بەرچاوترین شتێکە لە کتێبەکەدا)، تەنیا دەنگێک کە دەبیستێ، دەنگی کوندە، ئەوەش سومبولێکە. بۆنی بەربلاو و داگیرکەری مەرگ سەر و بنی کتێبەکەی داگرتووە.

(لە منداڵیشدا لێی جوێ نەبۆتەوە لە بەر ئەوەی دوور لە چاوەدێری ئەبوو. «ترس و تۆقین» مردن وەک خۆرە بەربۆتە گیانی) . بەڵام ئەوانە نەختێک هەڵکەندن و لابردنە، شانۆگەلێکیش هەن کە پێچەوانەی ئەوەیە، دیمەنی کەل و پەلی ژووری بووک و زاوا لە میوانخانەی کەم نرخدا، دەست هێنان بە پشتی مانیەکەدا کە لە دووای چەند چرکەیەک (دەمرێ ئەوەش کاردانـەوەیەکی کەم نرخ دێنێتە ئاراوە: لە پێستی زاکار یاس ئەستور تر بوو) .

ئەوانە بێگیانن، بەری لە هەموو شتە مرۆییەکان.

هێزێکی کاریگەر لە سەر کرداری باش بەستراوەتەوە ئێرادەیەکی لە ناو بردن. لە بەشێکدا کە دایکی مەمکی وشکی کوڕەکەی بە ددان دەپچڕێ، ترسێکی دوور لە باوەڕ و شاراوەیە: کوڕێکی کە مەمکی دایکی مژیبێ و ئێستا بەو باوەرە گەیشتبێ دایکی بکوژێ. لە ئاوڕدانەوەیەک بە مردوودا کە لەودا سەگی راوی لە بەر هۆیی قاتل بوون لە بەر شڵەژاوی بە چەشنێکی بێمانا دەکوژرێ و لە بەین دەچێ. ئاهۆیەکی چاندنی شەڕ و ئاژاوەیە. هەر وەها کاتێک ئەسپێک لە تۆڵەی ئەویندارى دەکوژرێ، توند و تیژی، قارەمانی و هەراسانی، لە پەردەیەکی دیکەدا، هاوژینی تاوانبار، بەهۆیی سەهوویەکی چووکەوە دەکوژرێ، تەنزێکی بێمانا و تاڵ

له گۆڕێ دایه. زۆر به کورتی لەمەڕ بنەماڵەی پاسکۆئال دوئارتە، وەدەتوانین بڵێین رۆمانێکە مۆدێرن و مەزن.

کامیلو خوسە سلا بێشک یەکێ لە رۆمان نووسە بەهێزەکانە لە دووای شەڕی نێوخۆی ئێسپانیا. بەتایبەت، باشترینی ئەوانە کە لە ئێسپانیا ماونەتەوە. دەبێ ئەو راستییەش لە بیر نەکەین کە پێویست بە پێک گرتن ناکا لەگەڵ ئەو دەستە نووسەرانەی وا خاوەنی ئیستعدادن لە ناو بەندییەکاندا، کارەکانییان ئەگەر زۆریش باش بێ لەگەڵ کارەکانی سلا لێک دوورن.

ئیسپانیای سلا، ولاتێکە دەورانی پێشکەوتنخوازی خۆی لەگەڵ شەڕی نێوخۆ دەست پێدەکا، ئێسپانیای هەمیشەیی نییە، ئێسپانیای ئەو ئێسپانیای ئەفسانەکان نییە، ئسپانیای هەڵبژاردەکانیش نییە. نووسراوی ئەو، بگرە نووسراوی تەواو شاعیرانە ئاخریشی، لە مەیدانی زمانی تایبەتی و وێژەیی ئێسپانیای ئەفسانەیی و تەریقەتییە. تامەکە هەرچەندە لە زار خۆش نییە، بەلام رەنگەکە تێکەڵە لەگەڵ چێژێکی لادێیی. هەروەها بە پاراوی زمانی لادێنشینانی سالامانکا، شارنشینانی مادرید، یان لات جوامێری کاستیلی. زمانی ئەو تێکەڵی هەیە لەگەڵ زمانی دۆن کیشۆت و سانچۆپانزا.

یەکەم جار کتێبی پاسکۆئال دوئارتە لە مادرید و بورگوس لە ساڵی ١٩٤٢دا چاپ کرا، چاپەکانی دیکەشی لە بوئنوس ئایرس، بارسلون، نیویورک بوون، لە ساڵی ١٩٦٢ بەگشتی ئەو رۆمانەی پاسکۆئال دوئارتە بۆ جاری سێزدەهەم چاپ کرا.



## یاداشتەکانی بەرایی نووسەر

بە بڕوای من کاتی ئەوە گەیشتووە کە بیرەوەرییەکانی پاسکۆئال دوئارتە بە چاپ کردن بسپێرم. ئەگەر پێشتر ئەو کارەم کردبا، دەبووە پەلەپڕووزێ و کاڵ و نەکولیوی. نەمدەویست بۆ بڵاوبوونەوەی پەلەبکەم، هەر وەک دەڵێن کەنگروماست بەوەختی خۆی. تا ئەو جێیەی رەشنووسەکە ساغ نەکرێتەوە قەبووڵ کردن و وەدوو کەوتنی بێفایدەیە.

بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە هەتا ئەو جێیەی ئەرکەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی من لەوانە بوو ماتڵ بوون و چاوەڕوانی زێدەتر ئامانجێکی نەدەبوو، چوونکە هەرکارێک، وەختێک دەست پێدەکا دەبێ بە جێگایەک بگا و رەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبێ.

ئەو نووسراوانەی گەیاندوومەتە ئێرە، لە نیوەی ساڵی ١٩٣٦ لە دەرمانخانەیەک لە ئالمندراخۆ[1] وە دەستم کەوتووە (لێرەدا دەبێ بڵێم خودا دەزانێ کێ ئەو نووسراوانەی لەوێ دانابوو!) هەر لەو رۆژەوە هەتا ئێستا لەمەڕ ئەوانەوە زۆرم بیر کردووتەوە، رێک و پێکم کردوون، نووسیومنەوە و شەن و کەوم کردوون، رەشنووسەکەی بەرایی دەبوو دووچاوی دیکەشی بۆ قەرزبکەی جابیخوێنیتەوە، وەک دەڵێن بۆ کوێر نەدەخوێندرایەوە دەستنووسێکی بێسەرە و بەرە و بێژمارە بوو، پێم خۆشە هەر لە پێشدا بە تەواوی روونی بکەمەوە کە ئەو گێڕانەوەی وا لێرەدا دەخرێتە بەر دەستی خوێنەر، جگە لە راگواستن و ساغ کردنەوەی وشە و پیتەکان هیچی بە قەڵەمی منی تێدا نییە. جگە لە رێک

1- Almendraego.

و پێکی وشەکان و لە جێی تایبەت دانانیان بەولاوە، هیچم لێ زیاد و کەم نەکردووە، چیرۆکی دوئارتەم هەر بەو شێواز و رەوت و گێڕانەوەی خۆی کە هەبووە پاراستووە. جوانی بە باڵای بڕیوە، لە زۆر شوێندا کرچ وکاڵ بووە، بە جێی ئەوە دووبارە نووسینەوەی بخەمە ئەو لاوە، هەڵبەت ئەو کارە خۆێنەر لە زۆر شتی بێکەڵک بێبەش دەکا ـ بەڵام لە تێنەگەیشنی ئەوانە شتێک لە ناو ناچێ. پێدا هەڵدان لە کەم کردنەوەکانی من لەوە دایە کە پێویست ناکا، خۆێنەر بکەوێتە نێو هەزار ئەشکەوتی پڕ لە خۆف و تۆقینەوە، بە جێی ئەوەی هەژاری و رۆژەڕەشییەکانی بە تیفتیفەو و گوڵ لە سەردان بڕازێتەوە باشتر وایە چێو و چاڵی هەڵوەژێرین.

ئەوکەسەی ئەرکی نووسینەوەی رەشنووسەکەی وەئەستۆ گرتووە بە باوەڕی من کەسێکە دەگمەن، تەنیا بەڵگەیەکیش کە من هەمبێ بۆ رزگاری لە چنگ تاریکی هەر ئەوەیە. نموونەیەکی کە لە بەرامبەریدا لە دوودڵی دوورمان دەخاتەوە، هەر ئەو نموونەیە کە دەکرێ بڵێین:

«سەیری بکەن چی دەکا! پێچەوانەی ئەو کارەی کە دەبوو بیکا.» لێرەدا جێی خۆیەتی رێگە بدەین پاسکۆئال دوئارتە باخێوێ، لە بەر ئەوەی هەر خۆی قسەگەلێکی بۆ گوتن پێیە کەجێی سەرنجە.



## نامەکەی دوو ئارتە بۆ ئەوەی کە یەکەم کەس بوو، دەست نووسەکەی پێگەیشتووە

سنیوردون خواکین بارە را لوپز[٢]
موریدا[٣]، ناوەندی باداخوس[٤]،
ئیکسترمادورا[٥].
کاکی بەڕێز:

بە خاتری ناردنی ئەو چیرۆکە درێژە وا ئەم نامەیەی لەگەڵدایە داوای لێبوردن دەکەم، نامەکەی خۆی بە گشتی بە هۆی ئەو ئامانجەی کە هەیەتی دوور و درێژە. بەڵام تەنیا هەر بەو هۆیەوە بۆ تۆم ناردووە کە لە نێو هەمووو هاوڕێکاندا، دۆن خسوس گونسالس دلاریوا (خوا لێی خۆش بێ، هەر وەکوو بە دڵنیاییەوە دۆن خسوس لە من خۆش بوو) تەنیا کەسێکی کە ناو و نیشانت لە سەر مێشکم نەسڕاوەتەوە. دەمەوێ لە هاوڕێی ئەو چیرۆکە خلاسیم بێ. زۆر جار وا بیر دەکەمەوە ئەی خۆزیا بمتوانیبا خۆ لە نووسینەوەی ببوێرم، بوونیشی ئازارم دەدا. هەروەها، ناردنیشی دەبێتە لەمپەر کە لە چرکە ساتێکی بێباوەڕیدا ـ کەوا خوداوەند لەو رۆژانەدا زۆرم بە نسیب دەکات فرێی دەمە نێو ئاورەوە، کردارێکی وا خەڵکی لە تێگەیشتنی کە من زۆر درەنگ پێی گەیشتم مەحرووم و بێبەش دەبن.

2- Don jaoquin Barrera lopez
3- Merida
4- Badajoz
5- Extremadura

رێگەم پێبدەن روونی بکەمەوە. من باش دەزانم کە لەوە بترازێ بیرەوەرییەکانم لە خۆم بیدین تر و تاڵترن، چوونکە گەرەکمە ئەوە بدرکێنم کە خۆی دەردێکی کەم نییە، هەر نەبێ تۆزێک لە قورسایی ئازاری ویژدانم کەم کەمەوە هەر ئەوەندەی هێزی بە پێزی مێشکم پشتم تێنەکات بریارم داوە ئەوەندەی لە ژیاندا بە سەر پەردەی مێشکمەوە ماوە وەک پێشانگایەک نیشانی هەمووانی بدەم لەگەڵ خۆمدا نەیبەمە ژێر گڵ. زۆرینەی شتەکان لەوە دەچێ جێگای سەرنج بن، لەبیرم چۆتەوە. ئەوجاریش لە حەولی ئەوە دام هەتاکوو ئەو رووداوانەی لەبیرم ماون دەستم لە نووسینیان ماندوو نەبووە بییان گێرمەوە، شتگەلێک هەبوو لەکاتی گوتنیاندا بێز لە خۆم دەکەمەوە، وام بە باش زانیوە قرِوقەپ بکەم و لە بیری خۆمیان بەرمەوە هەتاکوو هاتووم دەست بکەم بە چیرۆکی ژیانم بیرم لەوە کردۆتەوە کە بۆچی دایمە بەشێکی وای تێیدا هەیە هەتا بە رووح زیندووبم ناتوانم سەرپۆشی لە سەر لابەرم.

لە سەرووی هەموویانەوە مردنی خۆمە (کە لە یەزدان دەپارێمەوە زوو بە نەسیبم بکات.) لەبیر کردنەوەی ئەو راستییەدا گەلێک سەرم سووڕ ماوە.

سوێند بێ بەو ژیانەی کە بۆ من پایزە و نەختێکی بە بەرەوە ماوە زۆر جار وام بە سەردا هاتوووە کە خۆم لە دەست هەموو شتێک رزگار بکەم، لەبەر ئەوەی وام بە مێشکدا دێت لە دەست پێکردنی ئەرکێک کە قەت قەت ناتوانم بە جوانی جێبەجێی بکەم، بۆچی دەستی لێ هەڵنەگرم.

ئیتر ئەوە بوو بەو ئامانجە گەیشتم چاکترین کار ئەوەیە قۆڵی لێ هەڵ بماڵم کۆتایشی بە خۆدا بسپێرم، هەتا ئەو جێیەی هێزی دەست و سۆمای چاوم هاوڕێمن بڕۆمە پێشێ. جا ئەوە بوو ئەو کێوەی رژدوو



هەڵدێر بوو توانیم خۆ بگەیەنمە سەر ترۆپکی ئالآی سەرکەوتن بچەقێنم ئێستاش لە رەش کردنەوەی سەدان لاپەڕە ماندوو بووم، چیرۆکەکە تەواو دەکەم، رێگە دەدەم پاشماوەی ژیانم بە خۆتەوە گرێ بدرێ ئەوەش قورساییەکی کەم دەخاتە سەر شانت. چوونکە لەڕاستیدا سەنگێکی وای نەماوە لەو چوار دیوارییەشدا رووداوێکی دیکە نایەتە ئاراوە.

کاتێک نووسینی ئەم داستانەم لێرەدا لێ زیاد کردووە دەستم پێ کرد لەو بیرۆکەیە پەرێشان بووم لە بەر ئەوەی کەسێک هەیە کە دەزانێ من دەگەمە کۆتایی چیرۆکەکەم یان نا، هەر نەبێ دەزانێ لە کوێدا بە کۆتایی دەگا. وا دیارە لە لێکدانەوەکەمدا بەو جێیە گەیوم کە تووشی هەڵە هاتووم. راستی لەوە دایە هەنگاوەکانی من دەبوو بە رێگەیەکی لەوە پێش دیاری کراودا بڕواتە پێشێ. دڵساردی دەکردمەوە تووڕەی دەکردم ئێستاش کە لە ژیانێکی دیکەوە نزیکترم زۆرتر لە جاران خۆم بە دەستەوە داوە باوەڕم پەیدا کردووە کە خودا بەزەی پێمدا هاتۆوە و لە رەحمەتی خۆی بێبەشم ناکا.

لە پاش نووسینی تەواوی ئەو رووداوانە هەست بەحەسانەوە دەکەم چوونکە کاتێکی وام بۆ پێش هاتووە کە ویژدانم کەمتر ئازارم بدات بڕوام وایە لەوەی کە هەیە زێدەتر ناتوانم شان بدەمە بەر ئەو ئەرکە. باش دەزانی لە بەر ئەوەی زمانم لاڵە ئێستاش من لە ناخی دڵەوە بە داخم کە بۆ چی کەوتوومەتە سەر ئەو رێگا چەوتە. ئیتر لەو دنیایەدا بە دووی لێخۆش بوونەوە نیم. چ قازانجێک؟ وا دیارە لەوە باشتر بێت ئەگەر بەگوێرەی یاسا لەگەڵ مندا بجووڵێنەوە، خۆ ئەگەر ئاواش نەبێ دوور نییە هەر کارێکی پێشتر کردوومە سەر لە نوێ سەر هەڵبداتەوە، من داوای وەدووا خستنی حوکمەکەم نەکردووە چوونکە ژیان زۆر

دەرکی لە رووەمدا داخستووە، زۆر تاڵی و سوێری پێ چێژتووم، لەوەش بێ دەسەڵات ترم کە وا لە بەرامبەر مەیل و سروشتمدا خۆڕاگربم. باشتر وایە کە داکۆکی کردن لەسەر ئەو نووسراوەیە لە کتێبی ئاسمانییەوە بەڕێوە بچێ دۆن خۆاکین، تەمەنای من ئەوەیە هاوکات لەگەڵ ئەو بەستەیەدا تکا و رەجام قەبووڵ بکەی لەبەر ئەوەی تووشی زەحمەت و سەرئێشانم کردووی چاوەڕوانی بەخشینم، هەر وەکوو ئەو پاڕانەوەشم لە درگای عیسا مەسیح هەیە بۆ ئەو خزمەتکارەتان.

پاسکۆئال دوئارتە
زیندانی باداخوس، ١٥ رەشەمە ١٩٣٧

---

گوڵ بژێرێک لە ئاخرین داوا و وەسیەتنامەی دۆن خواکین بارەرالوپز، کە تەواوی بەدەست خەتی خۆی نووسیویەتی لە بەر ئەوەی میراتگرێکی نەبووە سەر لە بەر دار و نەدرای دراوە بە راهیبەکان و کچە چاکە کارەکان، بە کچانی مریەمی عەزرا پێشکەش کراوە.

بەندی چوارەم: وەسیەت دەکەم کە ئەو بەستە کاغەزەی وا لە کەشەوی مێزی نووسینەکەمدا وەدەست دەکەوێ بە دەزووی قەند بەستراوە بە مرەکەبی سوور وشەی پاسکۆئال دوئارتەی لە خۆی گرتووە، بە بێ ئەوەی بکرێتەوە و بە بێ دوودڵی بخرێتە نێو ئاگرەوە لە بەر ئەوەی ناوەرۆکی رەش و پێچەوانەی ئاوەزی ئینسانییە. بەڵام ئەگەر رووحمی یەزدان نزیک کەوتەوە بەستەی ئاماژە پێکراو بە بێ چاوپۆشی لێکردنی هەمووان بە ماوەی کەمتر لە هەژدە (١٨) مانگ ئەگەر لە سووتان دوور بوو هەر ئەو کەسەی کە بەستەکەی لە ئیختیاردا دەبێ



رادەسپێرم هەتاکوو بیپارێزێ. بەعنوانی حەقدار و بەرپرس قەبووڵی بکا بە گوێرەی مەیلی خۆت بجووڵێوە، بەو مەرجەی لە سەر رێباز و بیر و باوەڕی من لانەدەی.

رێکەوتی نووسین، موریدا، ناوەندی باداخوس، شەوی مردنەکە. یازدەهەمین رۆژ لە مانگی بانەمەڕ ساڵی ١٩٣٧.

پێشکەش بە بیرەوەرییەکانی دونخسوسگونسالسدلاریوا، خاوەنی تورەمخیا[٦]، مرۆڤێکی بەڕێز کە ئەوکاتەی نووسەرەکەی ئەو بیرەوەرییانە کە بۆ کوشتنی هاتبوون. ئەوی بە پاسکۆئالی چکۆلە بانگ کرد بزەی بە سەر لێوانەوە بوو.

پ.د.

لەبەرت دەمرم، من ئینسانێکی ناڕاست نیم، ئەگەرچی دەبێ پیاو ویژدانی هەبێ لەڕووی بەڵگەی لە بەردەستان، لەو بابەتەوە شتێکم کەم نییە. ئێمە هەر هەموومان رووت و قووت دێینە دنیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەرکە پێ دەگەین، بەخت و شانس وامان تێک هەڵدەشێلێ هەر دەڵێی تۆپەڵێک مێوین. لە پاش ماوەیەک هەموومان دەهێنێتەوە سەر رێگایەک، مردن و روو بە نەمان. تاقمێک فەرمانیان پێدراوە بە جاڕە گوڵدا هامووشۆبکەن و هەندێکیش بە کوێرە رێگای پڕ لە دڕک و پێکوڵدا.

لە پێشدا، هەموو لایەک بە هێمنی سەیری دەکەن، لە نێو بەرامەدا سەرباری ژیانیان بزەی بیتاوانیان لە سەر لێوانە، بەڵام هەر ئەو بزە و کەنینە شیرینە هەتاوی بەتاوی دەرو دەشت هەڵی دەپروکێنێ. مرومۆچ وەکوو منداڵە بێ خاوەنەکانی پاشماوەی شەڕ نیۆچاویان تێک دەنێن. جوانکاری بە سووراو سپیاو و ئۆدکلۆن، خۆڕازاندنەوە بەکوتانی خاڵ

6- Torremejia.

لە سەر جەستە کە پاک بوونەوەی نییە جیاوازی زۆرە عەرز تا ئاسمان....

زۆر لە مێژە من لەدایک بووم، هەر نەبێ پەنجا و پێنج ساڵ پێشتر، لە کوێرە دییەک کە لە ناوەندی پارێزگای بادا خووس‌دا کۆیر بۆتەوە.

ئەو کوێرە دێیە، لە باوشی دوو فرسەخی ئالمەندراخو دایە لە دوو لاوە قۆڵ دەخاتە سەر شوسەی چۆڵ و بێ بڕانەوەی بێ ڕۆزی و نان و دەستی لە ئەژنۆمان وەرێ ناوە.

تێکەڵ بە تەنیایی بێ کۆتایی ڕۆژە ڕەشی مرۆی مەحکووم بە مەرگ. چەشنێک چۆڵی و بیابانی کەوا بەختەوەرانە ئێوە ناتوانن بێهێننە بەر چاوی خۆتان لادێیەکی گەرم و تاوگر بوو.

دەوڵەمەند و دارا بە هۆی باغاتی زەیتوونەوە (لەگەڵ داوای لێبوردن) خووکەکانی، ماڵە دۆغاب کراوەکانی ئەوەندە سپی بوو کە حەز و تاسەیان ئێستاش دزی دڵە و حەسانەوەی چاوە.

گۆڕەپانی سەنگچن و چاوگەیەکی لەبار و سێ فوارە لە نێوەڕاستی مەیدانەکە. چەند ساڵ پێش لەوەی دێیەکە بەجێ بهێڵم، لە هەرسێ فوارەکەوە ئاو دەچۆڕاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا جوان و ڕازاوە بوو، لە بەر چاوی من مەزن بوو، لەو سەرەش پەیکەرەی مێرمنداڵێکی ڕووت و لەسەر لێواری حەوزەکەش هەروەکوو سەدەفەکانی سانیتاگۆ دوکومپوستڵ لەگەڵ خۆیان دەهێنا وەکو برجی کۆنگرە دار دەچوون.

[بەخشداری] لەوبەری مەیدانەکەوە بوو؛ هەرلە پاکەتە سیگار دەچوو. برجێکی بە سەرەوە بوو لەو سەرەش کاتژمێرێک؛ ڕوخساری سەعاتەکە هەروەک نانە سپییەکەی پاک (مقدس) وابوو کە بۆ مەراسیمی دۆعا خوێنی سازی دەکەن، دەقە ژمێرەکانی بە بێ ماندوبوون لە سەر



کاتژمێر نۆ خەویان لێ کەوتبوو؛ وێدەچوو کە ئیتر شار پێویستی پێی نییە و تەنیا بۆ جوانی گەرەکیەتی.

هەر وەکوو شتێکی سروشتییە، ئەم دێیە خانوبەرەی باش و خەراپی هەیە، هەر وەکوو دەبیندرێ هەمیشە خەراپ زۆرترە لە باش. ماڵێکی دوونهۆم، ماڵی دوون خسۆس، بوو. سەردەرانەکەی سەرنج ڕاکێش و کاشی‌کاری بوو، لەگەڵ دالانێکی ڕازاوە بە گوڵ و ریحانە. دوون خسۆس بە دایمەی خودا هۆگری گوڵ و سەوزایی بوو هەر لە ئیش و کاری ژنی سەرایەدارەوە بگرە هەتا ئاگاداری کردن لە شەمدانییەکان، گوڵە بەڕۆژەکان، دار خورما و گیا بۆنخۆشەکان بە تاسە و حەزەوە لەگەڵیان دەژیا هەر وەکوو خۆشەویستی بۆمنداڵان، هەبوو.

بەڕاستی ئەو پیرێژنە هەمیشە کترییەکی بە دەستەوە بوو خوار و ژوری دەکرد. ئاوی گوڵانی دەدێرا و خزمەتی دەکردن و بە دەوروبەریاندا دەهات. خۆ ئەگەر بمانویستبا لەبارەی گەشی ئەوانەوە سەرنج و تێبینیمان هەبێ دەبێ بڵێین گوڵەکانیش حەزیان بە پاک و خاوێنییەکە دەکرد.

ماڵەکەی دوون خسۆس بە سەر گۆڕە پانەکەی‌دا دەڕوانی. بێجگە لەوەش لەگەڵ ماڵەکانی تردا فەرقی زۆر بوو. ئەوەش نەک لە بەر ئەوەی بەر چاوتر بوو، بەڵکوو نەختێک لەوانی دیکە لە دوواتر بوو. هەر چەندە خاوەنەکەی دارا و دەوڵەمەند بوو لە دەست و دڵاوای‌دا فرە پیاو بوو بەو حاڵەشەوە ڕووکاری خانووەکەی زۆر ساکاربوو، ڕەنگ و ڕووی تەواو ڕەنگی بەردی بوو بە بێ دۆغاب و جوانکاری بەڵام کامە ماڵە هەژار بوو دۆغابرێژ کرابوو. دوون خسۆس ڕەنگبێ هەر بۆ ئەوەی ماڵەکەی بپارێزێ ئەوە دەلیل و بەڵگەی بوو.

دەیانگوت: هەڵقەنداروەکان نرخ و بایەخێکی زۆریان هەیە؛ شوێنی شەڕکەری دەورانی کۆنی لەسەر بوو بە کڵاوخودی پەڕدارەوە؛ شەڕکەرەکان یەکێ رووی لە رۆژهەڵات و ئەوی دیان روو لە رۆژاوا، لەوە دەچوو لە راست و چەپەوە وریای هەموو لایەک بووبن.

پشتی مەیدانەکە، یەک راست لە نزیک ماڵی دوون خسۆس، کڵێسەی ئەو بەخشە بوو. بە برج و کەڵەزەنگی بەردینەوە زەنگەکەش لە شێوەی زەنگی دەستی بوو. دەنگەکەی جۆرێک بوو کە بۆباس کردن نابێ. بەڵام هەر ئێستاش دەنگی بەرزی دێتە بەر گوێم....

برجی کە لە زەنگ دەستە خوشکی برجی کاتژمێرەکە بوو هاوینان وەختی هاتنەوی لەکلەکەکان دەگەڕانەوە، نیوەیان لە سەر ئەم برجە و نیوەشیان لە سەر برجەکەی تر دەنیشتنەوە. هەموو لە بیریان مابوو پارساڵ لەسەر کێهە برج هەڵ نیشتبوون. لەکلەکێکی چکۆلەی لاق شکاو توانیبووی دوو زستان بمێنێتەوە میوانی سەربانی کڵێسەکە بێت. تازە دەهات فێرە فڕین بێ هەڵۆیەک کەوتبووە سەری و لە حەواوە بەری دابۆوە. ماڵەکەی من لە دووری دێ بوو، دوو سەد مێتر لە خوار ئاخرین دەستە ماڵێک ماڵێکی یەک نهۆمی خراپۆچکە، خاوەنی کۆڵەکەی باریک و نەخۆش. رێک کەوتوو لەگەڵ ژیانی من لە دڵەوە خووم پێ گرتبوو، تەنانەت زۆر جاریش پێوەی دڵ خوش و فیزم پێوە لێدەدا. لە راستیدا، چێشتخانەکەی (مدبەخ) تەنیا ژوورێک بوو دەبوو پێی بڵێی هۆدە؛ کاتێک پێت دەنا ماڵەکەوە، ئەوە یەکەمین دیوو بوو، دایمەن خاوێن و دۆغاوکراو بوو. راستە ژوورەکە گڵە سواخ بوو، بەڵام هێندە بە چاکی شێل درابوو خڕە بەردەکانی ئەوەندە بە جوانی جێ کەوتبوون چیوای لە تەرکی ئەو ماڵانەی کەوا بە سیمان سواخ درابوو کەمتر نەبوو. کوچک ئاورێکی رێک و لەبار و خاوێن، قەفەزەیەک بە دەورەی دووکەڵ



کێشتەکەدا دابەسترابوو بە کەوانە هاتبۆوە چەند دانە دەفری بە نرخی لەسەر داندرابوو، چەند گۆزە و جەڕڕەیەک بەخەت و وسراوەی شین نەخش و نیگار لە سەر چەند دانە دەوری بە وێنەی جوانی کەسک و نارنجی مان لەسەر دانابوو. هەندێ لەو دەورییانە رەنگی کاڵی تەواو، ئەوانی دیکەش گوڵڕەنگ. وێنە و نێوی ماسییان لە سەر بوو.

قەد و باڵای دیوارەکە شتی سەیری پێوە هەڵواسرابوو رۆژمێرێکی جوان وێنەی کیژۆڵەیەکی لەسەر بوو لە بەلەمێکدا پاڵی لێ دابۆوە و بە باوەشێن خۆی فێنک دەکردەوە و لە خوار وێنەکەشەوە نووسراوەیەک بوو چاوی پیاوی بە شەوارە دەخست: [مۆ دستۆ رودریگز خواردن گەلێکی باش لە نێو بۆن و هاڵاودا، مریدا، پارێزگای باداخوس] دواتر وێنەیەکی رەنگی ئیسپار تووی گابەزێن بوو بە جل و بەرگی گابازییەوە. سێ چوار وێنەی دیکەش هەبوو، لە گەورە و بچووک وێنەی مرۆڤە گومناوەکان؛ زۆر جار لەوێ دیتبوومن، قەتیش بە مێشکمدا نەهاتبوو بپرسم خاوەنی ئەم وێنانە کێ بوون. سەعاتێکی بە ئەستۆی دیوارەکەدا کرابوو هەر چەند ناشکری شتێکی لە بارەوە بڵێی، بەڵام زۆر بە دەقیقی کاری دەکرد.

باڵنجێکی مەخمەری سووری لێبوو چەند دەرزیلەیەکی بن شووشەیی رەنگاورەنگ لەم لا و ئەولای قایم کرابوون. حاجەت و کەل و پەلی کێشت خانەکە ساکار و پرژوو بڵاو بوو: سێ کورسیلەی نزم و لە بار و جوان بوو، بە پاڵپشتی و پێچکەی کەوانییەوە لەگەڵ رووپۆشێکی حەسیری، مێزێکی داخیلەدار لە داری کاج ئەویش بۆ کورسیلەکان کورت بوو بەڵام بۆئەوە دەبوو کەڵکی لێ وەر بگری.

کێشت خانەیەکی جوان نین: جێگا و رێگای باشی هەبوو هاوینان بەر لەوەی ناچاربین ئاگری پاییزی هەڵ بکەین، دانیشتن لەسەر تەختە

بەردی فێنکی کوچکاور لە دوواروژەکانی هاویندا لە بەر درگای ئاوالا کەیف و سەفای لەلابوو. زستانیش بە ئاگرەکە گەرم دەبووینەوە زۆربەی کاتیش ئەگەر چاوەدێری پاشماوەی ئاگرەکە بای، هەتا بەیانی گەرمایەکی دەما. ئەوکاتەی گڕەکە لە سۆباکەدا سەمای دەکرد، بۆمان ببوو بە عادت سەیری سێبەرەکەی خۆمان بکەین بە سەر دیوارەکەوە، گڕەکە بەرز و نەوی دەبۆوە، تاوێک لە سەرە خۆ دوواتر بە هەڵبەز دابەزێکی سەرنج راکێشەوە. کاتێک کە زۆر چکولە بووم لە بیرمە زۆر لە سێبەر دەترسام؛ لە فکری گەورەیی ترسەکانم لەوکاتانەدا ئێستاش ترس و لەرز دام دەگرێ.

چیدی خانووەکە پێویست بە پێداهەڵگوتن ناکا. زۆر باش بوو. دوو وەتاغی دیکەشی هەبوو، هەڵبەت ئەگەر نێوی وەتاغیان لە سەر دانێم تەنیا لە بەر ئەوەیە هەر لە وەتاغ دەچوون بۆ ئەوە دەبوو گوزەرانیان تێیدا بکرێ. تەویلەیەکیشی هەبوو، هەرچەندە ناشزانم ئەو ناوەمان بۆ چی بە سەردا بڕیبوو، لە راستیدا بە تاڵ و هەتاڵ بوو خەریک بوو دەڕووخا. یەکێ لەو ژوورانە لە ئاخریدا بوو بە دیوی خەوتنی من و هاوسەرەکەم.

بابم هەمیشە لە وەتاغەکەی دیکە دەخەوت، هەتاکوو ئەو کاتەی خودا- یان دوورنییە شەیتان لێی نزیک بۆوە و لەگەڵ خۆی بردی ئێتر لەمە بەولاوە چۆڵ و هۆڵ مابۆوە. لە پێشدا لەبەر ئەوەی کەسێک نەبوو تێیدا بخەوێ، ئەگەریش حەوەجێمان پێی کەوتبا، هەر کێشت خانەکەمان بەباش دەزانی. نەک لە بەر ئەوەی رووناکتر بوو بەڵکوو هۆیەکەی ئەوە بوو، ئەوێ گەرمتر و خەوی خوشتر بوو. یانی جار و بارە کە خوشکم دەهاتە سەردانمان، لەوێ دەنووست لە راستیدا وەتاغەکان خاوێن و خۆش نشین نەبوون. بەڵام هۆیەکیش نەبوو بۆ گلەیی و گازندە. بۆ



مداراکردن دەبوو، راستییەکەش هەرئەوەیە، لە بەرامبەر سەرما و سەخڵەتی رۆژی جەژنی مەسیح پەنایەکی باش بوو، هیوایەک بوو بۆ رۆژە گەرم و سەبوو ناوییەکەی چلەی هاوین. ئینسانی رازی دەکرد. تاریک و شێدار بوو. دیوارەکانی بۆنی کەلاکی ئەو ئاژەڵانەی دەدا کە لەمندارە مانگدا دەرو دەشتی پڕ دەکرد. هەر ئەو کەلاکانەی کرم تێیان دەدا و قەل و داڵ لێی کۆدەبنەوە.... زۆر سەیرە، بەڵام ئەگەر هەر بە منداڵی لەو شوێنە پیسە خۆم دەپاراست. دڵەڕاوکەی مردن دەستبەردارم نەدەبوو. لە بیرمە سەفەرێکم کردبوو بۆ ناوەندی هەرێمەکە. بۆ ئەوەی لەمەڕ خزمەتی سەربازییەوە شتێکم لێ حاڵی بێ. ئەو رۆژە زۆر بە ناخۆشی رابرد. دەتگوت وڕوکاسم. وەکوو سەگ کلکم لەگەڵۆزم نابوو. کاتێک لە میوانخانە لەسەر تەختەکە راکشام، پاتۆلە مەخمەرەکەم داکەند و پشویەکم هاتەوە بەر ئێتر هەستم بە حەسانەوە کرد. خوێن لە دەمارەکانمدا دەستی کرد بە گەڕان و دڵم لە سەرەخۆ لێی دەدا. سەرینەکەم وەلا نا، سەرم کردە سەر پاتۆڵە ئوتوکڕاوەکەم و ئەو شەوە بێ خەم سەرم ناوە. لە تەویلەکەدا گوێدرێژێکی چووکەی خەمگین مان راگرتبوو لاواز و شان و مل بریندار، ئای روژێک بارمان بێ دەکێشا ئەو کاتەی شانس و نسیب هاورێمان بوو- هەرچەندە ئەوە بەختی ئێمە نەبوو- جووتێک [بەرازمان راگرتبوو] (لەگەڵ داوای لێبوردن) یان سێ سەر بوون — لە پشت ماڵەکەمان شتێکی وەک ئاغڵیان هەبوو. زۆریش گەورە نەبوو. باش بوو ئەویش کاری خۆی دەکرد. چاڵاوێکی لێبوو، جار و بارە ناچار دەبووم سەری بنێمەوە چوونکە ئاوەکەی پیس بوو.

لە پشت ئاغەڵەکە گۆلاوێک هەبوو، جارجار کەم ئاوبوو، قەت وانەبوو پڕ بێ، هەمیشە بۆگەن و بۆسار وەک نێو ماڵی [دۆمان]، بەڵام جار و

باره ئەگەر حەزم لێبایە فێنکی ئێواران دوو سێ مارماسی گۆشتنم دەگرت.

ژنەکەم هەمیشە ئەوە قسەی بوو: مارماسییەکان چەندە قەڵەو و گۆشتنن.

ئەوانیش هەر ئەو خۆراکەیان دەخوارد وا دوون خسۆس نۆشی گیانی دەکرد ـ تەنیا رۆژێک درەنگتر.

لە بەینی خۆمان دابێ، ئەوەی دەیگوت بەڕاستی پیاوی وە پێکەنین دەهێنا. کاتێک کەیفم لە ماسی گرتن بوو وەختەکان سرەوتنیان نەبوو، بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم. تا کوو دەهاتم کەل و پەلەکەم وە خڕ بکەم، تاریک دادەهات. زۆر لە دوورەوە وەکوو کیسەڵێکی پیر، وەکوو مارێکی پاپۆکەی خوارد بێتەوە و لە ترسی گیانی، ئالمەندراخۆ لە نێو تاریکیدا خۆی راکێشا بوو دانە دانە ترووسکەی چراکانی دەهات.

کەسێک لە ئالمەندراخۆ نەیدەزانی یان مەنزووری نەبوو کە وا من دەچمە راوە ماسی، یان هەر ئەوکاتە لە سۆڵەی چراکانی را دەمێنم. یا خۆ بیر لەوە دەکەمەوە خەریکی چ سرت و خورتێکن. مێشکی خۆم بەو شتانەوە ماندوو دەکەم. خەڵکی ئەو شارە هەمیشە پشت دەکەنە راستییەکان، زۆر جاریش بێ خەبەر لەوەی یەک دوو فرسەخ ئەولاتر لەو دەشتەبەرینە، کەسێکی لادێیی دوورنییە لە کاتێکدا شتومەکەکان وەخڕدەکا، قولابی ماسی گرتنەکەی دەبەستێتەوە و زەمبیلە چکۆلە حەسیرییەکەی بە شەش مارماسییەوە هەڵدەگرێ و بیریان لێ دەکاتەوە لەگەڵ ئەوەشدا قەت سەبارەت بە ماسیگری بۆکات رابواردنی پیاوان بیرم لێ نەکردۆتەوە، هەمیشە وام بە چاک زانیوە لەکاتی بێکاری و دەست بەتاڵیدا خەریکی راو و شکاربم. لەو دێیەدا بە راوچییەکی باشیان دەناسیم و نێوبانگم هەبوو. خۆ ئەگەر لە رووم هەڵبێ، بە راستی باسی



خۆم بکەم، ئەوکەسەی دەنگۆکەی بڵاو کردبۆوە هەڵەی نەکردبوو. تولە سەگێکی راویم هەبوو بە ناوی چیسپا[7] مێو بوو. نیوە ماڵی و نیوە وەحشی بوو. نێوانمان زۆر خۆش بوو. زۆربەی بەیانان بەیەکەوە رووامان دەکردە ئەو ئەستێرەی وا فرسەخ و نیوێک لە گوندەکە دوور و. لە سەر سنووری وڵاتی پرتەقاڵ بوو، قەت وانەبوو دەست بەتاڵ بەرەو ماڵ بێمەوە. لەکاتی گەڕانەوەدا تولە بۆر فێر ببوو لە پێش منەوە بڕوا و لە سەری چوار رێکان ماتڵم بێت. تاتە بەردێکی رێک و لەباری لێبوو ئەوەندە جوان هەڵکەوتبوو هەر دەتگوت کورسیلەیە، زورباشم لە بیرە گەلێک کەس هەن هەمیشە تاریفی دەکەن، یان ئەو کەسانەی بە چاکم ناسیون. تاتە بەردێکی پان و نەختێک بە قوڵدا چوو بوو، کاتێک [دوور لە رووتان] ئاسوودە بووم پێم خۆش نەبوو لە سەری هەستم. ماوەیەکی باش لە سەر چوارڕێیانەکە دادەنیشتم، بۆ خۆم فیتووم لێ دەدا، تفەنگەکەم دەنا نێوان شلکەی هەر دوو ڕانمەوە و لە دەر و دەشتم دەڕوانی و مژم لە سیگارەکەم دەدا. تووڵەکەش لە بەر پێمدا هەڵدەتووتەکا، سەری دەکردە سەر هەر دوو دەستی و سەری بە لایەکدا دەخست بەو چاوە زیت و قاوەییانەی لە چڕوچاوی من رادەما. منیش دەمدوواند و ئەویش گوێ قولاغ دەما، دەتگوت گەرەکیەتی لە قسەکانم تێبگا. کاتێکیش من مات و بێ دەنگ دەبووم ئەو هەل و دەرفەتەی دەقۆستەوە و نەختێک بە دەور و پشتمدا رای دەکرد و کوللەی ڕپێ دەنا، یان وەڕەزی خۆی بە سەر دەبرد. وەختێکیش دەمانویست بڕۆین بە هۆیەکەوە ئاورێکم لە بەردەکە دەدایەوە، وەک ئەوەی ماڵ ئاواییم لێکردبێ.

7- Chispa.

رۆژێکیان وادیار بوو بەردەکە لە رۆیشتنی من دڵتەنگبێ نەمتوانی بیکەمە زۆرە ملی و نەگەڕێمەوە و لە سەری دانەنیشم. سەگەکەشم لەگەڵ من گەڕایەوە لە سەر جێگاکەی خۆی هەڵتووتەکا و چاوی لەچاوم بڕی. تازە لێی حاڵی بووم کە چاوەکانی وەکوو چاوی قەشەیەک وابوو ئەو کاتەی گوێی بۆ راستییەک رادەدێری، هەر بەڕاستی وەک ئەوانەی راستی بە کەسێک دەدرکێنن. هێدی و لە سەرە خۆ پێدا دەچنەوە. دوو چاوی زیت و تیژی هەبوو لەو تولانە بوو کە لە راو و شکاردا چوست و چالاک و بە ناوبانگن بە گوێ رەش....

لە پڕ داچڵەکیم، تەزوویەک لە سەرمەوە هات و لە بەری پێم چووە دەرێ ئاگری سیگارەکەم کوژابۆوە تفەنگە راوییەکەم لە بەینی هەر دوو رانمدا راگرتبوو، خەریک بووم دەستم پێدا دەهێنا. سەگەکەش چاوی لە چاوم بڕیبوو، دەتگوت بە عومری خۆی نەیدیتووم، یان بڵێین خەریکە تاوانێکی گەورەم بخاتە ئەستۆ، لەو تێرامان و سەیرکردنەی سەرم سوورِ مابوو، خوێن لە دەمارەکانمدا شەپۆلی دەدا. ئیتر وای تێگەیشتم لەوانەیە لە بەرامبەریدا بە چۆکدا بێم. هەوا گەرم بوو، گەرمایەکی تاقەت پڕووکێن، من خۆم بۆ رانەگیرا و چاوەکانی من تاقەتی چاوی تیژی ئەو بەستەزمانەیان نەهێنا، وابوو پێلووم لەسەر یەک دانا. تفەنگەکەم دەست دایە و تەقاندم. هەمدیسان فیشەکێکی دیکەم تێخستەوە و تەقاندم. خوێنی خەست و رەشی سەگ بە سەر عەرزەکەدا پژا.

ئەگەر راستتان دەوێ بیرەوەری منداڵیم زۆر بە تام و خوێی نییە. بابم ناوی ئیستبان دووئارتەدینیس[٨] بوو، خەڵکی پرتەقاڵ بوو. کاتێک من منداڵ بووم، ئەوتەمەنی لە چل ساڵی بازی دابوو، باڵابەرز و بەقەت لادیواریک دەبوو.

8- Esteban Duarte Diniz



پێستێکی تاو سووتی هەبوو، سمێڵی رەش و پڕی پڕبە قولی مست دەبوو بە سەر لچیدا شۆڕ ببۆوە. دەیانگوت هەتا جوان و جحێڵ بوو، سمێڵە چەنگیزییەکەی هەتا بناگوێی دەهات. بەڵام لە دووای ئەو ماوەیەی لە بەندا بوو ئەوکەیف و خۆشییەی تەواو بوو، وزە و سمێڵ تا رۆژی مردن هەر شۆڕ و بەرەو گۆێ بوون. زۆرم رێز لێدەگرت، بەڵام زۆری لێدەترسام. هەرکات دەرفەتم هێنابا بۆی دەرباز دەبووم و خۆم دەشاردەوە، حەولم دەدا لە پێش چاوی دووربم. کەم دۆ و مەجلیس وشک بوو. قسەی کەسی بە گوێدا نەدەچوو. ئەوەش نەخۆشییێکە تووشی منیش هاتووە. چوونکە بەرژەوەندی من لەوە دایە، کاتێک تووڕە دەبوو، زۆرکەم وابوو پێش بێ، بە شەق و دار لە دایکم بەر دەبوو، لە سەر شتێکی چکۆلە بەهانەی دەگرت و تێر و پڕی دەکوتاین. دایکیشم هەتا ئەو جێیەی بۆیی دەلوا حەولی دەدا دەست بکاتەوە، هەر بۆ ئەوەی بابم ئەو عادەتە خاوێنەی تەرک بکات. بەڵام بەو تەمەنە کەمەوە هەر دەبوو وەک ئەسیری جەنگی هەر دوودەستم بنابایەتە سەر سەرم. لەشی منداڵێک وەک پەڕی گوڵ وایە قەت نەمویستووە لە دایک و بابم بپرسم بۆچی و لە سەر چی لە بەند و زینداندا بوون، وا دیار بوو هەر دیزە بە دەر خۆنەی بکەم باشە. پۆلووی ژێر خۆەڵمێش بۆ بگەشێتەوە؟ بەتایبەت رۆژێک بۆ خۆی خەبەری دەبێتەوە، هەر پێویستی بە پرسین نەبوو، دەزانم هەمیشە مرۆڤی خێرۆمەند هەڵدەکەوێ، لەو شارۆچکەدا لە رادەی خۆی زێدەترە خەڵکێکی فرە ئامادەن بۆ دەمشڕێ. بە هۆی کار و باری قاچاخەوە لەکونەڕەش کرابوو. وا دەردەکەوت لە مێژ بوو ئەوە کاری بوو، وەک دەڵێن [ئەوەی سنگ دەخوا، روژێک سنگ دەکوتێ] وەک ئەوە وایە ئەوەی بیهەوێ [ماسی بگرێ دەبێ بە تەمای قوون تەڕ بوونیش بێ.] رۆژێک پاسەوانانی سەر سنوور بێ ئەوەی ئەو بەخۆی

بزانی شکی تێدەکەن، چوونکە باوەڕی زۆر بە خۆ بوون دوژمنی پیاوی زیرەکە ـ کەوتنە شوێنی. سەریان لە نیازی دەرهێنا و قۆڵ بەستیان کرد و خستیانە زیندانەوە. ئەو رووداوە بۆ زۆر پێشتر دەگەڕێتەوە، چوونکە شتێکم لەو حەلە لەبیر نەماوە. نازانم رەنگبێ هەر لە دایکیش نەبووبێتم. دایکم لەگەڵ بابم جیاوازی زۆر بوو، هەر لە چاو ئەو کێش و قورسی نەبوو، هەر چەند بەژن زراڤ بوو. زۆر کەڵەگەت و تێکڕووخاو بوو. قەت وێ نەدەچو لەشساغ بێ. زەردەڵ و سیس و لاواز چاوی بە قووڵدا چوو بوو وەک ئەو کەسانەی نەخۆشی دەردە باریکە دەگرن (سیل)، یان لەو چەشنە ئازارانە. دایمە بێ واز و تووڕە و تۆسن بوو، لە هیچ و خۆڕاییی شەڕ و هەرای وەڕێ دەخست. شتی وای بە دەمدا دەهات مەگەر هەر خودا بیبەخشێ. لە وەخت و بێوەختدا کفری دەکرد. هەمیشەش جل و بەرگی رەش و تاریکی لە بەر دەکرد، لەگەڵ ئاو و پاک و خاوێنی نێوانی خۆش نەبوو، ئەوەندە قینی لە ئاو بوو، ئەگەر راستت دەوێ هەتا ئەو رۆژەی عومری درێژی دابە ئێوە تەنیا جارێک دیتم خۆی بشۆرێ، ئەوەش ئەو کاتە بوو بابم پێی گوت ئاڵکۆلی، جابۆ ئەوەی بە باوکم بسەلمێنێ لە شەڕاب زیاتر دەترسێ هەتاکوو ئاو، ئەوکارەی کرد، بەڵام ئەوەی هەبوو هیچ کات وا نەبوو رووی لە شەڕاب وەرگێڕێ. هەتاکوو دووتمەنی وەدەست کەوتبا، یان دەستی بە گیرفانی مێردەکەیدا کردبا خێرایەکی منی دەنارد بەڵکوو چۆڕە مەیەکی لە شەڕابفرۆشەکە بۆ بێنم و ئەویش لە بابمی دەشاردەوە و لە ژێر تەختی خەوتنەکەدا حەشاری دەدا، بۆ ئەوەی چاک بزانی بە قەولی کۆن سمێڵی گووگرەبیوو! پرچەکەشی لە پشت سەرییەوە توند دەبەست. دەورووبەری لچولێوی شوێنی چەند دانە کۆنە برینی پێوە دیار بوو، ئەو جێگا زیپکانە کە هەر وەک شوینی هاوڵە دەچوون هەرئەو زیپکەیە



بوو هەموو کەسێک لە دەورانی لاویدا دەری دەکا. زۆر جار لە هاویندا سەر هەڵدەدەن و چڵک و کێمیان لێ دێ، لە پایزدا وشک دەبن و زستانیش بە قووڵدا دەچن.

دایک و بابم بە هیچ شێوەیەک پێک نەدەهاتن، گەلێک ناکۆک بوون، قەت زمانیان بە چاک نەدەگەڕا، دەیان توانی تەسلیمی چارەنووسی خۆیان بن. تەواوی ئاکار و عەیبیان بە بەژنی منی کلۆڵ بڕاوە، بە چەشنێک دروست نەکرابوون رێوشوێنێکی باش بۆ خۆیان پیشە بکەن، ئەوەندە ئاوەزیان کاڵ و نەفسیان بێ رەشمە نەبێ، چەقە و هەرا و بەزمی ئەوان کۆتایی نەدەهات و ئاخریش دیار نەبوو کار بە کوێ دەگا.

بەڕاستی منیش خۆم لە هیچ لایەک نەدەگەیاند و لایەنگری هیچیانم نەدەکرد. بۆ من فەرقی نەبوو کامیان شەل و کوت دەبن. جارێک بە کەوتن و بەزینی دایکم کەیفم ساز دەبوو تاوێکیش بە وەبن کەوتنی بابم. بەڵام قەت داوایان لێ نەکردم بە قازانجی یەکییان دەنگ بدەم (رای).

دایکم سەوادی خوێندن و نووسینی نەبوو. بابم هەیبوو، هەر بۆیە هەتا دایکم دەهات قسە بکا خێرا سەرکوێری دەکرد. بە زۆربەی کات، جاری وا هەبوو هیچ شتێک لە بەیندا نەبوو، بە گەمژە و نەفام بانگی دایکمی دەکرد، هەر بەو وشەیە ئەویش لە دین دەردەچوو شێت و هار دەبوو. وەکوو مار دەی هووشاند. زۆر جار ئێواران بابم رۆژنامەیەکی دەنا بن هەنگڵی و بەرەو ماڵ دەبۆوە، جا با پێمان خۆشبا یان ناخۆش هەردووکمانی لە مەدبەخەکە، دادەنا و خەبەر و باسی نێو رۆژنامەکەی بۆ دەخوێندینەوە. دواتریش نۆرە دەگەیشتە بیروڕادەربرین، هەرکە دەست پێدەکرا، منیش وەک مێژۆکە دەلەرزیم، لە بەر ئەوەی سەرەتای شەڕ لێرەوە دەستی پێ دەکرد. بۆ ئەوەی دایکم قامک بە پەلەپیتکەوە

بنێ دەیگوت: ئەو ڕۆژنامەیە هیچی وای تێدانییە بە گوێرەی قسەکانی من بکا، هەرچی وتوویەتی تورەهات و لە خۆڕایە ئیتر ئەو قسەیە بابمی هان دەدا بۆ شەر و بەرخۆدان.

وەکوو شێت و هار دەینەڕاند و پێی دەگوت: مەیموونە پیرە. هەمیشە لە کۆتایی قسەکانیدا دەینەڕاند. هەر وەکوو لە دەنگ و باسی نێو ڕۆژنامەکە لێزان بوو، بۆ ژن هێنانیش ئاوا زانا بایە قەت لەگەڵ ئەو ژنەدا زەماوەندی نەدەکرد. ئێستا کە تازە شەڕ و هەرا دەستی پێ کردبوو، دایکم پێی دەگوت پیرە مەیموونی کوڵکنە، یان پرتەقاڵی گەمژە. بابیشم تەنیا لە سەر ئەو کەلیمەیە مەحتەل بوو، هەتا بە باشی دارکاری بکا. جاران لەوانە بوو منیش سێ چوار دارم بەر بکەوێ بەڵام ئێستا خۆم لەو شەڕ و هەڵڵایە بە دوور دەگرم و تەنیا سەیریان دەکەم، کاری چاکیش هەر بە ئەوە دەڵێن. باشتر وایە هەر زرمە و هەرایان بێ!

راستی ئەوەیە ژیان لە ماڵی ئێمەدا تاریفاتێکی نەبوو. بەڵام چوونکە کەسمان دەسەڵاتێکی نییە ڕۆژی بەرێ وامان لە نێو چاوان نووسراوە. ڕەنگبێ پیش لەدایک بوونمان هەر کەسەی ملی ڕێی خۆی بگرێتە بەر، زۆرم حەولدا هەتاکوو ئەو چارەنووسە قەبووڵ بکەم، تەنیا لەو ڕێگەوە دەمتوانی دووربم لە خەم و خەفەت. کاتێک فرە لاو بووم، کەتەمەن شتێکە مرۆڤ بەساکاری بیر و هۆشی ئاڵ و گۆڕ دەکا، ماوەیەکی کورت وەبەر خوێندنیان نام. بابم دەیگوت گێرە و کێشەی ژیان یەکجار تاقەت پرووکێنە، پێویستە تەنیا بە ئەسلەحەی چاک دەگەڵی ڕووبەڕوو ببی، ئەو ئەسلەحەیەش ئاوەزە. ئەوەندە ئەو ئامۆژگارییەی دووپاتە دەکردەوە ببوو بە وێردی سەر زمانی. لەوکاتانەدا کە قسەی دەکرد ڕق و تووڕەیی دەنیشتەوە، دەم و راوێژی پتەو و لە سەر منیش کاری دەکرد، بەلامەوە شتێکی تازە بوو دوواتر، وەک ئەوەی لە وتەی خۆی



پاش گەز بووبێتەوە بە دەنگێکی بەرز قاقای دەکێشا. زۆر جاریش لە ئاخری قسەکانیدا بە هێمنی پێی دەگوتم: ڕۆڵە گیان قسەکانم بە هێند مەگرە... من خەریکم پیردەبم! ماوەیەک دەچوو دەفکرەوە و هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و قسەکەی دووپاتە دەکردەوە: خەریکە پیردەبم... پیردەبم!

چوونی من بۆ قوتابخانە هەر بەینێک بوو. بابم هەر وەکوو لە نێو خۆیدا گرژ و مۆن و تووڕە و بێ تاقەت بوو، هەرواش لە زۆربەی کار و ئیشەکانیدا لاواز و بێ دەسەڵات بوو. بە باشی دەر دەکەوت توانایی هیچ کارێکی نەبوو، تەنیا خۆی لە کاری هیچەکە و پووچەکە هەڵ دەقوتاند، جا لە ترساندا بوایە یان لە بەر هۆیەکی تر، زۆر بە کەمی قەرەی کاری پیاوانە دەکەوت. دایکم پێی خۆش نەبوو. بچم بۆ قوتابخانە، هەتاکوو دەرفەتی دەست دەکەوت زۆر جاریش سواری کەری شەیتان دەبوو پێی دەگوتم، خوێندن وەختێک بەرژەوەندی باشی بۆئینسان نەبێ، بە تووڕێک! قسەکانی بە کەیفی من بوون، چوونکە قوتابخانە ببوو بە دێو و درنج، بە یارمەتی دایکم و بە گوێرەی زەمان بابم رازی بوو دەست لە خوێدن هەڵبگرم.

هەتاکوو ئێرە فێری خوێندنەوە و نووسین ببووم، سەرم لە حە ساو و ریبازی دەردێنا، ئیتر بە چاکی دەمتوانی بەرەی خۆم لە قوڕ دەربێنم وەختێک دەستم لە خوێندن کێشاوە دوازدە ساڵانە بووم، بەڵام باش وایە بە خێرایی چیرۆکی ژیانی خۆم نەگێڕمەوە. لە بەر ئەوەی هەر شتەی میزانی خۆی هەیە، جا کە وابوو پیاو هەر چەندێک بە پەلە بێ، ئاخری بە وەختی خۆی هەرپێی دەگا.

هێشتا زۆر منداڵ بووم خوشکە چکۆلەکەم ڕۆساریۆ[9] لەدایک بوو ئیدی هەر لەو ڕۆژەوە بیرەوەرییەکانم مژاوی و تێکەڵ پێکەڵ بوون،

9- Rosario

ئیتر نازانم هەتا کوێ مێشکم کاردەکا و حافیزەم تەواوە، بەڵام حەول دەدەم هەتا ئەو جێگایەی شتەکان روویان داوە و لە بیرم ماوە بیگێڕمەوە. خۆ ئەگەر گێڕانەوەکەم کەمێکیش دوور لە راستی بێ، دیسانیش هەر چییەک کە بیرۆکە و ئاوەزی ئێوە هەڵی بگرێ رووڕاستترە. لە بیرم دێ ئەو دوانیوەڕۆیەی وا روساریۆ لە دایک بوو، هەوا گەرم و ناخۆش بوو. نیوەڕاستی مانگی هاوین بوو. کێڵگە و مەزراکان وشک و کاتۆر بوون سیسرکەکان بەو دەنگە زیقەیان دەتگوت خەریکن مێشکی ئێمە و پێشەی زەوی کونا و دیو دەکەن. حەیوان و ئینسان لە ترسی گەرما خۆی دەنا پەنا و پەسیوی فێنک و بەر سێبەران توند کردبوو. هەتا ئاسمان بوو، سەردار و سەروەری بەرز و نەوی تیشکی خۆی دەپژاندە سەر هەموو شتەکان و دەی برژاند و دەی تاواندنەوە....

هەرکات دایکم بە منداڵەوە دەبوو، زۆری ئازار دەدەیت. واش نەبوو زگی بەرچاوی بگرێ. زۆرکەم دیاری دەدا، ئازار و ژان ئۆقرەی لێ هەڵگرتبوو. بەڕاستی ئەو ژنە هەناسە ساردە قەت سەری بە فەڕزی خودادا نەدابوو قەت وا نەبوو لە خەڵوەتی خۆیدا ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ، ئەوەندەی من بیزانم، هەرگیر و گرفتێکی بە قیژە و هەرا جێبەجێ دەکرد لە ماوەی بەرەژانی رۆساریۆدا هەر قیژاند بووی و هاواری کردبوو لە چارەڕەشی ئەو، منداڵ بوونەکەی هەروادرێژەی دەکێشا. مەسەلێکی مەنشوور هەیە دەڵێ: ئەو ژنانەی وا پشت لێویان بۆرە، یانی سمێڵیان هەیە، درەنگ لە منداڵ بوون دەبنەوە... (لە بەر رێزی ئەو کەسەی وا چەند پەڕاوێک بۆ بە رێزیان نووسراوە، ئەو بەشەی دیکەی باس ناکەم) .



مامانێک لە گوندێک بە ناوی سنیورائینگراسیا[١٠] لە «کێو» ەکەی ئەو بەرمانەوە هات بۆ لای دایکم، کارزانی منداڵ بوون و مردن و شۆردنی منداڵان بوو. چەشنک چاو بەستو جادووگەر بوو، خاوەنی فێڵ و دەهۆ پرێسکەیەکی دەرمانی پڕو. پیرەژنان دەگەڵ خۆی هێنا بوو لەزگی دایکمی هەڵدە سوو، بۆ ئەوەی ژانەکەی دابەزێ و کەم بێتەوە. بەڵام ئەو دەوا و دەرمانانە بێ سوود بوون، دایکم بەکەیفی خۆی دەیقیژاند،

سنیورائینگراسیا هەر ئەوەی بە مێشکدا هات بە دایکم بڵێ لادین و خاچ پەرست، باوەڕکز، لەو جۆرە شتانە، دایکم هەرئەوەندە خۆش بوو گوێی لەو قسانە بوو هەتا خودا هێزی پێدابوو قیژاندی، لەپڕ بیرم کردەوە نەکا دایکم بە جێگای ئەوەی بەژانی منداڵ بوونەوە بێ ژانی بێ ئارامی و سەر لێ شێواوییەوە یە. بەڵام زۆری پێ نەچوو بە دووای ئەو قیژە و نەڕاندنەدا خوشکم لە دایک بوو. بابم بۆ ماوەیەک هەر چێشتخانەکەی شەقاو دەکرد. هەرکە رۆساریۆ هاتە دنیاوە، بابم چووە پەنا تەختەکەی دایکم و پێی گوت: ژنە تیوەی کەم فامی هیچ و پووچ بە پشتێنە قایشەکەی لێدانێکی لێدا ئێستاش زۆرم پێ سەیرە بۆچی دەست بە جێ نەمرد. لەپاش لێدانەکە، وەدەرکەوت و هەتا دوو رۆژ سەری بە ماڵێدا نەکردەوە. کاتێکیش گەڕایەوە شەش دانگ مەست بوو. بەلارەوە لارەوە خۆی گەیاندە تەختەکەی دایکم و ماچی کرد. دایکیشم خۆی بۆ شل کرد. ئیتر رۆیی خۆی بە تەویلەکەدا کرد.

لانکەیەکیان بۆ رۆساریۆ رازاندەوە، دۆشەکی نەرم و گەرم بەرو دەسترازەی جوان و سەرلانکەی گوڵدار، لە پەناتەختی دایکم دایاننا. جێگای ئەوەندە رێک و پێک بوو بەخیلیم پێی دەبرد بەڵام جار جارەش ترسم بوو نەکا لە نێو ئەو بێشکەیدا رۆژێک سەردەمەکەی بکەوێتە سەر

10- Engracia.

دەمی و خەفە بێت و بخنکێ، نازانم بۆچی وام بیر دەکردەوە، پێشتر وام دەزانی هەموو ساواکان وەکوو چۆڕی شیر سپین. بەڵام کاتێک دیتم ئەو زەڕنە قووتەی خوشکم دەڵێی قرژاڵە لە رۆندا سوور کراوەتەوە ئیتر هەموو منداڵێکم لە بەر چاوکەوت. دەتگوت بەچکە پاسارییە، سەری وردە تووکی دەرهێنابوو دەست و پەنجەی شووشووشوو باریک بوو هەر لە چنگی باڵندەی درِ دەچوو، و ختێک سەیرت دەکرد موچرکت پێدا دەهات. لە دووای چەند رۆژ مەلۆتکە کراوی رۆژێک کە خەریکی خاوێن کردنەوەی بوون تەماشام کرد، پێم شتێکی یەکجار سەیر بوو، ئیتر وەک ئەوەڵ کەرەت بێزم لێ نەدەکرد لە چاو رۆژی بەرێ فەرقی زۆر بوو هەرچەندە هێشتا چاوی هەڵنەهێنابوو، بەڵام خەریک بوو پێڵووی دەبزواند. بۆ ئەوەی چاوی بکاتەوە. دەستەکانیشی دەتگوت حەساونەتەوە.

سنیورائینگراسیا بە ئاوی شێلە و گەرم جوان شۆردی.

سنیورائینگراسیا هەرکەسێ بوو کەیفی خۆیەتی بەڕاستی دۆستی چارەڕەشان و لێقەوماوان بوو، دیسان منداڵەکەی بە پەڕۆ خاوێنەکان مەلۆتکە کرد، پەڕۆ پیسەکانی لەو لاوە دانا بۆ شۆڕدن، ساواکەش کە پاک و خاوێن بۆوە خرپ خەوی لێ کەوت. ئەو بە جوانی پرخەی خەوی دەهات کەس بڕوای نەدەکرد، منداڵی شیرەخۆرە لەو ماڵەدا هەیە. بابم چوارمشقی لە وەتاغەکەدا دادەنیشت و پاڵی بە سندووقە چکۆلەکەوە دەدا، هەروەک سنیورائینگراسیا گوتەنی بە ئەشق و ئەلاقەوە سەیری کچەکەی دەکرد، پتر لە چەند کاتژمێر، بە چەشنێک کە من لە بیرم دەچۆوە ئەوە باوکە توورە و لاسارەکەی منە. تاو تاویش هەڵدەستا و بۆ ماوەیەک بە نێو ئاواییدا پیاسەی دەکرد. ئێمە ئیتر کە بەتەمای هاتنەوەی نەدەبووین، لە پڕ وەژوور دەکەوت سەرلە نوێ



دەهاتەوە و لە پەنا سندووقەکە دادەنیشت. زۆر ئارام و بێ دەنگم دەهاتە بەر چاو، ئەوەندە بە ئارامی دەیڕوانی، ئەگەر کەسێک سەیری بکردایە و پێشتر نەی ناسیبا، وای دەزانی ئەوە یەکێ لەو سێ کەسە ژیر و زیرەکەیە وا لە پەنا بێشکەی مەسیح راوەستاون.

رۆساریۆ لە نێو ئێمەدا گەورە بوو، نەخۆش و زەردەڵ، دایکیشم تەڕایی لە مەمکیدا نەبوو، هەتاکوو بیمژێ!

هەوەڵ ساڵی ئەوەندە بە دژواری تێپەڕاند، بۆ باسکردن نابێ، زۆری نەمابوو بۆ هەمیشە بەجێمان بهێڵێ.

بابم وەختێک دەیزانی ئەو منداڵە بەستەزمانە هەروا لە عەرزی دایە، بەدڵ بۆیی دەگریا و خەفەتی دەخوارد.

ئەوکە هەر گیروگرفتێکی بۆ پێش هاتبا، بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەک بە بێ سێ و دوو لێکردن، خۆی دەگەیاندە کووپە شەڕابەکە و تا دەگەیشتە بینەقاقای دەی خواردەوە لەگەڵ دایکم ئەوەندە بە کارە ناحەزەکانی قەڵس بووین، هەر ئەوڕۆ خۆزگەمان بە دوێنێ دەخواست. رۆژ لە دووای رۆژ مێشکی ژەنگی هەڵدەهێنا و زیاتر خراپ دەبوو.

کاری مرۆڤەکان یەکجار سەیر و سەمەرەن. مرۆڤ بە هیچ رازی نییە لەو شتە بێزارە کەهەیەتی، کەچی لە دووای ماوەیەک هەر بۆ ئەو شتانە بە داخەوەیە و بۆیان بە پەرۆشە! دایکم خراپتر لە پێش منداڵ بوونی قەڵەو و تێکسمڕاو بوو، رۆژ نەبوو بابم دەستێک داری لێ نەدا، هەر چەند من سووک و سانا وەگیر بابم نەدەکەوتم، بەڵام هەروەخت دەکەوتمە بەر چنگی حیسابی یەک دوو شووڵی تێدا دەشکاندم، (دوور لە رووتان) وای لێ دەکردم زۆر جار خوینم دادەنا، ئەوەندە پیسی لێدەدام، دەتگوت بە داغ پێیانەوە ناوم.

وردە وردە، ساواکە بە خۆی داهات و قەڵەو بوو.

به گوێی دایکمیان هەڵێنابوو، چۆڕێکی شەڕابی سوور بداتێ رۆساریۆ سروشتێکی ساغی هەبوو، رۆژگار تێدەپەڕێ و ئەویش درەنگ پێی هەڵگرت و هەستا سەرپێ، هێشتا ساوا بوو دەستی کرد بە گروگاڵ؛ ئەوندە بە جوانی قسەی دەکرد، دڵێک و سەد دڵ ئاشقی دەبوو.

رۆژگاری منداڵی هەر ئەوەیە، زوو تێپەڕ دەبێ. رۆساریۆ گەورە بوو، دەکرێ بڵێین بۆ خۆی گەورە کچێک بوو، کاتێک لێی ورد دەبوویەوە، دەتگوت مارمێلکە دێت و دەچێ. لە راستیدا کەس لە بنەماڵەی ئێمە ئەو هۆش و گۆشەی نەبوو کەڵکی تایبەت لە مێشکی وەربگرێ. بەڵام ئەو کچۆڵە هەر خێرا بوو بە بلیەت و خاوەنی ئاوەزی تایبەت. ئیتر وای لێهات گاڵتەی بە ئەقڵی ئێمەمانان دەهات.

خۆ ئەگەر ئەو خووە باشەی هەر وا دەمایەوە ئاخری رۆژێک فەرزانەیەکی هەڵکەوتەی لێدەکەوتەوە، بەڵام چوونکە وا دیار بوو خودا نەیدەویست هیچ کەسمان ژیر و عاقڵ بین، لاڕێ بوو، زۆر زوو بۆمان دەرکەوت ئەگەر نەفام نییە، حەیفە کە نییە؛ چوونکە خۆی لە هەرکارێک هەڵ دەقوتاند هیچیشیان بە خێر و سڵامەت نەبوون.

دەستی زۆر پیرەژنی دۆم و چاو بەستی لە پشتەوە بەستبوو هەر لە منداڵییەوە ملی نا لە خواردنەوەی شەراب و ئەلکۆڵ. لە شەڕی ژنانەشدا، کاری ئەو نێوبژی کردن بوو.

کەوا بێ لە بەر ئەوەی کەسێک بە فکری بارهێنانی نەبوو، یان لە زیرەکییەکەی بۆکاری چاک کەڵک وەربگرن، زۆر لە خەراپ خەراپتر بوو، هەتا ئەو رۆژەی کچە تەنیا چواردە ساڵی بوو، برێک شتی بە نرخمان لە کۆنەوە بە میرات بۆ بە جێ مابوو هەڵی گرتن و تروخیو[11]

11- Trujilla.



بگرە و هاتم، یەک سەر بۆ ماڵی ئێلویرا[12] خانم. ئێوە بیری لێ بکەنەوە بە هەڵاتنی رۆساریۆ لە ماڵێ چ بەزم و هەرایە ک ساز بوو. بابم دایکمی بە تاوانبار دەزانی و ئەویش بابم... شەڕ و هەرای دایک و بابم زیاتر بووە هوی هەڵاتن و خۆشاردنەوەی رۆساریۆ.

جاران هەتا خوشکم نەبوو، بابم بە کارەکانی رادەگەیشت.

ئێستا کە دەر نەدەکەوت، هەموو جێگا و رێگایەک بۆ شەڕ و هەڵڵا بە کەیفی ئەو بوو. شتێکی سەیرە، بابم بۆ گەمژەیی و زمانپیسی هاوتای نەبوو تەنیا سەرنجی بەو کچەدەدا ئەوەندە بەس بوو رۆساریو بە سیلەی چاویکەوە بۆیی بڕوانێ و ئارامی بکاتەوە و بیهێنێتەوە سەر رێگا. شەڕی نێوانیان هەر لەبەر بوونی ئەو کچە بوو چەند جارێک وەستا، کێ بوو بیر لەوە بکاتەوە ئاوا کچۆڵەیەکی پیس و نەخۆش بتوانێ دێوێکی وەکوو بابم رام بکات و بیکا بە ئینسان!

پێنج مانگی رەبەق بوو خوشکم لێمان دوور بوو لە تروخێو دەژیا، لە پاش ئەو ماوەیە بە یاووتەبێکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆ ماڵێ. بەوە نەبوو جووڵەی دەهات، تەواو مردبوو، ساڵێکی رەبەق لە سەر رەقی پشت کەوت و لە جێدا بوو. تەب و یاوەکە یەکجار لە زەبر بوو لەو پەڕی پیسیدا، ئەوەندە لە مردن نزیکی کردبۆوە کەوا بابم پێی دادەگرت لە سەری - هەر لە بەر ئەوەی دایمە مەست و جنێو فرۆش بوو، بەڵام خاچپەرستێکی پاک بوو، کاتۆلیکێ بوو وەکوو ئاگر و پووشوو.

زۆری هێنا بوو مەراسیمی بۆبگرن و خۆ ئامادە بکەن بۆ مردن و ناشتنەکەی. وەکوو زۆربەی نەخۆشیینە پیسەکان رۆژی سەد کەڕەت دەمرد و دەژیاوە زۆربەی رۆژ باوەڕت دەکرد روو لە چاکییە، بەڵام شەو دادەهات بۆ ئەوە دەبوو دەستی لێ بشۆری و بڵێی دەمرێ. دایک

12- Elvira.

و بابم دەست بە ئەژنۆوە وەک بارانەی بەهارێ ئەسرین لە چاویان دەباری، منیش لەو رۆژە تاڵانەی رابردووی ژیانم، تەنیا بیرەوەرییەکی خۆشم کە هەبێ، هی ئەو مانگانەیە کە شەق لێدان و هەرای ماڵی ئێمە خەوتبوو، رابوارد.

ئەوەندە لە نارەحەتی دابوون شەڕ و هەرایان لە بیر چووبۆوە!

ژنی جیرانەکان بە نیشانەی خەمخۆری بەهانامانەوە هاتن هەرکەسەو دەرمانێکی بۆ خوشکم هێنابوو. بەڵام ئێمە زیاتر روومان لە سنیورائینگراسیا بوو، هەر لەگەڵ ئەو بوو بۆ دەرمان کردن و چارەسەری وەخۆ کەوتین.

دەوا و دەرمانێک وا ئەو دەستووری دەدا، هەر خودا دەزانێ چەند کۆێرەوەری بە دوواوە بوو. بەڵام چونکە ئێمە هێندە بە دڵ و گیان دەرمانمان دەویست، وا دیار بوو بە باشی کاریگەر بوو. هەر چەندە کار بە شلی دەچووە پێشێ، بەڵام بە خێرایی باش بوونی دەردەکەوت پەندێکی کۆن هەیە دەڵێ: رەگی فریزوو وشک نابێ (هەر چەندە مەبەستم ئەوە نییە کە رۆساریۆ فریزوو بێ) سوێندیش ناخۆم کە ئەو گوڵێکی بۆنخۆش بووە، هەر ئەو دۆکڵێوەی سنیورائینگراسیا بۆی لێ نابوو کاری خۆی کرد، بۆ ئەوە دەبوو لە دوورەوە دانیشین و سەیری رەوتی زەمان بکەین. ئیتر ساغ بۆوە و سەر و زمانی کرایەوە.

تازە چاک ببۆوە و رووناکی کەوتبووە دڵی دایک و بابمەوە تەنیا ئەو خەمخۆرییە بووە هۆی ئەوە بە یەکەوە بحاوێنەوە دیسانیش چەتیوە ماکەرە، کڵاوی لە سەر نایێن، نەختێک پاشەکەوتمان هەبوو دەستی دایە و لەگەڵ خۆی بردی و بۆی دەرباز بوو، ئەمجارە خۆی کرد بە ئالمەندراخۆدا چووە ماڵی نیەوس لامادریلنیا[١٣]، راسییەکەی ئەوەیە

13- Nieves La Madrilena.



بێگومان دەبێ هەر وا بێ هەمیشە خراپترکەس، لە نێرو لە مێو بۆ دەرمانیش بێ نەختێک باشی هەیە، هەر بۆیە رۆساریۆ لە دڵەوە ئێمەی لە بیر نەکردبوو. جاروبارە، لە جەژنی لە دایک بوونی هەرکام لە ئێمە، یان رۆژی جەژنی مەسیح نەختە پووڵێکی بۆ دەناردینەوە. هەر ئەو نەختەش بە کارمان دەهات و بە زگێک تێری دەکردین، ئێمەش ددانمان بە خۆماندا دەگرت، دیار بوو ئەو هەناسە ساردەش لە سەر پووڵ نەدەخەوت گەرچی بە لەبەرچاوگرتنی پێویستییەک کە هەیبوو، خۆی لە چاولێکەری دەپاراست لە رواڵەتدا باوەڕت دەکرد وانییە. لە ئالمەندراخۆ پیاوێک لە داوی ئەو کەوت و بە قوڕدا چووە خوارێ. نەک لە بەر شەرەف و نامووس، کە تا ئەو کاتە داری لە سەر بەردی نەمابوو، بەڵکوو گیرفانی هەڵتەکاند.

ئیتر لە بەر ئەوەبوو، گیرفانی بوو بە لەمپەر لە بەرامبەر کرداری پێشوویدا. ئەو قوڕبەسەرە ناوی پاکۆلوپز[١٤]، بوو، مەنشور بە «شازاد».

ناکرێ حاشا لە جوانی سەر و سەکوتی بکەی، هەر چەندە روانینی بە سەریەکەوە تەواو نەبوو، چوونکە چاوێکی بە شووشە ساغ کرابۆوە، بە جێی ئەو چاوەی کە خودا دەزانێ لە کام شەڕ و هەرا و چەقە و گوڕڕەیەکدا دەرهاتبوو، هەر بۆیە لە کاتی روانیندا، خێڵ دیاری دەدا، روانینی گورگانەی، پیاوی ملهوڕی چاوترسێن دەکرد. باڵابەرز بوو کاکۆڵ زێڕین، رێک و لووس وەک داری بی! ئەو قیت و قنج بەرێدا دەرۆیی، یەکەم کەس کە نێوی «شازاد»ی بە سەردا بڕی، بەڕاستی فرەزان بوو.

14- Paco Lopez.

له دنیادا ئەوەی وەک بەش پێی برابوو جوانی دەموچاوی بووە هۆ ژنان گیرۆدەی بن له پووڵدا خەنییان کردبوو.

ئیتر ئەویش له تەڕ دەیخوارد و له ویشک دەنووست، رەنگبێ چوونکە من نەمتوانی ئاوا بژیم، هەر بۆیە ئەوەندە بە تاڵی باسی ئەوم کرد. بە گوێرەی برێک دەنگۆ لە گۆڕە پانەکانی گابازیدا لە ئاندلۆس فێری گابازی ببوو ئیتر نازانم باوەڕ بکەم یان نا، ئەو پیاوێک بوو تەنیا لەنێو ژناندا، تۆزە غیرەتێکی هەبوو، بەڵام چوونکە ئەو خەڵکە ساویلکەیە، بەتایبەت خوشکم بڕوایان پێی بوو، وەک شا دەی گوزەراند، دیارە ئێوەش دەزانن کە ژنان چەندە عەلاقەیان بە گابازانە و لە بەریان دەمرن.

جارێکیان چووبوومە راوەکەوێ، لە نزیک لۆس خارالۆس[١٥] ـ ملکی دون خسۆس ـ دەخولامەوە، تووشی هاتم. لە ئالمەندراخۆە هاتبوو، بۆ گەشت و سەیران لە دارستانەکەدا.

جل و بەرگی تایبەتی لە بەر دابوو، کۆت و شلواری قاوەیی، کڵاو و دارعەسایەکیش بە دەستەوە، گۆچانەکەی لە حەیزەران بوو ـ سەر و سڵاوێکمان لە یەکدی کرد، ئەو سەگە بەرەڵڵایە کە زانی لە بەر خوشکمە هیچی لێ ناپرسم، ویستی بوەڕێ و شتێک بڵێ. بەڵام من بەردم لە سەر دڵی دانا، هیچم نەگوت، کەزانی بە سەگە خوێڕیشی نازانم، وەختێک ویستم ماڵئاوایی لێ بکەم، نەی هێنا و نەی برد گوتی:

ـ رۆساریۆ چۆنە؟

ـ دەبێ لە خۆت بپرسی...

ـ من؟

ـ جا ئەگەر تۆ نەزانی کێ دەرانێ؟

15- Los jarales.



ـ بۆ چی دەبێ من بزانم ئەو چۆنە؟

ئەوەندە موکڕ و باوەڕبەخۆ قسەی دەکرد، ئەوەی گوێ لە قسەکانی با، بڕوای دەکرد ئەو کابرایە لە ژیانیدا درۆی بە دەمدا نەهاتووە، قسە کردن لەگەڵ ئەو لەمەڕ رۆساریۆوە دژوار بوو. بۆ خۆتان باشتر دەزانن بۆچی.

خێرا خێرا گۆچانی لە بنچە جاترەکانی ژێرپێی دەوەژاند.

ـ زۆر باشە. تۆش زۆر چاک دەزانی. حاڵی باشە.

نەتدەویست هەرئەوە بزانی؟

ـ دەزانی چییە، شازاد، گوێ بگرە، من تاقەتی چەلەحانێم نییە، ئەوەندەش بێکارنیم گوێ بۆ قسەلۆکی تۆ رابگرم، تووڕەشم مەکە با، ئاور نەگرم! شێتم مەکە!

ـ شێتتت بکەم؟ چۆن؟ تۆکە دەماری پیاوەتیت لە لەشدا نییە، چۆنت پێ بڵێم، ئیستا پێت خۆشە بزانی رۆساریۆ چۆنە و چیدەکا؟ تۆ هیچ هەقێکت بە سەر رۆساریۆوە نییە، مەعلوومە خوشکی تۆیە، بەڵام چاک وایە بزانی کە ئێستا خێزانی منە.

بەو قسە تاڵانەوە بەو دمە وەرییەی پاک تێکی رووخاندم.

بەڵام ئەگەر پێک هەڵپڕژابایەن، بە گۆڕی باب و باپیرم پشتیم لە زگی نەرمتر دەکرد، کە هەتا بە رووح زیندوو با، نەیوێرا با قەت ئاوا زماندرێژی بکات، پێم خۆش بوو هێمن و لەسەرەخۆبم، لە بەر ئەوەش باش خۆم دەناسم، ئەو جاریش رازی نەبووم من دەستپێشخەری شەڕبم.

چوونکە من تفەنگم پێ بوو، ئەویش تەنیا گۆچانێک.

ـ دەزانی چییە، شازاد، باشتر وایە هەردووومان قڕوقەپ بکەین! ئەو چەتیوە با هی تۆبێ، زۆر چاکە! لێیگەڕێ هەر چۆنێکە با وابێ، بە جار و جهەندم، بە من چی؟

شازاد بە گاڵتەوە پێ دەکەنی، وا دیار بوو کەیفی لە شەڕ بێ.

ـ دەزانی چ وڵامێکت پێ دەدەمەوە؟

ـ چ وڵامێک؟

ـ ئەگەر خوشکی من لە لای تۆبا، نەمدەهێشت زیندوو بێ.

خودا دەزانێ ئەو ڕۆژە کە لە بەرامبەر ئەو قسەیەدا بێدەنگ بووم نەخۆش کەوتم. بەڵام پێم خۆش نەبوو تێی بسرەوێنم نازانم بۆچی. سەرم سووڕمابوو بۆچی وا لەگەڵ مندا قسەدەکا، لە گوندی خۆمان کەس غیرەتی ئەوەی نەبوو چاو لە چاوم ببڕێ،

ـ لەمڕۆ بە دوواوە بزانم دەبی بە مووی بەر لووتم، لە ڕۆژی بازاڕ دا، لەگۆڕەپانی گابازیدا، وەک شوتی شەقت دەکەم.

ـ ئەو قسەیە لە دەمت زیادە!

ـ شەمشێرێک دەکەم بە نێوان هەر دوو شاختدا!

ئاگات لە دەمت بێ شازدە! لەوە زیاتر زماندرێژی مەکە.

ئەو ڕۆژە نەشتەرێکی وای لە جەرگم دا، ئێستاش کە ئێستایە دەناڵێنم.

بۆچی هەر ئەو ڕۆژە دەرم نەهێناوە، شتێکە هەتا ئەوڕۆش تێیناگەم. ماوەیەک دوواتر، کاتێک ڕۆساریۆ هاتەوە بۆ ماڵێ بۆ چارەسەر کردنی لەرز و یاوەکەی، پێی گوتم کە لە دووای ئەو قسانە چ ڕووداوێک رووی داوە.

کاتێک شازاد شەوێ دەچێتە سەردانی هاورێکەی چۆتە ماڵی لانیەوس، هەتا بانگی بکاتە دەرێ.



ـ ئەرێ دەزانی تۆ برایەکت هەیە، پیاو نییە؟

ـ...

ـ ئەو کاتەی دەنگێک دەبیستێ، وەک جرجەمشک خۆی دەشارێتەوە؟

خوشکم حەولی دا لانی من بگرێ، بەڵام بێ فایدە بوو. ئەو ڕۆژە، ئەو سەرکەوت و، منیش ژێر کەوتم، ئەوە تەنیا شەڕێک بوو کە لە ژیانمدا تێیدا دۆڕاندم، چونکە ئەو شەڕە لە شان و شکۆی مندا نەبوو، بە جێی لێدان و پێدادان شەڕەقسە و جنێو بوو.

ـ دەزانی چییە بەرخی بابم... وەرە با لە کۆڵ ئەو باسە ببینەوە چیت بۆ هێناوم؟

ـ هەشت پزۆتا.

ـ هەر ئەوەندە؟

ـ هەر ئەوەندە و بەس، بە تەمای چی بوویی؟ ڕۆژگارێکی سەختە...

شازاد بە گۆچانە قامیشەکە ئەوەندەی لە سەر و چاوی‌دا کە ئیتر بۆ خۆشی لەو بەزمە ماندوو بوو. دوواتر...

ـ دەزانی برایەکت هەیە پیاو نییە؟

خوشکم داوای لێ کردم لە بەر خاتری ئەو لە ئاواییدا بمێنمەوە ئەگەر چاکەی ئەوم بوێ لەوێ بمێنمەوە.

دڕک لە کەلەکەم ڕاچووبوو، شۆینەکەی دەخورا، دەتگوت کەسێک دەی بزوێنێ. لە بەر چی هەر ئەو کاتە دەرم نەهێنا. هەتا ئێستاش نازانم.

***

شێواوی ئەو گێڕانەوەیە بە گەورەیی خۆتان ببەخشن. چوونکە لە ڕوخساری ڕووداوەکە خۆ دەپارێزم، دەکەومە شوێن پێی مرۆڤەکان. لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی و لەوێڕا قەڵەمباز دەدەم بو سەرەتا دەگەڕێمەوە. هەر وەکوو هەڵبەردابەزی شێرە کوللەیەک وەختێک گەرەکیانە بیکوژن.

شێوەیەکی تر نازانم. چیم بە سەر هاتووە، هەر ئاواش چیرۆکەکە دەگێڕمەوە، سەبریش ناکەم هەتا ڕۆمانێک بنووسمەوە.

ئەگەر ئەو کارەم کردبا لام وایە هەڵە دەبوو. ئەو جاریش، لەوە دەچوو، زۆر درێژ دادڕێ بکەم و لە کۆتاییدا هەناسەم دەر نەیات، ئیتر هیوایەکم بە دەست پێ کردنەوەی نەمێنێ.

ساڵەهای ساڵ گێرەیان کردین و بە سەر سەرماندا تێپەڕین، هەر وەکوو هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە. ژیان لە ماڵی ئێمەدا هەر وەکوو باو بوو، هەر لەو ڕێگەیەوە ئاوا دەبوو، هەتا ئەو کاتەی من ویستم هەل و مەرجەکە ڕێک و پێک بکەم و هەڵی بسەنگێنم. شتێکی وام بۆ وتن نییە کە ئێوەش نەتوانن بیخەنە بەر چاوی خۆتان.

پازدە ساڵ دووای لە دایک بوونی خوشکم، ڕاست لە پاش ئەو هەموو ساڵە دایکم وەکوو داهۆڵێکی لێهاتبوو. بە چەشنێک کە هەموومان چاوەڕوانی هەموو شتێکمان دەکرد بێجگە لە منداڵێکی دیکە، زگی پیرەژن ئەوجاریش گەیبووە بەر چاوی. خودا دەزانێ کاری کێ بوو. شکم بۆ سنیورافائل[١٦] دەچی، ئەوکاتە لەگەڵ ئەودا کەین و بەینیان هەبوو. ئەو جاریش، دەبوو ئەوکات و زمانە تێپەڕبا، هەتاکوو کەسێکی دیکەش هاتبایەتە نێو خێزانی ئێمەوە. لە دایکبوونی ماریۆ[١٧] ئەو ناوەی بە سەرماندا بڕی ئەوە بوو ـ زۆرتر لە ڕووداوێکی کتوپڕ دەچوو، هەتا

16- Senor Rafael
17- Mario



شتێکی دیکە. چوونکە ئابڕوچوونەکەی دایکم ئەوەندە کەم نەبوو باسی بکەی، دەردەسەر باری دەردان، تەواوی ڕووداوەکان لەگەڵ مردنی بابم هاوکات بوون. ئەگەر هەروا سووک و سانا، بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕین ـ بێجگە لە ڕووداوە ناشیرینەکانی ـ ئەوەی بیبیستێ لەوانەیە بەو ڕووداوە قاقا پێبکەنێ.

دوو ڕۆژ بەر لەوەی ماریۆ، لە دایک ببێ، لە ماڵێدا بابمان شاردەوە و حەبسمان کرد. سەگ گرتبووی، هەر چەند لە بەرا وێنەدەچوو کە تووشی هاری هاتبێ، هێشتا زوری نەخایاندبوو کە دەستی کرد بە لەرزین، ئیتر هەمووومان دەستمان تێکەڵ دەهات. سنیورا ئینگراسیا [دەمڕاستمان] ئاگادار کردەوە کە ڕوانینی مرۆڤی هار زۆر لەوە دەچی منداڵەکەی دایکم لەباری بەرێ، هیچ کارێکی دیکەمان بۆ ئەو بابە کلۆڵەمان لە دەست نەدەهات. بە یارمەتی هاوسێکان لە سەر ڕێگا لامان برد. بە سەدان بڕو بیانوو، ئەو حەولی دەدا گازمان لێ بگرێ. ئەگەر ئەو کارەشی کردبا ددانی بە جەستەمان دادەبردە خوارێ. بە دڵنیاییەوە عالەمێکی تووشی هاری دەکرد. ئێستاش کە ئێستایە ئەو ئازار و ترسانەم لە بیرنەچۆتەوە...

خوداوەندا، چ حەولێک! وەکوو شێر دەیبۆڕاندا، سوێندی دەخوارد، کە تەواومان دەکوژێ. ئاور لە چاوی دەباری، دڵنیام ئەگەر، خودا مەیلی لە سەر بایە تاقمانی نەدەهێشت. هەر وەکوو گوتم، دوو ڕۆژ لە نێو [گەنجە] کەدا دەستبەسەر بوو، وەکوو شێتی زەنجیر لە پێ هەر دەینەڕاندو خۆی بە دار و بەردا دەدا، بەشەق دەرگاکەی دەکوتا، ئەو ساتە ناچار بووین بە تەختە و بزمار دەرگاکەی لەسەر قایم بکەین، گوڕپە و هەرایەکی وەڕێ خستبوو کە زۆریش جێگای سەرنج نەبوو.

ماریۆ لە دەست قیژە و هەرای دایکم تووشی سەرئێشە هاتبوو، وەک مێژۆکە دەلەرزی، یان لە راستیدا، گرژومۆن لە دایک ببوو ئاخرییەکەی کە دووا شەو بوو بابم، لە «رۆژی شاهان»[١٨]دا بێدەنگ بوو، کاتێک چووین لە گەنجەکە رزگاری بکەین لە دڵی خۆماندا گوتمان ئیتر مردووە و نەماوە، دمەورووو لە وەتاغەکەدا درێژ بوو، ئەوەندە سەیر رەنگ و روویی پەڕیبوو دەتگوت فرێیان داوەتە قووڵایی جەحەندەمەوە دایکم بە جێگای ئەوەی هات و هاوار بکات، کە زۆریش چاوەڕوان بووم ملی نا لە پێکەنین، بەڕاستی لەوانە بوو شێت بم. چارەیەکم نەبوو بێجگە لەوەی دوو دڵۆپ فرمێسک هاتبوونە سەر رووومەتم بە دەستم بیسڕمەوە چاوە پڕ لە خوێنەکەی جەنازەکە دەرپەڕیبوون. زمانی رەش و شین هەڵگەڕابوو بە لا لغاوەیدا بەر ببۆوە. کە وەختی ناشتنی هات، دوون مانۆئل قەشەی ئاواییەکە، هەرئەوەندە منی دیت ملی نا لە ئامۆژگاری کردن و چاک لە بیرم نییە چی دەگوت.

باسی ئاخر زەمان، بەهەشت و جەهەندەم، مریەمی عەزرا و باسی بیرەوەرییەکانی بابم. کاتێک بیرم لێکردەوە پێشنیار بکەم هەتا ئەو جێگایەی بیرەوەییەکانی بابم دەگریتە خۆ لە بیر بچێتەوە و خۆڵی فەرامۆشی بە سەردا بکرێ دون مانۆ[١٩] ئەستی بە سەر سەرمدا هێنا و گوتی. مردن مرۆڤەکان لەم هەوارەوە بۆ هەوارێکی دیکە رادەگوێزێ.

ئەگەر بێتو ئێمە لە کەسێک بێزار بین کە مردن بۆ لێپرسینەوە دەیباتە بەر دادگای یەزدان، ئەوە لە دەست ئێمە وەزاڵە دێت، زۆر باشە،

---

١٨- رۆژی شاهان، ئیپیفانی یان شەوی دوازدەهەم. شەوێکە بە وتەی ئینجیل شا مەجووسەکان بۆ چاوپێکەوتنی عیسای تازە لە دایک بوو هاتنە بیت اللحم.

19- Don Manuel



بێگومان هەر بەو شێوەیە وتەکانی خۆی پێ نەگوتم، بەڵکوو زۆر پتەو و قورس و قایم گوتی، هەر چەندە لەو شتانەی وا لێرەدا باسم کرد بۆتان لە مەبەستی قسەکانی ئەو دوور نەبوو، لەو رۆژە بە دوواوە هەرکات کە دون مانۆئل،م دەدیت سڵاوم لێدەکرد و بە دەستی دادەنووسام و ماچم دەکرد. بەڵام کاتێک زەماوەندم کرد هاوسەرەکەم پێی وتم، ئەو وەختەی ئەو کارانە دەکەی هەر لەو گەمژە و کاسەلێسانە دەچی، ئیتر وازم لەو کارە هێنا و لە دەست ماچ کردن رزگارم بوو، ئەوە بوو دواتر بیستمەوە کە مانوئل سەبارەت بە من گوتبووی هەر لە گوڵێکی سوور دەچێ، بە سەر کۆمایەک پەینەوە. ئیتر بەڕاستی بەو قسەیە چاوم پەڕییە پشتی سەرم. ئەگەر لەو کاتەدا لە بەر دەستمدا بایە دەستم دەنا تینتینۆکەی و حەیاتم لێ دەبڕی بەڵام، وردە وردە ئەو رق و کینەیە نیشتەوە شەپۆلی تووڕە بوونم ئارامی گرت. ئەوسا هەمووشت لە بیر چۆوە.

لەوە بەو لاوە، کە بە وردی لێکم دایەوە، دڵنیا نەبووم قسەکەی کوێ دەگرێتەوە و مەبەستی چییە، رەنگبێ دون مانۆئل شتی وای نەگوتبێ - باوەڕکردنی قسەی ئەو خەڵکە قازانجی بۆ ئێمە نییە. ئەگەر ئەو قسەیەشی کردبێ... کێ دەزانێ چ مەبەستێکی هەبووە؟ کێ دەزانێ چیی لە دڵدا بووە یان مەبەستی هەر ئەوە بووە کە من بیری لێدەکەمەوە؟

ئەگەر ماریۆی ژێکەڵە ئەوکات ئەو کەلاوە و ئازارانەی بە جێ هێشت و لێدا و رۆیی، هەست و ئێحساسێکی هەبوو، لەڕاستیدا نەیدەتوانی بەو بەشە رازی بێ. ماوەیەکی کەم لەگەڵ ئێمە بوو. وای بۆ دەچووم ئەو ماڵ و حاڵەی ئەو مەبەستی بوو پێی گەیشت و بە چاکی زانی لەگەڵ ئەواندا بژی و ئێمەش گۆڕ بە گۆڕ بین. خودا دەزانێ کارێکی باشی کرد. وەک لە دەست کار و ئێشی ماڵ و ژیان رای کرد، خۆی لە دەست خەم و مەینەتییەکانیش شاردەوە! کاتێک لە ئێمە دوور کەوتەوە هێشتا

تەمەنی کەمتر لە دەساڵ بوو. ئەگەر چی بۆ تاقەت هێنانی ئەو ئازارانە ماوەیەکی کورت بوو، بۆ فێر بوونی قسەکردن زۆر لە سەری زیاد بوو. بەڵام هیچ لایەکی نەدەتوانی.

هەناسە ساردە قەت وا نەبوو بتوانێ زیاتر لە گاگۆڵکێ کردن لە وەتاغەکەدا پێ هەڵبگرێ و لە زیقەیەک زیاتر چیدی فێر نەبوو.

هەر لە رۆژی ئەوەڵەوە هەموومان دیتمان، کاس و ورووگێژ لە دایک بوو، هەرواش دەمرێ و نجاتی دەبێ، لە پاش هەژدە مانگ ددانێکی سەری دەرهێنا، وەختێک دەرکەوت لە شێویلکەیەوە رووی لە ناوەوە بوو، هەر بۆیە سنیورائینگراسیا [خەم خۆرەکەمان.] ناچار بوو بە سافێکی قایم دەری بکێشێ، نەکوو رۆژێک لە زمانی گیر بکات. ئیتر هەر لەو رۆژەوە کە مەسەلەی ددانی هاتە گۆڕێ، سەیریش نییە بە هۆی ئەو گشتە خوێنەوە بێ کەوا قووتی دا، (دوورلە رووتان)، کە دادەنیشت خوێنی دادەنا، ئیتر وابوو زیپکەی دەر کرد و چڵک و خوێنی لێدەهات لە ئاخریدا بە سرکە و خوێ برینەکانیان بۆ دەشۆرد، جا هەرکەس شیوەن و گریانی ئەو بەستەزمانەی بدیبا ئەگەر دڵی لە دار و بەردیش با، زگی پێی دەسووتا، جارجارە هێور دەبۆوە و بە بترییە بەتاڵەکان کایەی دەکرد. چوونکە زۆر هۆگری ئەوان بوو، لە نێو ئاغەڵەکەدا، یان لە بەر درگای ماڵێ رادەکشا، بەو حاڵە شەوەکوڕەکە هەرما، تاوێک ساغ و تاوێک نەخۆش. هەتا ئەوەی، رۆژێک ئەو کاتە چوار بەهاری بوو، ئەوجار شانس و نسیب رووی لێ وەرگێرا، یانی بۆ هەمیشە پشتی تێکرد. هەر چەندە کارێکی دزێوی نەکردبوو. هیچ گیاندارێکی ئازار نەدابوو، زمانی بە خراپ نەگەڕابوو کفری نەکردبوو، لەگەڵ [داوای لێخۆش بوون] بەرازێک گوێچکەی پچڕیبوو.



دون‌رایموندۆ[٢٠]، ی دەرمانفرۆش، گەردەیەکی زەردی بە گوێچکەیەوە کرد، وەک بزانم [سرو فرمالین] بوو، بۆ ئەوەی کێم و جەراحەت کۆنەکاتەوە، قەڵافەتێکی خەم پژێنی هەبوو، زەرد و گوێ قرتاو، ئەوەندە خەم پژێن بوو، حەتا ژنی دەروجیرانیش زگیان پێی دەسووتا بۆ دڵدانەوەی خواردەمەنییان بۆدە هێنا.

رۆژی یەکشەممانە هەرمێشکیان بۆ دەهێنا، بادام و زەیتوون بەرۆن، یان بابۆڵەیەک سۆسیس... ماریۆ هەناسە سارد نازانن بەو شتانە چەندە کەیفی ساز دەبوو. چاوە رەشەکانی ترووسکەیان دەهات. ئەگەر پێش لەو رووداوە ژیانی خراپ بوو، لە دووای مەسەلەی بەرازەکان، [لەگەڵ داوای بەخشین] زۆر لەوەی کە هەبوو خراپتر بوو. بە شەو و بە رۆژ وەک رووحێکی سەرلێشێواو زریکەی دەهات و دەیناڵاند.

دایکم ئەو تۆزە سەبر و تاقەتەشی وشکاوی هات، لە وەختێکدا تەواو بوو، کە ئەو چارەڕەشە لە هەمووکات زێدەتر پێویستی پێی بوو، ئیتر وای لێهات بۆ ماوەیەک هەرچییەکیان بۆ فرێدابا پڕی پێدا ئەکرد و دەیخوارد ئەوەندە شتی پیسی دەخوارد هەتاکوو، منیش ـ درۆ بۆ چی؟ قەت وانەبوو چۆڕیک ئاو بە خۆمدا بکەم یان کردبێتم!

بێزم هەڵدەستا، هەرکات سەروسەکوتی خووکێک [لەگەڵ داوای لێبوردن] دەردەکەوت، جاروبارە لە دەورووبەرمان رووی دەدا، برای بچووکم ئەوەندە پەرێشان و تووڕە دەبوو کە ئەقڵ لە سەریدا نەدەما، لە جاران بەتاوتر دەیزریکاند. وەک مشک خۆی بە هەر کەل و قوژبنێکدا دەکرد، ئەوەندە ترس و دڵەڕاوکێی پێوە دیار بوو، ئەگەر بەرێز شەیتان بۆ چرکەیەک لە دۆژە هاتبایە دەرێ و ئەوی بیدیبا لە ترسان زراوی دەتۆقی. لە بیرمە رۆژی یەکشەممە بوو. هەرواش بوو هەوساری پساند

20- Don Raimundo

و له قوولایی شێتی و شووریدا، قەراری دانا، خودا دەزانێ بۆچی ـ کە بەگژ سنیورا فائلدا بچێ، هاتبووە سەردانمان. لە دووای مردنی بابم ئەو دڵسۆزەی دایکم بەجۆریک دەهات بۆ ماڵی ئێمە دەتگوت سەردانی ولاتێکی رزگار بوو دەکات. برای چکۆلەم ئەوفکرە شێتانەی کردەوە کە قەپێک لە قولاپەی ئەو پیرە پیاوە بگرێ. بریا نەیگرتبا، دزێوترین بیرۆکەیەک بوو کەلەوانە بوو لێی رووبدا، پیرە پیاوەکە بەو لاقەی دیکەی پێلەقەیەکی پێدا دابوو، برینەکەی لەشی کولاندەوە، ئیتر بێ هۆش بوو، دەتگوت لە حەوت ساڵان راست بۆتەوە، خوێن بەگوێی براکەمدا هاتە خوارێ، منیش بەخۆمم وت، نەکا خوێن بە خوڕ بێت و رانەوەستێ و بە سەر دەستماندا ساغ بێتەوە. ئەو پیاوە گەمژەیەش دەتگوت شێری بەگوێی گرتووە، قاقا پێدەکەنی و لە سەر گازەرای پشت دەکەوت. هەر لەو رۆژەوە لەپێش چاوم ببوو بە دوژمنی باب کوشتەم، کوێربووبام نەمدیبا، خۆ ئەگەر خودا لە سەر رێگام لای نەبردبا، بە مەرگی خۆم قەسەم، لەناوەختێکا سەد رووحی پێبا، نەمدەهێشت بمێنێ.

ئەو بەستەزمانە یەک بەو مەیدانە دەیزیڕاند، رەپوو روو کەوتبوو، دایکیشم ـ سوێند بە سەری هەمووتان هەر بە بینینی ئاکارەکانی چاوم دەچێتە پشتی سەرم حەتا دانەهاتەوە دەستێکی بداتێ، وەک دۆستەکەی قاقا پێدەکەنی. خودا دەزانێ بە دڵ پێم خۆش بوو دەستی بدەمێ و بەرزی بکەمەوە، بەڵام بە خۆم گوت: نەکەی... خۆ ئەگەر سنیورافائل هەر لەو کاتەدا پێی گوتبام خۆێڕی بە خوداوەندی خودا سوێند، هەر لە پێش چاوی دایکم وەک سیر دەمجنی! رۆیشتم بۆ نێو دێ، نەختێک بسوورێمەوە و ئەو رووداوەش لەبیرخۆم بەرمەوە. لەرێدا تووشی خوشکم هاتم، ئەو وەختە، لە ماڵی خۆمان دەژیا، پێم گوت، چی رووی داوە، هەر ئەوەندەی پێ ناخۆش بوو لەوانەبوو فججە بکا، هەر لەوێ



لێی حاڵی بووم کە ئەوە دەتوانێ دوژمنێکی رق ئەستوور بێ، لە بەر هۆیەک وەبیری شازاد کە وتمەوە، ئەگەر رۆژێک خوشکم ئاوا بە قینەوە تێی رابمێنێ ئیتر قوڕ بە سەری، پێکەنین گرتمی. کاتێک دووکاتژمێر بە سەر رووداوەکەدا تێپەڕ بوو بۆ گەڕامەوە بۆ ماڵێ، سنیورافائل تازە خەریک بوو لە ماڵێ وەدەر دەکەوت، ماریوی چارەڕەش هەر لەو جێیە بوو، لێی کەوتبوو. بە ئاستەم نووزەی دەهات لووتی لە خۆڵەکە چەقیبوو، برینەکەی زاری داپچڕیبوو، لەبەرچاوم هەر دەتگوت کۆستەیە! لە دڵی خۆمدا گوتم حەتمەنە خوشکم دار و بەرد بە یەکدا دەدا، بەڵام تەنیا منداڵەکەی هەڵگرتەوە و پاڵی وە سوێنەی نانەکەوە دا. ئەو رۆژە خوشکم لە هەموو رۆژێک جوانتر بوو، کراسە شینەکەی بەری زۆر جوانی کردبوو، هەر چەندە بۆ شڕودڕی نەدەگەیی بە دایکم... کاتێک کە سنیورافائل رۆیی، دایکم ماریوی هەڵگرت و لەسەرکۆشی خۆی خەواندی، وەک چۆن دێڵەسەگ لە پاش ترەکینی توڵەکانی دەلێسێتەوە، ئەو شەوە ئاوا برینەکانی بۆ لێستەوە. ئەو منداڵە کەیفی پێی ساز دەبوو بۆیی پێدکەنی... خەوی لێکەوت، لە خەویشدا بزە بە سەر لێویەوە مابوو، دڵنیام ئەو شەوە تەنیا شەوێک بوو لە تەواوی ژیانیدا کە بزەم لە سەر لێوی دەبینی...ماوەیەک بە بێ هیچ کەند و کۆسپێک ماریو گوزەراندی. بەڵام بۆ کەسێک کە چارەنووس وەدووی کەوتبێ رێی هەڵاتنی بۆ نامێنێتەوە، هەتا ئەگەر لە شووشەدا دایبنێی هەتا وابوو وەخت و زەمانێک لەگەڵ خۆی بردی و بۆمان نەدۆزرایەوە، ئیتر رۆژێک دەمووڕووو وەسەر خوم کەوتبوو. رۆساریۆ پێی زانیبوو. هەرئەتگوت کوندە ئاوە ڕووت کراوە، بە سەرەوە لە خومەکە رۆچووبوو، لووتی خەستەی بنی خومەکەی پێوە بوو. کاتێک دەرمان هێناوە، رۆن بە زاریدا دەهاتەوە دەرێ. دەتگوت تاڵە دەزوویی زەردە، کڵافەکەی لە زگیدا بە

جێ ماوە. تووکە سەری، هەتا لە ژیاندا بوو دایمە ئاڵۆزاو و چڵکن و پیس، ئێستا هەر بریقەی دەهات، وەک بڵێی لە کاتی مردنیدا جوان بووە. ئەوە مردنی سەرسوورهێنەری ماریوی چکۆلە بوو. دایکم تەنیا دڵۆپێک فرمێسکی بۆ هەڵنەوەراند. ژنێک بۆ مردنی منداڵی خۆی فرمێسک لە چاوی نەیا، دەبێ بڵێی دڵی وەک بەرد رەقە. لەمەڕ خۆشمەوە دەبێ بڵێم، گریاوم، رۆساریۆی خوشکم ئەویش گریا. ئیتر دایکم لە پێش چاوم وەک درندە و دێو وابوو، ئەوەندەم رق و قین لێ هەڵگرتبوو، لەخۆم دەترسام. ژنێک دڵی نەسووتێ، بۆ مەرگی جگەرگۆشەی هەڵنەقرچێ، هەر وەک کانییەکی بێ ئاو دەچێ، بێ نرخ و بایەخ، وەک مەلێکی بە ئاسمانەوە بێ و نەخوێنێ - خودا تووک و باڵی بووەرێنێ بۆ ئەوەی مرۆڤە گێژ و وێژەکان کە هیچ لە مۆسیقا نازانن هیچ پێویستییان ئەبەو شتانە نییە! بەڕاستی من هەتا ئەمرۆش زەمانێکە لەمەڕ دایکمەوە لە فکردام، بۆچی نەختاڵێکیش رێز و خۆشەویستیم بۆیی نییە، زۆرم بیر لێ کردۆتەوە، چوونکە دەمەوێ دەلاقەیەک بکەمەوە بۆ پێداروانینی هۆیەکانی. لە کەیەوە بوو لەباتی دایک، بۆم بوو بە دوژمن، دوژمنی قەستە سەر. چوونکە هیچ کینە و نەفرەتێک نایگەیەنێ بە کینەی بنەماڵەیی - بەڕق داچوون لە هاوخوێنێک، دایکم لە پێش چاوم بوو بە زاڵمێک کە بۆ خوێنی سەری تێنوو بووم کەسم پێ شک نایە بەقەت ئەو لە بەرچاوم زاڵم و بێ روحم بێ ئیتر وام لێ هاتووە رشانەوەم دێت. لە پاش ماوەیەکی زۆر بیرکردنەوە، لە دووای ئەوەی کە بە هیچ سەرئەنجامێک نەگەیشتم. تەنیا دەتوانم بڵێم. زۆر لەوە پێش، کاتێک کە نەمتوانی کەمەێک ئاوەز و مەعریفەت لەودا بەدی بکەم، کە تۆزێک بۆ چاولێکەری بشێ، یان تایبەتمەندییەکی خودا پێداوانە، جێی شانازی بێ. کاتێک زانیم ئیتر ناتوانم لەناو ئەو هەموو پیساییەدا بژیم. دەبوو لە بیری ئەوە دابم



خۆم رزگار بکەم. خۆم پاک بکەمەوە سەبارەت بەو هیچ حورمەتێکم شک نەدەبرد. ماوەیەکی پێ چوو هەتاکوو لەو بێزار ببم، بەڕاستی نەفرەتم لێی هەبوو چوونکە، نە بێزاری کاری رۆژێک و دووانە و نە ئاشق بوون بەڵام ئەگەر پێویست بایە دەستپێکی نەفرەتم هەربۆ مەرگی ماریۆ بزانم، بێگومان هەڵەم نەکردووە. ناچار بووین ئەومنداڵە بەستەزمانە هەر بە کۆنەکانی خۆی خاوێنی بکەینەوە هەتاکوو رۆژی قیامەت بە پیسوو پۆخڵی نەچێتە بەر دیوانی یەزدان. لە خەڵات مان پێچا. جووتێک سۆلمان لەپێ کرد، ئەوەش لە ئاواییەکەوە بۆیان هێنا بوو، شریتێکی رەنگ ئەرخەوانی مەیلەو تاریکمان کردە ئەستۆی، گرێیەکمان لێدا لە دوورەوە دەتگوت پەپوولەیە بە سەر جەنازەکەوە نیشتووە. سنیورافائل، هەتا ئەو چارەڕەشە مابوو چاوی بینینی ئەوی نەبوو، کەچی ئێستاکە جەنازەکە لە بەردەست دایە قوت بۆتەوە، حەولی لەگەڵ دەداین تابووتەکە ساز بکەین، دەتگوت تازە بووکە دێت و دەچێ. لە پێشدا مستێکی بزمار هێنا، دوواتر یەک دوو تەختە، لە پاش ماوەیەک سەتڵێک رەنگی سپی، زۆر بە وردی سەرنجم دا، چاوێکم لێببوو بە دوو چاو، ئەویش لە کەیفی خۆی دابوو. ئێستا و ئەوکاتیش لە هۆیەکەی نەگەیشتم. لە دڵی خۆمدا گوتم، رێوییە تۆپیوو و تەنیا کاری بۆتە فێڵ و دەهۆ. وەک ئەوەی بڵێی هۆشی لە لای خۆی نییە لە پەستا، دەیگوت: ویستی خودا بوو! ئەو چۆلەکەیە فڕی بۆ بەهەشت!... لە ئاکاری سەرم سووڕ مابوو، ئێستاش کە ئێستایە نازانم لە چی باستان بۆ بکەم. کردی بە وێردی سەر زمانی هەر نەیدەبڕیەوە، لە پەستا بزماری دادەکوتا و تەختەکانی رەنگ دەکرد دەیگوت فریشتەیەک رۆیی بۆ بەهەشت!... وەشەکانی زرمەیان لە سەرم هەڵدەستاند. دەتگوت چرتە چرتی سەعاتە لە نێو مێشکم دا. سەعاتێکی وا کە مێشکم بکۆڵێ... وەکوو تەق و کوتی

کوتکی ئاسنگەران بە سەر سندانەوە، چاوەکانی، چاوەشینەکانی کە بە درۆ تەڕ ببوون، ئەوەندەی دی دەردی کاری دەکردم. هەر چەندە روانینی منیش بۆ سەر ئەو وەک نەشتەر بە جەرگیدا بکەی وا بوو. ئەو کاتانەم بە دەرد و ئازارەوە دێتەوە بیر.. وەک چۆلەکەی بەهەشت وایە! فرشتەیەکی دیکە رۆیی بۆ بەهەشت! گەماڵباب! رێوی سیرمە خۆر! وەرە با لەمەڕ شتێکی دیکەوە قسەبکەین...ئەگەر راستت دەوێ، بەو عومرە گەیشتووم، نەمزانیوە فریشتەکان چۆنن قەڵافەتیان چەندەیە، رەنگبێ قەت وا هەڵنەکەوتبێ، لەمەڕ ئەوانەوە، بیر بکەمەوە، زۆر وەختی واش هەبووە، لەزەینی خۆمدا ئاوام لێک داوەتەوە پرچ و کاکۆڵیان کاڵ، کراسی بەریان تەنک وەک پەڕەی گوڵ، مەیلەو شین، یان سووریکی ئاڵ. زۆر جار پێم وابووە، حەتمەنە رەنگیان لە هەور دەچێ و باڵاشیان بەقەت چڵە گەنمێک دەبێ. بیرم هەرچییەک بووبێ، دڵنیام لەگەڵ بیری براکەم ماریو، زۆر لەیەک دوور بوون، هەر ئەوەش بەڵگەبوو کە لە نێو وشەکانی سنیورافائلدا بە شوێن مانای شاراوەدا بگەڕێم، مانای وێک چوو، شتێکی وا بەرامبەری بکات لەگەڵ داخوازی، چەقەڵێکی، ئاوا حیلەباز و زەبەلاح ئەسپەردە کردنی کوڕێژگە، وەک ناشتنی بابم چەند ساڵ لەو پێش، ساکار و رێک و پێک بوو. پێنج شەش کەس، نە زیاتر، لە دووای تابووتەکەوە دەهاتن. دۆنمانوئل، سانتیاگۆ بەردەستی کلیسا، لۆلا، دوو سێ ژنی سەرسپی، سانتیاگۆ خاچێک بە دەستەوە لە پێشەوە دەڕۆیی، ورد و لەسەرەخۆ نیخەنیخی دەهات بە پەنجەی پێی بەردەکانی سەرڕێگای دوور دەخستەوە تابووتەکە بە دوویەوە بوو. لە دووای ئەویش دۆن مانۆئل بە جل و بەرگی سپی قەشەییەوە، کە بە سەر خۆیدا کردبوو، هەر لە کراسی خەو دەچوو. بە دووای ئەویشدا پیرەژنەکان بە خۆڕنین و ڕۆڵەڕۆ بە دوویدا دەهاتن، هەر وەکوو بڵێی هەموویان دایکی



ئەو مردووەن وا لەو سندووقە دایە بەرەو گۆڕستانی دەبەن. هەر لەو سەروبەینە دابوو، لە وانە بوو لۆلا ببێ بە دڵدار و دڵخوازم. دەڵێم چیوای نەمابوو، لە راستیدا، هەر چەندە بە دڵ و بە گیان لە یەکدی رادەماین، چاوە چاومان دەکرد. بەڵام قەت وا نەبوو، ئەوەی لە دڵمدایە پێی بڵێم. لەوە دەترسام بمشکێنێتەوە، هەرچەندە زۆر جار بە ئەنقەست دەهاتە سەرڕێگام - زۆر لەوە دەچوو یارمەتیم بدات بڕیار بدەم - شەرم بە دایمە ژێر چەپۆکەی دەکردم. ئەو کەین و بەینەش هەر خۆی دەکێشاوە. منیش ئیتر سی ساڵ تەمەنم بوو، ئەویش، تۆزێک لە رۆساریوی خۆشکم چووکەتر بوو، بیست و یەک دوو ساڵی دەبوو، کەڵەگەت و رەش ئەسمەر بسک و قژی قەترانی. چاوڕەش و ئەبرۆ سەقەر، وەک تەوار لە دووی بازی، لەش و لارێکی سپی و سۆڵ و توند و تۆڵ، ساغ و پتەر، ئەوەندە جوان بە خوێدا هاتبوو پیاو تێر تەماشای نەدەبوو. بەڵام، بەر لەوەی درێژە بە وتەکانم بدەم و یان شتێک لە بیر بکەم، گەرەکمە لە رێگەی پێداگرتن لە سەر راستەقینە لە هەر بارێکەوە. پێتان بڵێم ئەو کاتە هەر وەک ئەو رۆژەی لە دایک بوو، وەک خونچەی نەکراوە، وەکوو راهیبەکانی دەیر، کە چ شتێک لە نێر نازانن. دەمەوێ لە سەر ئەم رووداوە پێ دابگرم، نەکوو کەسێک دەربارەی ئەو دڵی کرمێ بێ. هەر کارێکی کە دوواتر کردی تەنیا خودا لە بەر و دووای چیرۆکەکە دا ئاگادارە - شتێکە ماوەتەوە لە نێوان خۆی و ویژدانی. بەڵام ئەو وەختە ئەوەندە لە بیری تاوان دوور بوو ئەگەر شەیتان بەڵگەی دژی ئەو نیشان دابا، هەر ئەو ساتە گیانم پێ دەفرۆشت. لۆلا، ئەوەندە باوەڕ بە خۆ بوو ئەوەندە ئەسپی هەڵەشەیی تاو دەدا، لە گشت شتێک دەچوو بێجگە لە کچۆڵەیەکی لادێی. خەرمانی بسک و ئەگریجەی، وەختێک دەخستە پشتە سەری و بەری دەداوە، بە دڵ حەزت دەکرد،

سەیری بکەی. ئەوەندە پتەو و بەسەر یەکەوە بوو، چەند مانگ دوواتر وەختێک بوو بە مڵکی من و هاوژینم، زۆرکات بە روومەتەکانمدا دەهێنا خۆم پێ باوەشێن دەکرد. نەرم وەک هەورێشم بۆن و بەرامەی هەتاو و جاترە و مەندێی دەدا، بریقە بریقی دەهات کاتێک شنە دەی هاویشتە سەر گۆنای... بگەڕێینەوە سەر ئەو باسەی پێشوومان: شۆردن و ناشتن جوان بەڕێوە چوو، پێشتر قەبر هەڵکەندرابوو. هەر ئەوەندەی مابوو برای بچووکم تەسلیم بە خاک بکرێت و گۆڕیچەکەی داپۆشین. دۆن مانۆئل بڕێک دۆعای بە لاتین خوێندەوە. ژنەکانیش دەستەو ئەژنۆ بە دەوری قەبرەکە دا هەڵکورمابوون کاتێک لۆلا، لە پەنا گۆڕەکە دانیشت. پاوپووزەسپییەکەی لە گۆرەوییەکانییەوە دەرکەوت. تورت و ناسک وەک تووری سپی. هەر چەندە شەرم دەمگرێ باسی ئەو شتانە دەکەم. خودا دەوامی عومرم بدا و لێم خۆش بێ تاکوو بتوانم ئەو وشانە بدرکێنم و نەیانشارمەوە، راست و رەوان پێتان بڵێم لەو وەختەدا براکەم مرد من لە کەیفی خۆم دابووم... لاقە سپییەکانی لۆلا لە بەر تیشکی خۆر بریقەی دەهات. خوێن بە پڕ تاو روو بە لاجانگ و لەوێشەوە بۆ مێشکم سەر دەکەوت. دڵم لە خۆشیدا وەک گونی هەلاح هەڵدە بەزی، لەوانەبوو لە رکەی سینەم دا دەر پەڕێ. نەمزانیکەی دۆن مانۆئل و ژنەکان رۆیشتن. وەک داهۆڵ لە شوێنی خۆم چەقیبووم. کاتێک وەخۆم هاتمەوە، لە سەر گڵکۆی نەرم و فێنکی ماریۆ دانیشتبووم چۆن بوو لەوێ بووم. یان چەندی پێ چوو بوو، ئەوە شتگەلێکە قەت ناتوانم تێی بگەم. لە بیرمە ئێستاشی لەگەڵ بێ خوێنم دەکولا، مەلی دڵم نەدەسرەوت. خەریک بوو رۆژ ئاوا دەبوو. ئاخرین تیرێژی بە سەر چڵەپۆپەی درەختی سەروەکەوە بووکە هاوڕێی من بوو هەوا گوشراو و گەرم بوو. هەستم بە لەرزینێک دەکرد.



جووڵەم لێ بڕابوو، وەک سێحرم لێ کرابێ. وەک ئەوەی گورگ چاوی لە چاوم بڕیبێ.

لۆلا لەوێ راوەستابوو. سینگ و مەمکی وەبەر شنەی ئێوارە دابوو...

لۆلا!...

من لێرەم.

لێرە چی دەکەی؟

هیچ ناکەم هەر لێرە راوەستاوم...

هەستام و قۆڵم کردە قۆڵی.

ـ لێرە چی دەکەی؟

ـ هیچ! نەتدیوە هیچ ناکەم.

لۆلا بە چاوێکی شێتانەوە سەیری دەکردم دەتگوت زۆر لە دوورەوە دەنگی دەگاتە گوێم، وەک دەنگێک لە ژێر خاکەوە یان دەنگێکی ترسێنەر لە تاریکیدا.

تۆ، هەر لە برا مردووەکەت دەچی!

من؟

بەڵێ تۆ.

بگرە و بەردەیەکی سەیر بوو، لە سەر زەوی کەوت. لە ژێر دەستم دابوو.

هەڵبەز دابەزی وێ کەوتبوو...

جوانتر لە جاران ـ وەختێک وەهەناسەبڕکێ کەوتبوو سینگ و مەمکی هەڵدەبەزی پڕ بە دەستم پرچیم گرت. لە پەنا گۆڕەکە رام گرت. وەک ئاسکی سڵ رامم کرد...

ـ ئەوەت دەویست؟

ـ بەڵێ!

لۆلا بزە نیشتە سەر لێوی. ددانە مرواریییەکەی دەرکەوت... ئیتر بە هێمنی رام تڵەکاند.

ـ تۆ بەڕاستی وەک براکەت ناچی!... تۆ پیاوی...!

وشەکان بە قوورسی لە گەرووی جیا دەبوونەوە.

ـ تۆ پیاوی...

خۆڵەکە نەرم بوو، لە بیرمە. پێنج شەش مێلاقە خونچەیان کرد بۆوە، ئەوەش لە بەر گیانی براکەم بوو: شەش دڵۆپ خوێن.

ـ لە براکەت ناچی! تۆ پیاوی...!

ـ خۆشت دەوێم؟

ـ بەڵێ!

***



ویستی خوداوند وابوو، دوو حەوتوو نێوان بکەوێتە ئاخرین نووسینم تاکوو ئێستا. ئەوکاتە، لە لایەکەوە، لەگەڵ پرسیار و هاتنی پارێزەر، لە لایەکی دیکەشەوە لە بەر هۆی ماڵ گوێزتنەوە بو ئەو شوێنە نوێیە، تەنیا چرکە ساتێک وەختم نەبوو پێنووسەکەم دەست بدەمێ. ئێستا، لە پاش خوێندەوەی ئەو چەند پەڕاوە ـ هەرچەند کە زۆریش نییە ـ بیرێکی وا کەوتە سەرمەوە گێژ و وێژی کردم. هەر وەکوو شەپۆلێکی زۆر هەڵدەچێ، بە چەشنێک کەوا توانای ئەوەم نییە بۆ خۆم بڕیار بدەم. بە سەر گیروگرفتەکاندا زاڵ بم، سەر و بنی چیرۆکەکە ئەوەیە، دنیایەک نەدامەتی، هەر وەکوو تەماشات کردووە، دایمە ئەو مەترسییە لە رێدایە هەر کات بگەینە پاشماوەی چیرۆکەکە، کەوا تاڵی و پێشهاتە ناخۆشەکانی لەخۆ گرتووە، ورەم بەردەدەم. تەنیا دەتوانم بە وردبینی خۆم نیازم کە هەموو رووداوەکانی ژیانم تازە هیچ کات ناتواندرێ بگەڕێتەوە بۆ دوواوە، هەر وەکوو لە سەر تەختەڕەشە نووسرابێت، دادەبەزێ.

شتێکی گاڵتە جاڕییە ـ بەڕاستی گوڕ چوو بڕە!

کە دەبێ بیر بکەینەوە تەواوی ئەو کۆششانەی وا ئەم رۆژانە پێیانەوە سەرقاڵم. ئەگەر چەند ساڵ لەمەبەر جێبەجێ دەکرا، دوور نەبوو کەوا ئەمڕۆ لەو سللولەدا سەرگەرمی ئەو وشانە نەبووایەم، لە بەر سوورە تاو و لە بەر درگای ئاغەڵ دابنیشم، یان لە رووباران خەریکی راوی مارماسی، یان لە بەندەنەکان خەریکی راوی کەرۆێشک بم. لەوە دەچوو سەرقاڵی یەکێ لەو دووانە بم بۆ ئەوەی زۆر بەی خەڵک هەر بیر لەوە دەکەنەوە.

ئازاد بم، هەر وەکوو زۆربەی مرۆڤەکان ئازادن، بە بێ ئەوەی لە بیری ئازادیدا بووبن. خودا خۆی دەیزانی لەگەل چ ساڵیانێک

رووبەڕووم. هەر وەکوو زۆر بەی خەڵک. بە بێ هیچ بیر لێکردنەوەیەک کە چۆن بە سەریاندا تێپەڕبم...

ئەم شوێنەی وا ئێستا منیان بۆ هێناوە، لە چاو رابردوو باشتر بە حیساب دێت. لە چاوی پەنجەرەکەمەوە باخچەیەک دەبینم، پاک و خاوێن، لە پشت ئەویشەوە هەتاکوو بەر قەدی کوێستانەکە، دەشتێکی کاکی بە کاکی دەبینم، لە بەر تاوی سووتاو، وەکو پێستی دمووچاوی کرێکاران دەچێ جاروبارەش کاروانێک هێستر روودەکاتە پرتەقاڵ، ولاغەکان روودکەنە ماڵە بچووکەکان؛ ژن و منداڵەکانیش بۆ لای چالاوەکە وەڕێ دەکەون.

پڕ بە سنگم هەوا هەڵدەمژم، هەوای ئازاد لە سییەکانمدا دێت و دەچێ لە سللولەکەشدا ئازاد و بە هیچەوە شەتەک نەدراوە هەر ئەو هەوایەیە رەنگبێ ئەمرۆ سبەی هێسترسوارێک هەڵی بمژێ...

پەپوولەیەک دەبینم، بە باڵە رەنگینە کانییەوە بە دەوری گوڵەبەرۆژکاندا دەسوورێتەوە. بەو فڕینە زەریفەیەوە روودەکاتە سللوولەکە یەک دوو جار بە ژوورەکەدا دەخولێتەوە زۆر بە ئارامی روودەکاتەوە دەرێ، لەوە دەچێ تاوانێک ئەستۆی ئەوی نەگرتبێ. رەنگبێ، بچێت ژووری رەئیسی زیندان رووناک بکاتەوە... خەریکم بە کڵاوەکەم ئەو مشکە بگرم وا خەریکی خواردنی ئەو ورکەنانەیە کە بۆم رۆکردبوو، لە پێشەوە سەیری دەکەم، دوواتر لێی دەگەڕێم با بڕوات ـ بە چ سووچ و تاوانێک بیگرم ـ سەیری دەکەم هەتاکوو بە کەیفی خۆی خۆ دەکاتەوە بە کونەکەیدا، هەر لەو شوێنەوە کە دێت پێخۆری لانە وازێک بخوات، بەرماوەی غەریبەیەک، کە تەنیا ماوەیەکی کورت لە سللولەکەدا، لە ژوورە تاکەکەسییەکە، دەمێنێتەوە، ئیتر لەوێ دەڕوا هەتاکوو بگاتە جەهەننەم.



لەوە دەچێ بڕوام پێ نەکەن، ئەگەر گەرەکم بێ پێتان بڵێم غەمێک لە سەر دڵم بارە بە قەت چییایەک، خەم و مەراقێکم لە دڵدایە، غیرەتی دەوێ بۆ باس کردن و دەربڕینی، هەر بۆیە تۆبەکەم وەکوو تۆبەی قودسییان دەچێ. رەنگبێ باوەڕم پێ نەکەن، لە بەر ئەوەی، هەر چییان دەربارەی من پێ گەیشتووە، هەمووی خراپە و دژی راستەقینەیە، بیر و باوەڕیشتان سەبارەت بەمن چەواشەیە، جا بۆیە هەر ئەوە دەڵێم کە باسم کرد، پشت ئەستوور بە وتەکانم، دووریش نییە هەر بۆ پێداگرتن لە سەر ئەو بیر و باوەڕە پتەوەی کە هەمە پشتگوێی نەخەم. دەزانم باوەڕم پێ دەکەن، ئیتر پێویست ناکا بە سوێندانەوە رەش ببمەوە دەزانم ئەو هەموو سوێندە نرخێکی نییە...

تامی دەمم ئەوەندە تاڵ و ناخۆشە گومانم وایە بە جێی خوێن سەفرا لە دڵمەوە روودەکاتە دەمارەکانم. ئازارێک سنگی داگیر کردووم و زمانم تامی ترش و تاڵی هەیە. خەریکە هەناوم وشک دەکاتەوە، هەردەڵێی بۆنی مردووی دانەپۆشراوە لە گۆڕستانەوە دێت.

ئالێرەدا لە نووسین کەوتم، رەنگبێ بیست دەقەیەک، یان یەکێ دوو کاتژمێر... لەو خوارەوە، چەند کەسێک بە تووڵە رێیەکەدا رادەبردن. زۆر بە جوانی چاوم پییان کەوت! لەوە نەدەچوو تەنیا بۆ چرکەیەکیش بیر لەوە بکەنەوە وا من خەریکم تماشایان دەکەم، ئەوەندە، بێخەم دەڕۆیشتن. دەستەیەک بوون، دوو پیاو، ژنێک، مێرمنداڵێک، لەوە دەچوو تەنیا بەو پیاسەکردنە کەیفییان سازبێ. پیاوەکان تەمنیان سی ساڵێک دەبوو، ژنەکە نەختێک کەمتر. کوڕەکەش هەر شەش ساڵی دەبوو. پێخاوس بوو! هەر دەتگوت کار ژێلەیە، بە توێی کراسێک بەم لا و ئەولادا دەردەپەرێ کراسەکەش بە حاڵ دەگەیی بە نێوکی. خێرا خێرا خۆی هەڵدەخستەوە، بەردی لێر و لەوێ دەگرت و پەلەوەڕانی لە سەر

هێلانەکەیان پەڕەوازە دەکرد... هەر تۆزێکیش لە ماریۆ نەدەچوو، کەچی منی خستەوە بیری ئەو!

حەتمەن ژنەکە دایکی ئەو منداڵە بوو. هەر وەکوو هەموو ژنە لادێ نشینەکان رەش ئەسمەر بوو، لەوە دەچوو نەختێک هەوێنی شادی لە دەروونیدا هەبێ. بۆیە مرۆڤ بە بینینی، خۆشییەک لە دڵی دەگەڕا، لەگەڵ دایکی هەر خودایان یەک بوو، سەرەڕای ئەوەش چ شتێک دەبووە هۆ وەبیری ئەو بکەمەوە؟

دەبێ بمبوورن. ناتوانم هەر وا بە هاسانی درێژەی بدەمێ. لەوانەیە دەست بکەم بە گریان... ئەو کەسەی ژیان و دڵی خۆی دەوێ، چۆن ئیزنی ئەوە دەدا، وەکوو ژنان ئەسرین لە چاوی دا بارێ.

باشتر لە هەمووشت ئەوەیە بگەڕێمەوە سەرچیرۆکەکە، هەرچەندە دڵ هەژێنە، بەڵام پێداهەڵگوتنی لەو سەخڵەت ترە. ئەو جاریش من بۆ پێداهەڵخوێندن نەخولقاوم. چۆن بوێرم خۆ لە قەرەی بدەم، دلی من هەورێکی ئاوسی پڕ لە خوێنە ئەگەر بێتو ببارێنێ دنیا دەخاتە سەر خوێن...

هەر وەکوو چاوەروان دەکرا، مەسلەی من و لۆلا بەربڵاوتر بۆوە، پێنج مانگ بە سەر مردنی براکەمدا تێنەپەڕیبوو لە هەواڵێک کە هیچ کەس پێی سەیر نەبوو، سەرم سوورما هەمیشە هەر وایە!

جەژنی سن کارلۆس بوو، لەمانگی خەزەڵوەردا، خۆم کردبە ماڵی لولادا ئەوە کاری هەموو رۆژێکم بوو، لە مێژ بوو ئەو کارم دەکرد. دایکی هەستا و رۆیشت. کاتێک زۆر دوواتر بیرم لێ کردەوە، لۆلام نەختێک بە پەشێوی دەبینی، لەو کاتەشدا تۆزێک سەیر و سەمەرە بوو. رەنگ و رووی بە جۆرێک بوو دەتگوت گریاوە. دەتگوت غەمێکی شاراوە گوشاری خستۆتە سەر دڵی، قسەکانمان لەو رۆژانەدا ـ



قسەکردن لە نێوانماندا هیچ کات ئازاد و بە دڵی خۆمان نەبوو ـ بە دەنگی خۆمان رادەوەستا، هەر وەکوو بە خشپەی پێ سیسرکەکان بێدەنگ دەبن، یان چۆن پۆلێک کەو بە فڕەی باڵییان وەحەوا دەکەون. هەر چەندەی حەولم دەدا بە دلی خۆم بدوێم، وشەکان لە ئەوکمدا گیریان دەکرد و نەدەهاتنە دەرێ. گوتم:

ـ ئەگەر ناتەوێ قسەم لەگەڵ بکەی، مەیکە!

ـ دەمەوێ قسەبکەم.

ـ دەی قسەبکە، من رێت پێ نادەم؟

- پاسکۆ ئال!

ـ چی.

ـ دەزانی چی بووە؟

ـ نا.

ـ شکت بۆهیچ ناچێ؟

ـ نا.

ئێستا پێکەنینم دێ، کە چەندە درەنگ تێی گەیشتم.

ـ پاسکۆئال!

ـ بەڵێ؟

ـ ئەمن زگم پڕە!

سەرتا تێنەگیشتم. هەواڵەکە قسەی لە دەم بڕیم، لە پێشدا وای بۆ چووم ئەوە شتێکە پێوەندی بە منەوە نییە. قەت ئەوەم بە مێشکدا نەهاتبوو ئەوەی وا هەموو کەس باسی دەکەن، شتێکی تاکوو ئەو رادە سروشتی و هەمیشەیی بێ دوور نییە رووبدات. نازانم لە مەڕ چییەوە بیرم دەکردەوە.

گوێچکەکانم سوور ببوونەوە. وەک پۆلووی ئاگر.

چاوم دەکزایەوە، وەک ئەوەی کەفی سابوونی تێچووبێ بێدەنگییەکی قورس باڵی وەسەرکێشاین. چەند ساتێکی پێ چوو. دەمارەکانی لاجانگم هەڵی دەخستەوە. لێدانەکە خێرا و پچڕ پچڕ بوو، هەر وەکوو چرکە چرکی کاتژمێر، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی پێ چوو هەتاکوو لێی تێبگەم.

لۆلا هەر دەتگوت لە کونی قامیشەوە هەناسە دەکێشێ.

کەوا بوو زگت پڕە؟

بەڵێ

دەستی کرد بە گریان. نەمدەزانی چۆن دڵخۆشی بدەمەوە گەوج مەبە. زۆریان دەمرن، زۆریان لە دایک دەبن...

ڕەنگبێ خوداوەند. بۆ ئەوەی ئەو دوانیوەڕۆیە لە کێشەی جەحەندەم بۆم کەم بکاتەوە. پێم گوت:

کویی ئەوە جێی سەرسووڕمانە؟ دایکی تۆش پێش لەدایک بوونی تۆ حامیلە بوو... دایکی منیش هەروەها.

زۆر لە خۆم دەنووسام شتێکی باشی پێی بڵێم و مەرزەمی بکەم.

نەمدەتوانی بێلایەن بم چوونکە لۆلا زۆر پەرێشان بوو، وای لێهاتبوو دەتگوت دنیای بەسەردا رووخاوە. درێژەی دایە:

ئەوە رووداوێکە لە زۆرجێگا سەر هەڵدەدا، هەمووشمان دەزانین هۆیەکیش بۆ نیگەرانی نامێنێتەوە.

چاوم لە بەژن و باڵای کرد. هیچم نەدی، جوانتر لە جاران بوو. گەنم رەنگ و بسک و پەرچەمی پەخش و پەرێشان بوو.

چووم بۆلای سەر کولمەیم رامووسی. سارد و سڕ بوو. خۆی بۆ شل کردم ماچی بکەم. گوڵبزەیەک نیشتە سەر لێوی هەر لە بزەی شەهیدانی، کەونارا دەچوو.

تۆ دڵ خۆشی؟



بەڵێ زۆریش دڵخۆشم!

بە بێ ئەوەی بزەیەکی دیکە بخاتە سەر لێوی قسەی لەگەڵ کردم.

بەو حاڵە شەوە... خۆشت دەوێم؟

ئەرێ، لۆلا، ئاواش تۆم خۆش دەوێ.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو. لەو کاتەدا، هەر بەو چەشنە بوو کە من گەرەکم بوو. لاوێک لەگەڵ زارۆیەکدا، کاتێک کەوتمە بیری گەورە کردن و دروست کردنی مرۆیەکی باش لەودا، کەیفم سار بوو.

بەڵام ئێمە پێکەوە زەماوەند دەکەین، لۆلا مەدرەک و نووسراوەی پێویست ئامادە دەکەین. ناکرێ هەر وا پشتی تێبکەین و بێ موبالات بین...

نا...

لۆلا هەر ئاخی هەڵدەکێشا.

دەمەوێ دایکت بزانێ، کەوا کرداری پیاوانەم هەیە.

دایکم ئاگادارە تۆ هاتووی!

بێ خەبەرە!

کاتێک بەڕاستی ویستم بڕۆم، تاریک داهەتبوو.

بانگی دایکت بکە با بێت.

دایکم؟

بەڵێ.

بێت چی بکا؟

باپێی بڵێم.

ئەو بە هەمووشت دەزانێ.

مومکینە بزانێ... بەڵام من دەمەوێ پێی بڵێم!

لۆلا هەستا ـ قەڵافەتێکی جوان وەدەرکەوت. کاتێک لە چێشتخانەکەوە ڕۆیشتە دەرێ، زێدە لە جاران گیرۆدەی بووم.

ماوەیەک دوواتر دایکی وەژوور کەوت.

چ بووە؟

ئەوەتا لە بەر چاوت.

دەزانی تووشی چ ڕۆژەڕەشییەکت کردووە؟

لە باشترین ڕۆژی خۆی دایە.

چاکە؟

بەڵێ، چاکە منداڵ و بەستەزمان نییە، وایە؟

دایکی بێ دەنگ بوو. بڕوام نەدەکرد ڕۆژێک ئاوا بێ دەنگ بێ.

پێویستە قسەت لەگەڵ بکەم.

سەبارەت بە چی؟

سەبارەت بە کچەکەت. دەمەوێ زەماوەندی لەگەڵ بکەم.

کەمتر کارێک کە لە دەستت دێ، هەر ئەوەیە. بیرت لێ کردۆتەوە؟

بەڵێ. زۆر باشە باش.

لە ئەوەڵ و ئاخری.

بەڵێ، ئەوەڵ و ئاخر.

ئاوا بە پەلە؟

کات زۆر بوو.

زۆر چاکە، مسەبایەک بگرە با بچم بانگی بکەم.

پیرەژن چووە دەرێ، ماوەیەکی زۆر هەردووکیان لەوێ مانەوە. حەتمەنە لەمەڕ ڕووداوەکەوە بیروڕا دەگۆڕنەوە. وەختێک گەڕایەوە دەستی لۆلای لە دەستا بوو.

ـ تەماشاکە، ئەو ڕازییە زەماوەندت لەگەڵ بکات. تۆش پێت خۆشە؟



ـ بەڵێ.

پاسکۆئال کوڕی چاکە. دەزانم کارێکی دروستی دەست پێکردووە... ئێستاش وا باشە یەکدی ماچ بکەن...

پێشتر ئەو کارەمان کردووە.

قەیدی ناکا، تازەی بکەنەوە، ئەوەتا دەی، با منیش بتانبینم.

چوومە پێشەوە و ماچم کرد. بە ئارەزووی دڵی خۆم. بە کەیفی خۆم لە باوەشم کرد. وام دەزانی دایکی هەر لەوێش نییە.

هەر چەندە، بۆ یەکەمین ماچ ڕوخسەتم وەرگرتبوو، بەڵام بەقەت نیوەی ئەو ماچانەی وا لە سەر قەبران لێم سەند خۆش و بەتام نەبوو.

دەکرێ ئەمشەو لێرە وەمێنین؟

بەڵێ بمێنەوە.

نا، پاسکۆئال، لێرە مەمێنەوە، جارێ نا.

وامەڵێ، کچێ، لێی گەڕێ وەمێنێ. دەبێتەهاوژینت، مەگەروانییە؟

لەوێ مامەوە. شەو بە دڵی من تێپەڕ بوو.

بۆ بەیانیدا، سبەینێ زوو، خۆم گەیاندە کلێسای بەخشەکە، چوومە پێشێ تا لە سندووق خانەی کلێسا نزیک بوومەوە.

دۆن مانۆئل خەریک بوو خۆی بۆ نوێژی جەماعەت ئامادە دەکرد.

دۆن خسوس گونسالس دلاریوا ژنی داڵاندار و دوو سێ پیرەژنی لەگەڵدا بوو. پێم وابێ بەدیتنم داچڵەکی.

ڕۆژ لە کام لاوە هەڵاتووە؟

هاتووم قسەت لەگەڵ بکەم، دون مانۆئل.

زۆر وەخت دەگرێ؟

بەڵێ، گەورەم.

دەتوانی سەبربگری تاکوو نوێژەکە تەواو دەبێ؟

بەڵێ، گەورەم، پەلەیەکم نییە.

کەوا بوو چاوەڕێ بە.

دۆن مانۆئل دەرگای سندووقخانەی کردەوە. کورسیلەیەکی لە کلێساکەدا بۆ دەستنیشان کردم. کورسیلەیەک لە شێوەی تەواوی کورسیلەی کلێساکان، لە داری ڕەنگ نەکراو، سەختەدار، لە بەرد ساردتر، بەڵام کە جاری وایە چرکەساتی تایبەتی لە سەر تێدەپەڕێ.

ئەلەوێ دانیشە، کاتێک دیتت، دۆن خسوس سوژدە دەبا، تۆش هەر وەکوو ئەو سوژدە بەرە. وەختێک ئەو هەستاوە تۆش هەر ئەوکارەبکە. ئەگەر بینیت دۆن خسوس دانیشتووە، تۆش دابنیشە...

بەڵێ گەورەم.

نوێژ، هەر وەکوو نوێژەکانی کلێسا نیو کاتژمێری خایاند. بەڵام ئەو نیوسەعاتە بە تیژی تێپەڕی.

کاتێک تەواو بوو چووم بۆ خزمەت قەشە. دۆن مانۆئل خەریک بوو لیباسەکانی تایبەتی نوێژی دەگۆڕی.

گوێم لێتە.

ڕاستییەکەی بەرنامەی من ئاوایە... خەریکم... زەماوەند بکەم.

پێم وا بێ کاری چاک دەکەی، کوڕی خۆم. کارەکەت زۆر باشە هەر لە بەر ئەوەیە خودا ژن و پیاوی دروست کردووە، بۆ ئەوەی تۆرەمەی مرۆ روو لە زۆر بوون بێت.

بەڵێ گەورەم.

دەی باشە، ئێستا ئەو کیژەی بەڵێنی زەماوەندی پێداوی کێیە؟ لۆلایە!

بەڵێ گەورەم.

سەبارەت بەو بەرنامەیە لە مێژە بیری لێدەکەیەوە؟

نا گەورەم، لە دوێنێوە...



دوو رۆژە؟

لە دوێنێوە، دوێنێ پێی گوتم چی رووی داوە.

شتێکی تایبەتی پێ گوتی؟

بەڵێ.

حامیلەیە؟

بەڵێ، گەورەم، زگی پڕە.

زۆر باشە، کەوابوو، کوڕی خۆم، باشترین کار ئەوەیە زەماوەندی لەگەڵدا بکەی. خودا لە تاوانت خۆش دەبێ و هەر وەکوو پیاوان ڕێزیشت هەیە. منداڵی بیژو، گوناحە و تاوانە. منداڵێک کە دایک و بابیان لە کلێسا دا مارەکرابن بێتە دنیاوە، خێر و بەرەکەتی یەزدانە. بەڵگە و بەرنامەتان بۆ ئامادە دەکەم. خۆ خزم نین؟

نا، گەورەم.

زۆر باشە. یەک دوو حەوتەی دیکە سەرێکمان لێهەڵێنەوە. هەتاکوو ئەو کات کار و باری ئێوە جێبەجێ کراوە.

بەڵێ گەورەم.

ئێستا بۆ کوێ دەچی؟

خەریک بووم دەچووم بۆ سەر کار.

ناتەوێ لە پێشدا راستی بڵێی؟

بۆ چی نا...

هەر چی بوو گوتم، ئەوسا، ئەوەندە حەسابوومەوە دەتگوت بارێکی قورسیان لە سەر شانم داگرتووە.

***

شتێک کەمتر لە مانگ، ڕۆژی دوازدەی سەرماوەز، ڕۆژی خاتوونی پاک گوادلۆپ، ئەو ساڵە لە چوار شەممە دابوو. لە دووای ئەوەی ئەرکەکانی یاسایی کلێسامان جێبەجێ کرد. لۆلام مارەکرد و بووین بە ژن و مێرد.

من تاڕادەیەک دڵەڕاوکێم هەبوو، زۆر بە قوڵی بیرم دەکردەوە، زۆرم ترس هەبوو لە دەستپێکردنی ئەوکارە.

زەماوند کردن شۆخی هەڵناگرێ. بێتاقەت و کڕبووم زۆری نەمابوو کلکم لەگەڵۆزم بنێم و بۆی دەرچم.

ئەگەر غیرەتی ئەو کارەشم نەبوو، لە بەر ئەمەبوو قڕڕە و هەرایەکی دەخستە گەڕەکەوە، کە ئابڕووچوونی بەدوواوە بوو، کەوابوو بڕیارم دا خۆڕاگربم، شڕڕەی خۆم لە قوڕاو دەربێنم. ڕووداوەکانیش با سەری خۆیان هەڵبگرن. دوور نییە مەڕەکانیش وەختێک دەبەن بۆ کوشتارگا، هەر بەو چەشنە بیربکەنەوە...

لەمەڕ خۆمەوە دەتوانم بڵێم، ئەو کاتانەی دێنە پێشێ لە بەر ئەوەی بیر دەکەمەوە بڵێی چ ڕوویدات مێشکم دەتەزێ. ڕەنگبێ بە شێوەیەک بۆنی شەرمەزاری خۆم ئێستاش دەکرد. خەراپتر لە هەمووشت ئەوەیە کە بۆن کردن بە لامەوە هیچ بڕوایەکی بۆ نەهێشتوومەوە. خۆ ئەگەر ڕەبەن مابامەوە لەوانە بوو چارەنووسم باشتر بوایە. ئەوبڕە پاشەکەوتەی وەڵام نابوو، لە ڕۆژی ژنهێنانەکەمدا خەرجم کرد ـ زەماوەندێک ئەگەر بە پێچەوانەی مەیلی کەسێک بوو، ئەوە وەک شانۆیەکی نابەدڵ وایە. یان شتێکی تر کە وابوو هەر چەندە زۆر شایی و سەمای تێدا نەبوو بەڵام دەکرێ بڵێین، وەک زەماوەندی هەر کەسێکی تر بە دڵەوە دەنیشت. ڕامسپاردبوو دەوروبەری کلیسا ئاوپڕژێن بکەن و بە گوڵ و ڕیحانە بیڕازێننەوە. گوڵەکان تۆزێک کلیسایان خوش دیمەن



کردبوو، دیمەنی کورسییە شڕڕەکان و تەرکە بەردە پۆشەکەی وەشاردەبۆوە. لۆلا بەرگی ڕەشی دەبەر دابوو، کراسێکی تەنگە بەر لە بە نرخ ترین کوتاڵ. لەگەڵ سەرپۆشێکی تۆڕی کە زۆری پێوە جوان بوو، یەک دوو چڵ بەهار نارنجی بەدەستەوە بوو. ئەوەندە جوان و لە بەر دڵان بوو هێندە لە سەر نەخشەکەی خۆی وەستا بوو، لە جوانیدا دەتگوت مەلەکەی میسرە. منیش دەستێک کۆت و شلواری مەیلەو ئاویم لە بەر دابوو بە خەتی ڕۆشنی سوورەوە. لەبەر خاتری ئەو هەتا باداخوس بە پێیان ڕۆیشتم. کڵاوێکی ساتێن و ملپێچێکی هەورێشمم لە مل دابوو، زنجیرێکی سەعاتم هەبوو تاقووازکەوتبوو، لەگەڵ دەورانی لاوی و ئەو ڕۆژگارە تاڵەشدا، ئاخ! ئەو ڕۆژانەش بۆخۆی دەورانێک بوو دەکرێ بڵێی هەست بە بەختەوەری دەکەم. ئێستا دەبێ چەندە دوور بێ! برازاوای من سنیوراسباستیان[٢١]ی لاو بوو کەوا بەردەستی دۆن ڕایموند لە دەرمانخانەکەدا بوو. پێخەسووی بووک سنیورائائۆرورا[٢٢] خوشکی دۆن مانۆئل، قەشە کە بۆ ئێمە دۆعا و ئامۆژگاری کرد بە ئەندازەی سێ جار بووک گواستنەوە کاتی گرت. زۆری نەمابوو لە پێ بکەوم، بەڵام هەر چۆنێک بوو ورەم بەر نەدا و لە سەر پێی ڕاوەستام. خودا ئاگادارەکە بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانی ئەو کارە بکەم دیسان قسەی لەگەڵ کردین، سەبارەت بە لیزگەی شتەکان دوواتر سەبارەت بە پاپ لئوی هەشتەم. لەمەڕ باوەڕی پۆل و کۆیلەکانەوە زۆری پرسی بەڵام لە بیرم نەماوە چی بوون...

پیاو حەق بڵێ بۆ ئەو پرسیار و نەسیحەتانە زۆریش خۆی خستبووە زەحمەتەوە! کاتێک مەراسیمی کلێسا کۆتایی پێهات ـ ئەو شتەی هیچ

21- Sebastian
22- Aurora

وەخت بیرم لێ نەدەکردەوە روویدات ـ هەر هەموومان بەبێ لێک دابڕان چووینەوە ماڵی خۆمان. بە بێ ئەوەی ئاسانکاریمان بۆ کرابێ، بەڵام بەوپەڕی ئیشتیاوە خواردن و خواردنەوەی بە دڵی خۆمان جێبەجێ کردبوو خواردن ئەوەندە زۆر بوو، بۆ ئەوە دەبوو سمێڵی پێ چەور بکەی بۆ تەواوی ئەو کەسانەی لەگەڵمان هاتبوون، زۆر لەوە زیاتر. شەکراو، شیرینی و کەیک، هەنجیر و نوقڵ و شەربەت و بەستەنی و ساردەمەنی خۆش و ڕەنگاوڕەنگ و بەتام بۆ پیاوان و بۆ ژنان، هیچ کەس لەوێدا بێ بەش نەبوو...

دەزانم خەڵکانێک لە ئاوایی دا ڕەخنەیان لێ گرتبووم. بۆ چی خواردنی باش و بە تامم بۆ میوانەکان دانەناوە. ڕێگەم پێدان بە دڵی خۆیان قسە بکەن. بەڵام لێمگەڕێن با منیش قسەیەک بکەم. ئەویش ئەوەیە خواردن و خواردنەوەی لەوە باشتریش هەر ئەوەندەی خەرج بە کۆڵدا دەدام. بەڵام زۆر حەزم لەو کارە نەبوو. تەنیا لە بەر ئەو هۆیە کە دەستی خۆم لە تەختە نەبەستم.

هەر چەندە من دەمویست وێڕای تازە بووک خۆمان لەو مەسەلانە بدزینەوە و بۆی دەربچین. لەو کارەی کردوومە ویژدانم ئاسوودەیە ئەوەش بەوپەڕی خۆشییەوە جێبەجێ بوو، ئیتر هەر ئەوەندەم بەسە. خۆزمانی ئەو خەڵکەش بە من گرێ نادرێ... باشتر وایە گوێ بەو قسانە نەدەین! لە دووای بەخێرهێنانی میوانەکان، هەر ئەوەندەی دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا، دەستی ژنەکەم گرت و سواری ماییێکم کرد، کە زینێکی لە سنیورویسنتە[٢٣] بە ئەمانەت وەر گرتبوو.

ئاوزەنگم لێدا و زۆر بە هێوری بۆ ئەوەی خانم نەکەوێتە خوارێ، ملی ڕێگامان گرتە بەر بۆ مریدا، قەول وابوو سێ ڕۆژ لەوێ وەمێنین،

23- Vicente.



سێ ڕۆژێک کەوا خوشترین ڕۆژانی ژیانی من بێ، لام وایە دە دەوازدە جار لە ڕێگا دا وچانمان گرت، ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە سەرم لەو کارە سوورِ دەمێنێ، کاتێک ئەو جادووەی باڵی بە سەر کێشابووین ئێمەی هان دەدا گوڵی مینا بچینین لە زولف و بەرۆکی یەکدی بدەین بیری لێدەکەمەوە. وام بە خەیاڵ دادێ کە ئەو تازە بووک و زاوایانە لە پڕ دەگەنە دەورەیەکی بێتاوانی و فریشتەیی.

هەر بەو چەشنەی کە بەرەو شار دەهاتین، بە سەر پردی ڕۆمی دا وردە وردە پێمان هەڵدەهێناوە، لە بەختی ڕەش ماین سڵەمییەوە ودەر پەڕی، لام وایە لە بەر ئەوە بوو لە پڕ چاوی با ئاوەکە کەوت ـ هەر ئەوەکاتە پیرەژنێک کە بەوێدا دەڕۆیشت ماینە بۆر لەقەیەکی تێسرەواند و ژنە لە هۆش چوو، بە ئاستەم مابویی فرێیداتە نێو چۆمی گودایانا[٢٤]، وە. بۆ ئەوەی یارمەتی بدەم زوودابەزیم، چوونکە کارێکی نامرۆیانە بوو ئەگەر ئاوڕم لێ نەدابایەوە بە جێمان هێشتبا. بەڵام هەر خێرا تێ گەیشتم کە ئەو پیرەژنە جادووگەرێکی مەکربازە. هەتابلێی دڵپیس و دەروون ئاڵۆزە، ئیتر ئەوە بوو، هیچم نەگوت تا بزانم ئەو چی دەڵێ تا شکایەتی نەبێ ـ نەختێک دەستم بە شان و ملی داهێنا ئەوەبوو زوو خۆم گەیاندە تازە بووک. لۆلا دانیشتبوو پێ دەکەنی، بڕوات هەبێ پێکەنیەکەی وەلەرزینی خستم. نازانم وا دیار بوو، لە زووترەوە هەستم بە شتێک کردبوو. چەشنێک ئاگاداری سەبارەت بە ئەو شتەی کە لە داهاتوو دا چاوەڕێمان بوو. چاک نییە ئینسان بە بەدبەختی خەڵکی دەوروبەری پێبکەنێ. ئەو قسەیە لە کەسێک بژنەوە کە تەواوی ژیانی لە نەدامەتی و قوڕبەسەریدا بووە. خوداوەند بۆ تۆڵە سەندن لە نامەردان پێویستی بە دار و بەرد نییە، لە کۆنەوە چاکیان گوتووە ئەوەی بە

24- Guadiana

شمشێرەوە ژیاوە هەر بە شمشێریش دەکوژرێ... زێدە لەوە، ئەگەرواش نەبێ چاکە هەر چاکەی لە شۆێنە.

لە میوانخانەی باڵندەڕەشە گیرساینەوە، لە وەتاغێکی جێدار و لە پەنا دەرگای هاتووچۆکەدا کاتێک وەژوور دەکەوتی دەستە ڕاست بوو. دوو رۆژی هەوەڵێ بە کەیفی خۆمان گوزەراندمان. لە ژوورێ وەدەر نەکەوتین.

وەتاغەکەمان خۆش ودڵنشین بوو، سەرەڕای گەورەیی بە هەموو لایەکیدا دەڕوانی، کۆڵەکەی پان و لە چەشنی بەڕوو لە ژێر میچەکەدا، تەرکەکەی کاشیکاری رۆشن، پڕ بوو لە کەل و پەلی نێو ماڵ کەیفی لە لابوو بە دڵی خۆت کەڵکیان لێ وەربگری. بیرەوەری ئەو وەتاغە، ساڵیانی ساڵ، تا بە رووح زیندووم، وەک خۆشەویستێک هەمیشە لەگەڵمدا بووە. تەختی نووستن، تەختێکی شاهانە بوو، کەلە تەواوی ژیانمدا دیتوومە. تەختەکە لە دار گوێز بوو وێنەی جوانی لە سەر هەڵقەندرا بوو، چوار لێفەی پەشمی پێدا درابوو و... خەوتنی سەر ئەو تەختە ئەوەندە خۆش بوو لە تاریف نایە! هیچ شایەک خاوەنی ئاواها تەختێک نەبوو! ئەوسا قەفەزێکی داخڵەدار، بەرز و بەپێشەوەدا لێوارەکانی کەوانی بوو، ڕێک و لەبار هەر وەک شاژنەکان. چوار داخڵەی پانی هەبوو، دەسکەکانی لە زێڕ. قەفەزەیەکی بەرز هەتا بن میچەکە، ئاوێنەی بالآنوێن و دوو چل چرای دڵ رفێن، هەر دوویان لە دار بوون لە دوولاوە رووناکی دەڕژاندە ژوورەکەوە، تەنانەت مەبالەکە، بێقیمەت ترین بەشی ئەوێ بوو چەمۆڵەی لە ماڵی حاکم دەنا، ئەستوون و کاسەی بە نەخش و وێنەی جۆراوجۆرەوە ئینسانی وا لێدەکرد کە لە بیرت دەچۆوە ئەوێ بە جێ بهێڵی، لە ژورسەری تەختەکە خاچیکی رەنگینی مەسیح هەڵواسرابوو، لە پەنا ئەویشدا بە سەر دیوارەکەوە



بازنەیەکی قولەڕەش دەبیندرا. وێنەی برجی [خیرالدای شاری سویل] بە سەر پێستەوە نقاشکاری کرابوو، شۆڕابەی زەرد و ئاسمانی هەبوو. لە هەردوو بەشی بازنەی قولەرەشدا جووتێک کەوچکی لێدیار بوو. لە پەنا ئەویشدا وێنەیەک لە گۆڕەپانێکی رۆمی لە مریدا دەبیندرا.

هەتا ئەو جێیەی ئەقڵم بڕ بکا تابڵۆیەکی بە نرخ بوو. زۆر سروشتی بوو، کاتژمێرێک لە سەر سندووقە داخڵەدارەکە بوو، تۆپەڵەیەکی لێبوو، یانی ئەوە تۆپی زەوییە، بە کۆڵی جوامێرێکی بێ جل و بەرگەوە بوو، لە پەنا ئەودا دوو دەفری [کارتالاورا] بوو بە نەخشی ئاسمانییەوە، تۆزێک کاڵ ببونەوە، بەڵام ئێستاش بۆ ئەوە دەبوون بە کاریان بێنی. کورسییەکان شەش دانەبوون، دووانیان جێ دەستیان هەبوو، هەرشەشیان خاوەنی پشتی بەرز بوون. پێچکەکانیان قایم و باش بوو بە پارچەی سووری بەنرخ رازابوونەوە. کاتێک گەڕامەوە بۆماڵێ، بەدڵ بۆیان نیگەران بووم. با لە بیری خۆمی بەرمەوە، ئەوکات لە کوێ و ئێستا لەکوێ. ئێستاش لە پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە، هەروان لە بەر چاوم، بە یادی ئەوانەوە دەژیم!

من و هاوژینەکەم نوقم بووی کەیف و خۆشی بوین لەو هەموو شتە باشانەی لە بەردەستمان دابوو، هەر وەکوو گوتم. لە هەوەڵەوە نەدەهاتینە شەقامەکەش. کاتێک لێرە ئەو هەموو پێداویستییەمان هەبوو، کەم و کەسری مان نەدەکێشا، ئیتر بە ئێمە چی لە نێو شار چ باسە؟ باوەڕت هەبێ کەوا چارەنووسی رەش خۆرەی ژیانە. بەختەوەری ئەو رۆژانە سەرسامی کردم. ئەوەندە بێ کەم و کوڕی بوو.

سێیەم رۆژ، شەممە بوو، لەگەڵ (دووانە)[٢٥]دا رووبەڕووی یەکدی راوەستاین، لام وایە کەس و کاری ئەو پیرەژنەی بەر لەقەی ولاغەکە

٢٥- دووگاردی شاری ئێسپانیا کە بە یەکەوە کێشک دەدەن.

کەوت ئەوانەیان بە دووماندا ناردبوو. هەر ئەوەندە کورگەلی دەروجیران، گاردی شاریان دیت تێکەڵیان بوون. بە ئاستەم کە درگامان کردەوە، گوڕڕە و هەرایەکیان وەڕێ خست، هەتا مانگێک دوواتر هەر گوێمان دەزرینگایەوە. ئەو کەسەی کە لە زیندان بەردەبێ، وەک گای قەشان لە دوورەوە دیارە، حەتا منداڵانیش بە چاوی پڕ لە رق و قینەوە سەیری دەکەن! بە چەشنێک تێمان را مابوون، وەک ئەوەی شتێکی سەیریان دیبێ.

چاویان پڕ بوو لە ئاور پێکەنینە تاڵەکەیان بەسەر لێوی ئەو منداڵانەوە پیاوی دەهری دەکرد، هەر بەو چاوە سەیری ئێمەیان دەکرد وا لە بزن و مەڕڕەکان رادەمان، ئەوکاتەی لە سەربڕخانە کێرد و چەقۆ دەخەنە سەر ملیان. (هەر ئەو کاتە کەوشە بنخامەکانیان لە خوێنەکە دەگرن بۆ ئەوەی قایم و پتەو بێ)، یان ئەو سەگەی وا تێپەڕبوونی عەڕڕابەیەک بە توندی بە عەڕزەکە دا پانی کردۆتەوە، (بە دار دەستێک تێی دەکوتن تاکوو بزانن گیانی لە بەر داماوە)، یان بەو پێنج بێچووە پشیلەیە کەوا خەریکن لە سۆینە ئاوەکەدا دەخنکێن (خەریکن بەردبارانیان دەکەن، جاری واشە بۆ کایە پێ کردن لە ئاوەکە دەریان دەهێنن هەتاکوو نەختێکی دیکە هەناسە بدەن ـ ئەوەیە خۆشەویستی ئەوان بەرامبەریان! ـ ڕێگە نادەن هەناسەساردی ئەوان دەستە و بەجی کۆتایی بێت.)

یەکەمین چاوپێکەوتنی گاردی شاری لە ناخەوە هەژاندمی، هەر چەندە هەموو حەولم ئەوە بوو کە ددان بە خۆمدا بگرم، لام وایە ڕەنگ بزرکاوی من لە دوورەوە دیاری دەدا. لەگەڵ گاردەکە، کەسی سێیەم بەر چاو بوو جوامێرێک تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵدا، نەوەی پیرەژنەکە بوو، تەژەیەکی زەبەلاح و لە خۆرازی، هەر وەکوو تەواوی



ئەو پیاوانەی لەو سین و ساڵەدان هۆی نجاتی من هەر ئەوە بوو، هەر وەکوو دەزانن باشترین ڕێگە بۆ نێو رووحی ئەو کەسانە تەنیا کەڵک وەرگرتن لە وشەگە لی تیف تیفەدراو جێ کەوتوو، لەگەڵ نیشان دانی گەڵای سەوز، ئیتر هەر ئەوەندەی سێ چوار وشەی لە بارم تێسرەواندو گوتم جوامێری چاکی و قەڵافەتێکی مێرخاسانەت هەیە، شەش پزوتام خستە قولی مستییەوە، لە بەر چاوم غەیب بوو، ئیتر ئەوە کاری خۆی کرد. باوەڕم وایە لە خودای دەویست جارێکی تر دایە گەورەی بکەوێتە ژێر دەست و پێی هێستر و ئەسپەوە. گاردی شاری هەرکە زانیان حەقداری پیرەژن ئاوا زوو مەیدانی چۆڵ کرد، دەستیان بە سمێڵی خۆیاندا هێنا، چەند کەڕەتێک کۆخین گوتیان غاردانی وڵاغە بەرزە گەڵێک سەدەمەیە ئیتر ماڵیان ئاوابێ لە کۆڵم بوونەوە و ڕۆیشتین.

لۆلا لە حەژمەتی ئەو چاوپێکەوتنە وڕوکاس ببوو، بەڵام ئەوەندەش گەمژە نەبوو، هەر خێرا خێرا دەستی تێکەڵ دەهات، ئیتر زوو هاتەوە سەر دۆخەکەی جاران، رەنگ و روویی هاتەوە سەر جێگای خۆی (رەنگی مردووی لێنیشتبوو) چاوی تروسکەی تێکەوت بزە گەڕایەوە سەر لێوی وەکوو خونچە ئاسای ـ بووەوە بە خاتوونەکەی جاران. هەر ئەو کاتە بوو ـ چاک لە بیرمە ـ سەرنجم دایە ئەو شتەی لە دڵیدایە چا بۆیە لە پڕ بەندی دڵم داکەوت. لەگەڵ سەرسووڕمانەکەم دا ویژدانم حەسایەوە، پێشتر هەتا رادەیەک لە مەڕ ساردی و سڕی خۆمەوە سەبارەت بە منداڵی یەکەمم دڵەڕاوکێم هەبوو. هەڵبەتە شتێکی وا نەبوو بۆ چاوپێکەوتن، ئەگەر پێشتریش خەبەرێکم نەبوو، پێم وایە باش لە شتەکان تێنەگەیبووم.

لە مریدا هێندێک کەل و پەلی نێوماڵمان کڕی، بەڵام لە بەر ئەوەی پووڵێکی زۆرمان پێ نەبوو، لەولاشەوە شەش پزۆتا، م دابوو بە

نەوەکەی پیرەژن، پووڵ لەکەمی دا بوو، بڕیارمدا خێرا بگەڕێمەوە بۆ ئاواییەکەی خۆمان هەرگیز بە مێشکم دانەهات دەبێ مرۆڤی ژێر دەقیق و بە سەرنجەوە تا ئاخر قرپان گیرفانی بەتاڵ بکات ـ دیسانیش ماینە کوێتەم زین کرد، ئەو زین و چەکەی کە رۆژی خۆی سنیورویستە بە ئەمانەت پێی دابووم، کوێتەم لغاو کرد. پەتووەکەمان بە لوولە کراوی لە پاشکۆی زینەکە دابەست هاوکات لەگەڵ هاوژینەکەم وەک هاتبووین بەرەو [توره مخیا] گەڕاینەوە. هەروەک لە بیرتانە، چوونکە ماڵەکەم لە ئالمندراخۆ بوو، لە بەر ئەوەی لە مریداوە هاتبووین، هەر دەبوو لە شارۆچکە و لە بەر دەرگای هەموو مەیدانەکانەوە تێپەڕببین. تەواوی خەڵکی گەڕەک ـ دوانیوەڕۆ بوو هەموویان لە مەزراوە هاتبوونەوە بۆ ماڵێ ـ گەڕانەوەمان بە هەموو شان و شکۆیەکەوە دیترا بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردینەوە، ئەو کاتە ڕێزیان بۆ دادەناین، لە ماینەکە دابەزیم و لەبەردەمیدا راوەستام، نەکوو لە پڕ لەقەیەک لە لۆلا بدات، خۆم لە نێو کۆڕی دۆستانی دەورانی لاوەتی و هاوڕێیانی کاری کشت و کاڵ دا دیتەوە. بەرزیان کردمەوە و لە سەر دەستان رایان گرتم، بردیانم بۆ قاوەخانەی مارتینتە[۲۶] مەنشور بە «کەڵەشێر» سەر پەرستی دەکرد، وەک شەپۆلان خۆمان بە ژووریدا کرد. خاوەنی قاوەخانەکە پاڵی پێوەنام و بە مەشکەی شەڕابەکەوەی چەسپاندم. بە چەشنێک کە زۆری نەمابوو لە باوەشیدا لە نێو بۆنی شەڕابەکەدا کە لە سەر ئەو هەڵدەستا، هەناسەم رابوەستێ و بخنکێم. کوڵمەکانی لۆلام ماچ کرد. بەڕێم کردەوە بۆ ماڵێ هەتاکوو لەگەڵ هاوڕێکانی دەست و مشتاغ و ماچ و مووچ بکات و چاوەڕوانم بێت. رۆیشت، سوارێکی ژیکەڵە بە سەر ماینێکی جوانەوە،

26- Martinete



قیت و قۆز وەک [زینی مەمی ئالان] بێ خەر ـ هەر وەکوو جاران ـ لەوێ کە ولاغەکە رۆیی ئەوەڵین نەدامەتی ئێمە دەبێ لە ژیاندا.

لە قاوەخانەکەدا گیتارێک هەبوو، ئەوەندەی گەرەکت بێ شەڕاو و پێکەنین و قاقاکێشان بوو ماوەیەکی پێ چوو دەنگ و هەرایەک بەرز بۆوە سەرقاڵ بووین و لە دنیا دابڕاو. لە نێو ئەو کەیف و خۆشێیە دا کات تێپەر بوو. زاکاریاس[۲۷] کاردارەکەی دۆن خولیان[۲۸] گۆرانییەکی لاوەکی دەست پێ کرد. پیاو دڵی بە دەنگ و ئاوازەکەی دەکراوە. دەنگێکی پێوە بوو وەک چریکەی سەقروبازان. کاتێک دەستی دەنا بناگوێی هەر خۆش بوو گوێی بۆ رابگری. واقمان ورمابوو ـ هەر چەندە لە پێشدا زۆریش سەرخۆش نەبیووین. بەڵام وەختێک بەو شەڕابە گەرم داهاتین و سەرخۆش بوین، کردمان بە گەڕە لاوژە ئەگەر چی هەمیشە دەنگ و ئاوازمان رێک و پێک نەبوو، کەسەکان پێیان خۆش بوو کەیفیان دەکرد. هەموو شتێک بە باشی بەڕێوە دەچوو.

زۆر خراپە قەت نازانین ئەو رۆژگارە خۆشە ئێمە بەرەو کوێی دەبا، خۆ ئەگەر بمانزانیبا دوور نەبوو نەختێک لەو خەم و خەفەتەمان کەم کردباوە ئەوەش تەنیا بەو هۆیەوە دەڵێم هیچ کامێکمان نەماندەتوانی ئەو شەوە لە قاوەخانەی «کەڵەشێر» واز بێنین. کەوابوو دەستکەوتی شەڕوشۆری گەورە بوو. رووداوێکی ئاسایی بوو رووی دا، ساکار وەک هەر شتێکی کەوا ژیانمان سەخت و دشوار بکات.

دەڵێن ماسییەکان بە کردنەوەی دەمیان تووشی گیروگرفت دەبن، چاوێک پڕ دەبێتەوە ئەگەر نەقووچابێ، بەڕاستی ئەمە نوکتەیەکی گرنگە، خۆ ئەگەر زاکار یاس بێدەنگ بوو، خوداش مەیلی لە سەر ئەوە بوو،

27- Zacarias
28- Don julian

زۆرتر درێژەی نەدەدایە، دەیتوانی خۆی لە گرفتەکان دوور بخاتەوە، ئێستاش هاوساکان لە بەر سێ ناسۆرەکەی کەڵکیان لێوەرنەدەگرت. ئەمڕۆ پێمان بڵێ کەنگێ باران دەبارێ.شەڕاب هاونشینێکی ژیرو هوشیار نییە.

لە نێو ئەم بەزم و هەرایە دا، زاکاریاس ویستی خۆی شیرین بکات. نەقلێکی گێڕاوە لە سەر ئەو رووداوەی کە پێش هاتبوو، یان لەوانە بوو رووبدات. کامیان بوو نازانم، لەو نێوەدا قسە لە سەر کەسێک بوو ژنێکی هەلگرتبوو. ئەو کاتە دەمتوانی سوێند بخۆم ـ ئێستاشی لەگەڵ بێ سوورم لە سەر سوێند خواردنەکەم ـ تەنیا مەنزووری لەمنە. خودا دەزانێ بە عومری خۆم کەسێکی دڵپیس و گوماناوی نەبووم. بەڵام زۆر جار شت گەلێک هەن بە پاک و خاوێنی شیر ـ یان رۆشن وەک رۆژی رووناک ـ چارەیەکیش نییە بۆ بەر پەرچ دانەوەی بێجگە لەوەی دژی راوەستی، یان خۆت نەدۆڕێنی و واپیشان بدەی کە هیچ لە هیچ تێنەگەیوی.

داوام لێکرد بێدەنگ بێ، گوتم:

ـ بە بڕوای من هیچ جێی سەرسووڕمان نییە.

ـ بەڵام بە بڕوای خەڵکی جێی سەرنج و سەیرە، پاسکۆئال.

ـ لەوانەیە وابێ، رەتیشی ناکەمەوە. بەڵام قسەی من ئەوەیە کارێکی ناشیاوە کەسێک بە گاڵتەجاڕی بگری بۆ ئەوەی خەڵکی وەپێکنین بخەی.

ـ پێویست ناکا پاشەکشە بکەی، پاسکۆئال، بە وتەی پێشینان قسەلە دمەوە دێتە دەرێ نەک...

ـ گومان ناکەم ئەوەندە پیاو بێ، کەسێک وڵامی بوختان بە گاڵتەجاڕی بداتەوە.

ـ مەبەستت خۆ لە من نییە...



ـ نا، مەبەستم لە فەرماندارە.

ـ ئەگەر راستت دەوێ باوەڕت پێناکەم خوێڕییەکی وەک تۆ ئەوەندە بەغیرەت بێ لە سەر حەق وەدەنگ بێ!

ـ قسەی من قسەی پیاوە.

ـ بەڵێ!

هەستامە سەر پێ.

ـ دەتەوێ بچین بۆ مەزرا!

ـ پێویست ناکات!

ـ زۆر لە خۆ رازیی!

هاوڕێیان چییان پێدا. هیچ کات جوامێری لەوەدا نەبوو کەسێک تیژی چەقۆکان کوێر بکاتەوە.

هێدی و لەسەرەخۆ بە ئامانجێکەوە زامنی چەقۆکەم ترازاند.

لە کاتی وادا، راپەڕینێکی توند، یان چکۆلەترین خلیسکان و چاوخافڵ کردن دەبێتە هۆی مردن و لەناوچوون. ژووری قاوەخانەکە ئەوەندە کپ و بێدەنگ بوو دەنگی باڵی مێشت دەبیست.

هەڵمەتم بۆ برد و بێ ئەوەی رێگەی دەست کردنەوەی پێ بدەم سێ خەتم خستە سەر دەم و چاوی، ئیتر دەستی کرد بە لەرزین.

کاتێک بردیان بۆ دەرمان خانەی دون رایموندو، وەک جۆگە خوێنی لە بەر دەرۆیی...

لەگەڵ سێ چوار کەس لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم بە پیاسەکردن بەرەو رووبارەکە وەڕێ کەوتین، لەو گیر و گرفتەی بۆم پێشهاتبوو حاڵم پەرێشان بوو.

- زۆر خراپ کەوت... ئەویش تەنیا سێ رۆژ لە پاش زەماوەند کردنمان. مات و بێ دەنگ هەنگاومان دەنا، سەرمان داخستبوو، شان داتەپیوو.

- تاوانی خۆی بوو. من ویژدانێکی پاک و خاوێنم هەیە. لە بەرچی درگای دەمی دانەخست!

- ئیتر قسەی لێ مەکە پاسکۆئال.

- دەزانی چۆنە، لە دڵەوە تۆزێک پەژیوانم. بەڵام فایدەی چی؟ کار لە کار ترازاوە!

خەریک بوو کازیوە خۆی بۆ تاو هەڵات شل دەکرد. کەڵەشێرەکان هەواڵی رۆژیان بەدەم با ـ وە بڵاو دەکردەوە. بۆنی گوڵە بەڕۆژە و جاترە و گژوگیای بۆن خۆش بەدەم سروەی بەیانەوە بڵاو دەبۆوە.

- لە کۆییم دا؟

- لە نێو شانی.

- زۆر خراپ؟

- سێ جار.

چاک دەبێتەوە؟

- بەڵێ، لەوە دەچێ! وەک بزانم چاک دەبێتەوە!

- زۆر باشە.

ماڵەکەم قەت قەت ئەو شەوە لە پێش چاوم ئەوەندە دوور نەبوو.

- ساردە...

- نا، من کە هەست بە هیچ ناکەم.

- وا بیر دەکەمەوە لە خۆمەوە بێ.

- رەنگبێ...

بە پەنا گۆڕستانەکەدا تێدەپەڕین.



- ئەو ژوورە تاریکە لەوە دەچێ سامناک بێ!

- پیاوی چاک! ئەوە چ قسەیەکە؟ تۆ بیرێکی سەیرت لە مێشکدایە!

- راستییەکەشی هەر ئەوەیە.

سەروێکی بەرز و بڵند وەک داهۆڵێکی بێ جووڵە بە سەر پێوە وەک پاسەوانێک کێشک چی مردووەکان بێت...

- سەروێکی دزیو و ناشیرینە...

- بەڕاستی وایە...

کوندە بەبوویەک لە نێو دارە سەروەکە دابوو، باڵندەی شووم، بە چەشنێکی غەریب و سەرسووڕهێنەر دەنگی دەهات.

- باڵندەیەکی شوومە ئەوکوندە...

- بەڕاستی وایە.

- هەموو شەوێک لەوێیە.

- هەموو شەو...

- لەوە دەچێ حەزی لێبێ لە نێو مردووەکان دا بژی.

- وێدەچێ...

- ئێستا چی رووی داوە؟

- هیچ! شتێک نەبووە! مێشکم تێک چووە...

سەیرێکی دومینگۆ[٢٩] م کرد. دەموچاوی رەنگی مردووی لێنیشتبوو.

- حاڵت خراپە؟

- نا...

- دەترسی؟

- من؟ لە کێ بترسم؟

29- Domingo

- لە کەس، عەمری من، هیچ کەس. لە بەر خۆمەوە وام گوت.
سنیوربیتوسباستیان گوتی:

- بیبڕنەوە، دەست هەڵگرن، هەردووکتان، ئیتر تاقەتی شەڕ و مەعرەکەمان نەماوە.

- نا...

- زۆری ماوە، پاسکۆئال؟ من لە بیرم چۆتەوە.

- زۆریش نا، لە بەر چی؟

- هەر ئاوا.

هەر دەتگوت دەستێکی نەبین ماڵەکەی دوور و دوورتر خستۆتەوە.

- نەکا بەجێمان هێشتبێ؟

- شتی وا نابێ. چرایەک، شتێکمان هەر دەبینی.

ئەو جاریش بێدەنگ بووین. نە دەکرا لەوە دوورتر بێ.

- لێرەیە؟

- بەڵێ.

- ئەی بۆ نەتگوت؟

- بڵێم چی؟ مەگەر خۆتان نەتاندەزانی؟

لەو بێدەنگییەی ماڵەکەی داپۆشیبوو واقم وڕما. هەروەک عادەت وا بوو بە داب و ڕێوڕەسمی هەمیشە، ژنەکان دەبوو هەر لەوێ مابان، هەموو کەسیش دەزانێ کە ژنان لە قسەکردنا چەندە دەنگیان بەرز دەکەنەوە.

- ڕەنگبێ خەوتبێتن.

- بڕوا ناکەم، تەنیا چرایەک دەسووتێ.

زۆرتر ڕۆیشتین. ئەو جار جوانتر مەعلووم بوو شۆقی چرایەک دەهات.



سنیورا ئینگراسیا لە بەر درگا بوو. [سینهاتە] بە چەشنێک قسەکانی دەر دەبڕی، هەر لەو کوندە دەچوو لە نێو دار سەرووەکەدا بوو. هەر لە یەکدی دەچوون.

- لێرە چی دەکەی؟

- دیارە چی دەکەم. چاوەڕوانی تۆم، کوڕی خۆم.

- چاوەڕێی من؟

- ئەرێ.

- قسەکردنەکەی بۆ من وەک جنێو وابوو.

- لاچۆ لە سەر ڕێم!

- مەچۆ ژووری!

- لە بەر چی؟

- باش وایە نەرۆیی!

- ئێرە ماڵی منە!

- دەزانم، کوڕی خۆم، خودا بکا هەمیشە ماڵی تۆ بێ، بەڵام باشتر ئەوەیە نەچیتە ژووری.

- پێم ناڵێی لە بەر چی؟

- ناتوانی، ژنەکەت نەخۆشە.

- نەخۆشە؟

- ئەرێ.

- چییەتی؟

- هیچی نییە. تەنیا منداڵەکەی لەبار چووە.

- لە باری چووە؟

- بەڵێ ماینەکە هەڵی داشتووە...

فشارم چووە سەرێ و خوێن بەرچاوی گرتم. بە زەحمەت لە وشەکانی حاڵی دەبووم.

ـ ماینەکە لە کوێیە؟

ـ لە تەویلەیە.

دەرگای تەویلەکە نەوی بوو. لە کاتی چوونە ژوورێدا، دەبوو سەر دانەوێنی لەوێشدا چاو چاوی نەدەدی.

هێواش بانگی ماینەکەم کرد.

ـ هێی، ماینەبۆرە!

ماینەکە خۆی بە دیواری تەویلەکەوە مات دا. بە ئارامی چەقۆکەم کردەوە لە کاتی ئاوا تووڕەبووندا، جووڵەیەکی نابەجێ دەتوانی ببێتە هۆی مەرگ و نەمان

ـ هۆیی، ماینەبۆرە، هێی، وەرە، ماینەبۆرە!

دیسان کەڵەشێری بەیانی خوێندی.

ـ هۆیی، ماینە بۆرە!

وردە وردە خەریک بوو خۆی دەخزاندە قولینچکی تەویلەکەوە.

زیاتر لێی نزیک بوومەوە. ئەوەندە نزیک بۆ ئەوە دەبوو یاڵ و پرچی بۆ دابێنم. ماینەکە هەستی کردبوو، بێ ئارام و هەراسان...

ـ هێی، ماینە بۆر! داوەرە پێشێ، ماینەبۆر!

لە چاو تروکانێدا تەواوم کرد. خۆم هاویشتە سەر پشتی و بە چەقۆ تێی بەربووم. کەمتر لە بیست چەقۆم لێدا... چەرمی زۆر ئەستوور بوو گەلێک ئەستوورتر لە پێستی زاکاریاس... کاتێک لە تەویلەکەوە دەرکەوتم دەست و مەچەکم دەهێشا. هەتا ئانیشکم لە خوێندا سوور ببوو. ماینەبۆر هەر دەنگیشی لێوە نەهات. تەنیا ئەوە نەبێ بەقورسی هەناسەی دەهاتە دەرێ، هەروەک ئەو کاتەی لە ئەسپەکە چاکمان دەکرد...



***

لە شتێک دڵنیام ـ هەر چەندە، زۆر درەنگتر وەختێک رقەکەم نیشتەوە باوەڕم بە پێچەوانەی ئەو شتە بوو. لەو چرکەیەدا تەنیا بیرێک لە مێشکمدا دەخولاوە ئەوەش ئەوە بوو، ئەو کاتەی لۆلا هێشتا کچ بوو لە بیری ئەوە دابوو، منداڵەکەی لە بار بەرێ. بەو جۆرە چەندێک گومان و دوودڵی و تاڵی لەوانە بوو تووشمان نەبێ!

لە کۆتایی ئەو رووداوە ناخۆشە دا کەوتمە چاڵی رەشی بێهیواییەوە، ئیتر دوازدە مانگی رەبەق وەک رووحێکی سەرلێشێواو لە ئاواییەکەدا دەخولامەوە.

ساڵێک دوواتر، بەڵێ ساڵێک لە پاش ئەوەی ئەو شتەی کە دەیتوانی داهاتووی بۆ ئێمە بێ بە پێچەوانەی بیری ئێمە بوو، سەر لە نۆێ لۆلا زگی پڕ بۆوە. ئەو جاریش مۆتەکەی جاری پێشوو تەپی داوە سەرم.

کات و زەمان بە گوێرەی خەیاڵی من تێنەدەپەڕی. خوویەکی شێتانەم رەچاو کردبوو. کردارێکی هێندە دزێوم هەبوو، لێم ببو بە سێبەرەکەی خۆم. لێم جیا نەدەچووە.

مڕ و مۆچ و خوێنتاڵ بووم، ترسەنۆک و لە هەمووشت بێزار. چوونکە نە دایکم عال و سال بوو نە خێزانەکەشم حاواوەبوو، ژیانێکمان هەبوو هەر ئێستا ناتاوێکی دی شەڕ و هەرا ساز ببێ. ئەو تووڕە و تۆسنیە لەوانە بوو لە یەکدیمان پڕ ژوبڵاوبکات.

بەوحاڵەشەوە، دەتگوت خەریکین خۆمان ئاور لە ماڵی خۆمان بەردەدەین.

هیچ کاممان زمانمان بە چاک نەدەگەڕا، هەموو لەبەرچاوی یەک ببووین بە دێو و درنج. زۆر زەحمەتە مێشکت تاقەتی ئەو چەند مانگە بهێنێ!

فکر و بیری ئەوە نەکا ژنەکەم دیسان منداڵەکەی لە بار بچێ، لەوانە بوو مێشکم بتەقێ ـ هاوڕێکانم پێیان زانی کە هەڵسووکەوتم وەک جاران نییە. هەتاکوو چیسپا ـ هەر ئەو سەگە، ئەو وەختە هێشتا زیندوو بوو وا دیار بوو زۆر بە موحیبەتەوە سەیرم دەکا.

هەر وەکوو جاران دەمدوواند.

ـ چی بووە، خانم.

ئەو کاتە بە چەشنێک تەماشای دەکردم پێم وابوو بە تەمەنا و پاڕانەوە داوای شتێکم لێدەکا. پەیتا پەیتا کلکە سووتەی دەکرد، ئەگەر بە وردی سەرنجت دابایە دەم و لێوی جووڵەی دەهات، لە روانینیدا حاڵەتێک هەبوو بەس بوو بۆ ئەوەی کار لە ناخت بکا. ئەوەش منداڵەکانی لە هەناویدا خنکاندبوو.

لەگەڵ ئەو گشتە بەستەزمانییەی، بێگومان باش تێگەیشتبوو سەبارەت بەو نەدامەتییەی چ هەستێکم هەیە. تووتکە تۆپیوەکانی سێ دانە بوو سێ تووڵەی وەک یەک، سوورتاڵ، چەور و چڵێک، دەتگوت بەچکە مشکن لە بن پنجەپنگەیەکدا، زەویی بۆ کۆڵیبوون و حەشاری دابوون.

ئەوەندەی بە نیازی راوەکەروێشک روومان دەکردە دارستانەکە هەر کە بۆ حەسانەوە رادەوەستاین تاکوو پشوویەک بدەین بۆنی بە قولکەکەوە دەکرد و لە رواڵەتیدا خەفەتی هەموو مێوینە بێ بەشەکان دەبینرا.

لۆلا زگی هەشت مانگ بوو، هەمووشت بەرێک و پێکی دەچووە پێشێ.

لە سایەسەری رێنوێنییەکانی سنیورائینگراسیا،وە زگ پڕ بوونی خێزانم لەوە دەچوو ببێ بە باشترین زگ پڕ بوونی دنیا. چەند مانگ بە



دووی یەکدا تێپەڕ بوون. یەک دوو حەوتەی ئاخری وای نیشان دەدا ترس و دوودڵییەک لە گۆڕێ دا نییە.

سەرەڕای ئەوانەش ترس و دڵەڕاوکێ دەست بەردارم نەبوو، لە هەر ئانێکدا ئارامم لێبڕابوو. ئەوەندە بێتاقەت و پەرێشان بووم هەر ئەو کاتە دڵنیا بووم ئەگەر ئەو وەختە هۆش و بیرم نەدۆڕێنم، هەتا ماوم خۆ بە دەستەوە نادەم.

راست هەر لەو کاتە دا، کە سنیورائینگراسیا ئاماژەی پێکردبوو، دەتگوت لولا کاتژمێرە ـ ئەوەندە راست و دەقیق ـ کوڕەکەم، یەکەم کوڕم لە دایک بوو. ئەوەندە بە بێ گیروگرفت هاتە دنیا سەرم لێ سووڕ مابوو، بەڵام هەر ئەو وەختەش ترس و گومانم هەبوو. ناوم لێنا پاسکۆئال، وەکوو بابی، خزمەتکاری ئێوەیە پێم خۆش بوو ناوی بنێم [ئێداواردۆ] چوونکە لە رۆژی پاک دا لە دایک ببوو، لەو دەوروبەرە داب وابوو.

بەڵام خێزانم، زۆر لە جاران رووح و دڵمی تلیسا بۆوە، سوور بوو لە سەر ئەوەی کوڕەکەمان بە ناوی منەوە بکا، بێ ئەملا و ئەولا رازیی کردم. لە بەر ئەوەی قسەکانی لە جێی خۆی دا بوون بە کەیفم بوو هەر چەند ئێستا نەگونجاو دێتە ئەژمار بەڵام لەوە دڵنیا بن ئەو کاتە خێزانم وەک مێو نەرمی کردبووم، هەر وەک منداڵێک بە جووتێک چەکمەی سوور دەخەڵەتێ. بە ویژدانم سۆیند لە دڵەوە سوپاسی دەکەم. لە بەر ئەوەی ژنێکی قەوی و قۆڵ و زۆر بە تاقەت بوو، دوو رۆژ لە دووای منداڵ بوونەکەی هەستاوە و ملی نا لە کار و باری نێو ماڵ، هەر دەتگوت نەبای دیوە و نە باران.

کاتێک مەمکی دەخستە سەر زاری ساواکە، بسکە کانی بە سەر شانیدا پەخش و پەرێشان دەبوون. لە پێش چاوم حۆری لەقایە. وام دەزانی بە عومری خۆم جوانی وام نەدیوە.

هەر ئەوە بەس بوو تەواوی کۆسپەکانم بسڕێتەوە. بە درێژایی چەند کاتژمێر لە پەنا تەختەکەی دادەنیشتم. لۆلا بە ئارامی دەی دواندم، دەتگوت دنیایەک شەرم گرتوویەتی.

سوور هەڵگەڕابوو. دەیگوت:

ـ ئێستا نۆبەرەیەکم دابە تۆ...

ـ هەر وایە.

ـ منداڵێکی رەزاسووکە...

ـ لە خودا بەزیاد بێ.

ـ کاتی ئەوەیە باشمان ئاگا لێی بێ.

ـ بەڵێ ئێستا دەبێ بیپارێزین.

ـ وریابە، بەرازەکان.

ئێستاش دەکەومە بیری ماریو، ی هەناسەساردی برام. خۆ ئەگەر منیش کوڕەکەم وەکوو ماریو بە ئازارەوە ژیابا، کوڕێک چارەنووسی وەکوو ئەوی بایە، بە بێ سێ و دوو لێکردن لە چۆمیم دەهاویشت تا ئەوەندە بە ئازارەوە نەژی.

ـ بەڵێ وریای بەرازەکان...

ـ یاوو لەرزەکانیش.

ـ ئەرێ.

ـ هەروەها وریا بین تاو نەی گەزێ.

ـ بەڵێ، ئاگامان لێی بێ تاو نەیبا.



لە خەیاڵی ئەوەدا، ئەو ناسک و نازدارە کوڕی منە چۆن دەتوانێ لەگەڵ ئەو هەموو کەند و کۆسپە بەرەورووبێ ئۆقرەم لێ هەڵگیرابوو.

ـ دەبێ دەرزی [واکسینە] ی لێدەین.

ـ با، نەختێکی دیکە گەورە ببێ...

ـ دایمە کەوشی لە پێ دەکەین، هەتا لاق و لەتەری زامار نەبێ.

ـ هەرکە تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵان وەبەر خوێندنی دەنێین.

ـ منیش فێرە راو و شکاری دەکەم...

بەو قسانە لۆلا وەپێکەنین کەوت. چەندە کەیفی ساز بوو! چ لە ئێوە وەشارم ـ منیش خۆشحاڵ بووم. لەو حاڵەشدا بە دیتنی ئەو دڵخۆش بووم، خانمی خانمان، منداڵێک بە باوەشەوە، هەر وەکوو مریەمی عەزرا، قەزای لە من.

ـ پیاوێکی بە ئەزموونی لێ دەردەهێنین!

چەندە لەو باوەڕە دوور بووین کە خوداوەند ـ سەیتەرەی بە سەر هەموو شتێکی ئەم کەونە دا هەیە ـ ئەویشمان لێدەستێنێتەوە!

چرای بەختەوەریمان، تەنیا داراییمان هەست و نیستمان، کۆڕەکەمان، دەبوو لە دەستمان بچێ. جا بەر لەوەی دەرفەتێک مان بۆ پێش بێ، فێری بکەین چۆن پێ هەڵبگرێ. یان لە کوێرە رێگایاندا بە چاو سەیری بکەین. چ رازێک لە ئەوین دایە راست هەر لەو کاتەدا کە نیازمان پێیەتی، لە دەستمان دەچێ و بە جێمان دەهێڵێ؟

بەر لەوەی بە راستی بزانین بۆچی، بە ترس و نیگەرانییەوە سەیری منداڵەکەم دەکرد. دایمە وام هەست دەکرد لە مەترسی نزیکین نازانم بە قازانجم بوو یان بە زەرەرم. هەستم بە رووداوێک دەکرد پێش ئەوەی رووبدا، هەر وەکوو هەموو وەختێکی دیکە، چەندمانگ دوواتر، وەک بڵێی

بۆ بەجێهێنانی چارەی ڕەشم ڕاست بۆوە، بەخت و نێوچاوانێکی کە هیچ کات باشی نەهێنا بۆ من.

خێزانم دایمە و هەردەم سەبارەت بە منداڵەکە لەگەڵ مندا قسەی دەکرد.

- خەریکە باش گەورە دەبێ... دەڵێی بەرخی تێر شیرە.

ئیتر ئەو قسانە تەواو بوونی نییە سەبارەت بەو منداڵە خەریکە تووشی پەرێشانی دەبم. خەریکی ئەوەیە داخ و دیق لە سەر دڵم دانێ و... گەرەکیەتی جەرگم بە تەندوورەوە بداو بڕوات، ماڵ و حاڵم لێبکا بە وێرانەیەک و بەگردەنشینی بم بینێ، هاودەمی شەو و ڕۆژم بۆق و مار بێت، پێی خۆشە تووشی دەربەدەری و سەر لێشێواوی بم، هەستم دەکرد، دڵنیا بووم، قەزا و قەدەر دەست بەردارم نابێ، لێم ڕوون بوو درەنگ یان زوو یەخەم دەگرێ، بە کردەوە لەگەڵ ئەودا دەسەڵاتێک شک نابەم، من کە دەروستی نایەم ئەو بەختە بە بەژنی من بڕاوە مێشک و ئاوەزی تێک هەڵ شێلاوم، ئیتر چیم بۆ ماوەتەوە. جاری وابوو بە چەشنێک لە پاسکۆئال، ی وردیلە ڕادەمام، خۆم وەک گوێرەکەیەک دەهاتە بەر چاو. لە پڕ هەر دوو چاوم پڕ دەبوو لە ئاو. کاتێک دەمبینی ئەوە خەریکم دەیدوێنم:

- پاسکوئال، کوڕی خۆم...

ئەویش بەو چاوە زیتانەی سەیری دەکردم و پێدەکەنی. سەرلەنوێ خێزانم باسەکەی هێناوە گۆڕێ، کردبووی بە بنێشتە خۆشکە.

- پاسکوئال، رووحە شیرینەکەمان یەک ڕۆژەی دوو ڕۆژەیە.

- بێچاوێنی بێ، لۆلا. هیوادارم بە دەمی تۆ بێ!

- بۆ چی بەم جۆرە قسە دەکەی؟

- لە بەر ئەوەی منداڵ زۆر ناسکە.



- ئەو بیرە کۆنانە لە مێشکت دەرهاوێژە!

- نا، ئەوە فکری کۆن نییە... تەنیا دەبێ زۆر وریای بین!

- زۆر، زۆر.

- هۆشمان پێوەی بێ سەرما لێی نەدا.

- بیگرێ کاری تەواوە.

- هەڵامەت منداڵی ساوا دەکوژێ.

- منداڵ، بەبایەک ساغە و بە بایەکیش نەخۆشە!

ئەو دمەتەقەیە، لە سەرەخۆ، دەگەیشتەکۆتایی، وەکوو هەڵوەرینی باڵی پەلەوەران و سوورەگوڵان. وەک بوورانەوەی کۆرپەکان. ئەو منداڵانەی تارۆژی مردن بە دەم ئازارەوە دەتلێنەوە...

- پاسکوئال، دەترسم.

- لە چی دەترسی؟

- ئەوەهات و مر...، د؟

- بێدەنگ، ژنەتیوە!

- ئەو ساوایانە وەک پەپوولە وان، بەتایبەت لەو تەمەنەدا.

- کوڕی ئێمە تولفێکی ساخە، لەش و لاری وەک تۆپی گوڵ وایە، شەو و ڕۆژ هەر پێدەکەنێ.

- بە ڕاستی هەر وایە، پاسکوئال من چەندە گەمژەم.

ئەوسا، لە دڵەوە تووڕە بوو کۆرپەکەی بە خۆیەوە گوشی.

- تەماشاکە!

- چی؟

- منداڵەکەی کارمن چی کوشتی؟

- جا ئەو بە تۆ چی؟

- پاسکوئال، تەنیا دەمەوێ بزانم...

ـ دەڵێن بە هەڵامەت مردووە.

ـ یانی ئاهۆ بوو؟ ئاهۆ یەکی کوشندە؟

ـ وا دیارە.

ـ کارمەن، ی هەناسە سارد، چەندە ئەومنداڵەی خۆش دەویست. بە منداڵەکەی دەگوت «تۆش وەک بابت چۆلەکەی بەهەشتی،» لە بیرتە؟

ـ لە بیرمە.

ترس و خۆف و هیوا و دڵەراوکێی مرۆڤ تا زیاتربێ هەر ئەوە خێراتر ریشەی دەردەێنێ و دەیکوژێ.

ـ بەڵێ، لۆلا.

ـ دەبێ زووتر بزانین کە ئەو منداڵانە تا چ ماوەیەک لە لامان دەبن.

دەبێ لە نێو چاوانیان نووسرا بێ...

ـ بێبڕەوە، لۆلا!

ـ بۆ چی؟

ـ ئیتر تاقەت ناهێنم گوێ بۆ قسەکانت را بگرم!

خۆ ئەگەر دارێک، بێڵێک بە سەرمدا درابا هەر بە قەت قسەکانی لۆلا گێژی دەکردم.

ـ بیستت؟

ـ چی؟

ـ پەنجەرەکە.

ـ ئەرێ، هاژەهاژە، وا دیارە هاشەی با ـ یە، لەوە دەچێ رەشە با ـ بێت، گەرەکییە خۆ بە ژووریدا بکات...

شەقەشەقی پەنجەرەیە، رەنگبێ، با ـ یە کە جووڵاندبێتی، دەنگی هەر لە ناڵەی نەخۆش دەچوو.

ـ منداڵەکە نووستووە؟



ـ ئەرێ.

ـ کەوابێ خەریکە خەون دەبینێ.

ـ ئەی بۆ من هیچ نابیستم، گوێم لە هیچ نییە.

ـ وا دیارە دەناڵێنێ. لەوە دەچێ حاڵی باش نەبێ...

ـ دیسانیش فکری خراپ، بیری رەش.

ـ خودا بکا، قسەی تۆ بێ. دەنا، چاوی خۆم دەکوڵم... لە ژووری نووستنەکەوە، ناڵە ناڵی منداڵەکە بەرزبۆوە، هەر لە گمەی کۆترێکی باڵ شکاو دەچوو.

ـ دەنگی ناڵە ناڵی دێت!

لۆلا بە لەز رۆیی تاکوو بزانێ چییەتی. منیش لە چێشتخانەکەدا مامەوە و مژم لە سیغارەکە دا، هەر ئەو سیغارەی لە کاتی پەژارەدا خەفەتم لە سەر لادەبا.

تەنیا چەند رۆژ ژییا. وەختێک بردمان بۆ گۆڕستان، تەنیا یازدە مانگی بوو. یازدە مانگ ژیان و ئاگا لێبوون و چەوسانەوە، با ـ ی رەش نفووسی پیس و نەدامەتی لێی سەندینەوە و بردییەوە.

***

زۆر سەیر نییە خودا تۆڵەی ئەو گوناحانەم لێبکاتەوە، وا کردوومن، یان دەبوو بیکەم. هەر ئەوە نەبووە؟ سەیریش نییە ئەوانە خودا لە پەروەندە و قەباڵەی مندانەینووسیبێ. ئەوەیە بەخت و بەشی من، چارەڕەشی، نەدامەتی. ڕێگای پڕ لە ئازار و کوێرەوەری تەنیا ڕێگایەکە، هەر ئەو هەنگاوە لاسارانەی من لەو ڕۆژە پڕ لە کۆسپانە دا دەتوانێ هەنگاوی تێدا بنێ!

خوو گرتن بە بەدبەختی و چارەڕەشی کارێکی نەگونجاوە، بڕوات هەبێ، لە بەر ئەوەی، ئێمە دایمە دڵنیاین ڕووداوی بەرێ ئاخرین ڕووداوە هەر چەندە، لە پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەک دان بەوە دادەنێین ـ بە چ هەستێکی تاڵەوە! ـ کەوا ئێستاش لەوە خراپتر لە ڕێگەمان دا هەیە... ئێستاش بیر لەو شتانە دەکەمەوە، خۆ ئەگەر لە وەختی منداڵ لە بار چوونەکەی لۆلا دا یان چەقۆ لێدانەکەم لە زاکاریاس شک و گومانم هەبا، کەوا لە حەژمەتان مردنم بە چاوی خۆم دەبینی، تەنیا هۆیەکەی ئەوە بوو ـ باوەڕت هەبێ! ـ بە عومرم بڕوام نەدەکرد، کە ڕۆژگاری ژیانم ئەوەندە پڕ بێ لە تاڵی.

کاتێک پاسکوئاڵ، ی ساوا بە جێی هێشتین، سێ ژن بە دەورمانەوە بوون سێ ژن، کەم تا کورتێک دەمناسین، هەر چەندە زۆر جاران وام هەست دەکرد، زۆر لە غەریبەکان بۆ من غەریبترن، بە قەت تەواوی دنیا لە من دوور و نامۆن. هیچ کام لەو سێ ژنە، بە ویژدانم سوێند بێ، نە بە ڕفتار و کرداریان، نە بە موحیبەت و خۆشەویشی یان نەیانتوانی کوڕەکەم بۆ بهێننەوە، یان قورسایی ئەو هەموو خەفەتە لە سەر شانم سووک بکەن، بە پێچەوانەوە دەتگوت هەر هەموویان دەستیان داوەتە دەستی یەک هەتاکوو بە قوڕە ڕەشەکەدا بمبەنە خوارێ. ئەو سێ کەسە، خێزانم، دایکم و خوشکم بوون.



چ ـ کەسێک فکری دەکردەوە کارەکە ئاوای لێبێ. ئەوەش لە ئەقڵی من، چەندە باوەڕم بەو سێ کەسە هەبوو! ژنان وەک کتک وان، سپڵە و پێ نەزان. کار و پیشەیان دایمە بۆتە بۆڵەبۆڵ.

ـ چۆلەکەی بەهەشتی، بابردی، ڕەشە با ـ ی ژیان کوژ!

ـ بەجێی هێشتین، ڕۆیی بۆ بەهەشت!

ـ بەستەزمان، لە ئاوی شەو پاکتر بوو!

ـ ئاخ! چ کۆسپێکی جەرگبڕە!

ـ بە باوەشمەوە تەواو بوو!

پەکوو لەو شین و شەپۆڕە هێدی و لە سەرە خۆ جار جارەش وەک شەوی مەستان! هەر وەک لەقەلەقی گوێدرێژ. ئیتر ئەوەکاری هەموو ڕۆژیان بوو. حەوتە لە سەرحەوتە... پڕمەترسی بوو، گوشاری دەخستە سەر ڕووحی، نەفرەتی خودا، لە نێو چاوانی گەردوون. ددانم بە جەرگی خۆمدا گرت. تێگەیشتم، کە ئەوینە، سەرەڕای حەزو تاسەیان، ئەوان بێ ڕوحم و دڵ دەکات.

حەولم دەدا گوێیان پێ نەدەم، سەرنج نەدەمە دەوروورووبەرم هەروەک ئاگام لە تەعزییە و مەراسیمیان نەبوو بێ، بە بەر چاومەوە هەر لە کایە و یاری بیبی جان[٣٠] دەچوون، قسەیان دەکرد، وەمدەزانی با ـ ی دێ بەبنگوێم دا... حەولی ئەوەم بوو، زەمان ڕابرێ و لە خەمەکانی منیش کەم بکاتەوە، دەکۆشام وەک گوڵێکی سووری هەڵپساو وردە وردە سیس ببێ، ئاوری دەروونم دابمرکێنم، مەڵۆمەڵۆ، خەفەتم کۆ دەکردەوە، لە حەولی ئەوەدا، بووم، تا ئەو جێیەی دەگونجێ کەمتر کوێرەوەری ببینم. ئەوانە دڵەڕاوکێی خۆڕایی بوون. ڕۆژ لە ڕۆژێ زیاتر

٣٠- بیبی جان: کەسێک، لەژێر کورسیدا، چەندە بووکە چینی سەروچاو بۆیە کراوی لە کونێکەوە دەهێنا دەرێ و سەمای پێدەکردن. وەرگێڕ

سەرم لە بەختەوەری ئەو کەسانە سوورِ دەما هەرکە لە دایک دەبوون، دەکەوتنە سەر جاددەی بەختەوەری و ژیانێکی پڕ لە خێرۆبێر، لە پەنا ئەوەشەوە ئاشی گەردوون ژیانی منی دەهاڕی و خەونەکانیشمی قەلآچۆ دەکرد.

هەرکە ئێوارە دادەهات، دنیام لێ دەبوو بە چەرمی چۆلەکە، هەر لە ئاورەوە بگرە هەتا هاری.

دژوارترین کاری رۆژانە، هەڵکردنی مۆمی چێشتخانەکە دەوروبەری کاتژمێر حەوت بوو. هەموو سێبەرێک لە پێش چاوم، وەک کوڕە مردووەکەم دەچوو هەروەها بەرز و نەوی بوونی گڕی ئاگرەکەش، هەر دەنگێک لە شەو دا، تەنانەت سریوەیەکیش، بەڵام لە گوێی مندا وەک زرمەی کوتکی ئاسنگەران وابوو بە سەر سندانەوە.

سێ ژن، بە جل و بەرگی عەزاوە، رەش پۆش، دەتگوت قاڵاون بە دەوری کەلاکەوە، ئێستا وەک داهۆڵی مەرگ کش و بێدەنگ بوون. مرومۆچ هەر وەک پاسەوانانی سەر سنوور، لە هەر چرکەیەکدا حەولم بۆ ئەوە بوو، ئەو بێدەنگییە بشکێنم.

- چەندە هەواکەی ناخۆشە.

- بەڵێ...

دیسانیش بێدەنگی باڵی وەسەر کێشاینەوە.

سەرلەنوێ حەولم دەدا.

- وا دیارە سنیورگرگوریو[31] نایهەوێ هێسترەکەی بفرۆشێ. لەوە دەچێ بۆ ئیش و کاری خۆی پێویستی پیی هەبێ.

- هەروایە...

- چووبووی بۆ دەم رووبارەکە؟

31- Gregorio



- نا...

- چوویە سەر قەبران؟

- نا، ئەویش نا...

هیچیان لەگەڵدا ناکرێ. قەت ئەوەندە بە تاقەت نەبووم، سەبرم لێبڕا. وام لە خۆم نیشان دەدا، هەڵس و کەوتی ئەوانم بە لاوە بێ نرخە، دەمهەویست لە شەڕ و هەرا دوور بین. بەڵام رۆژێک روودەدا، وەک ئاهۆی پیس یان گرگان بێ چارە بوو. وەکوو سێحر و جادوو یان مەرگ، لە بەر ئەوەی کەسێک نەیدەتوانی پێشی پێبگرێ. ئەوەی بەدبەختی دنیایە وا دیارە بە سەر مندا دەبارێ، ئەو شتانەی هەتاکوو بە خەونیش نەم دەبینی، بە پێدەزە، وەک گورگ، وەک دووپشک، بە چزووی پڕ لە ژەهرەوە ئاوقام دەبوو. هەر ئێستاش دەتوانم ئەوانە بێنمە بەرچاوی خۆم. بە بزە ژاراوییەکانییانەوە، بزەی شاراوەی ئەو ژنانەی کە مایەی فیتنەن، ئەو روانینە مەکربازانەیان. رەوتی چرکەکان بۆمن رووخێنەر بوو وشەگەلێک بەرگوێم کەوت. دەنگدانەوەیان مێشکی پیاوی دەکڕاند. دەتگوت ئەو دەنگانە لە گۆڕستانەوە دێت.

- دەرەوە تاریکە سەلاتە.

- هەر بەڕاستی وایە...

پێم وابێ کوندەکەش لە نێو دارە سەروەکە خۆی حەشار دابوو.

- هەر لە ئاواها، شەوێک دابوو...

- ئەرێ.

- نەختێک درەنگتر...

- بەڵێ.

- شەپۆلی با - دەرودەشتی وەئامان هێنا بوو، رەشە با...

- لە نێو باخە زەیتوونەکەدا، ون ببوو...

ـ بەڵێ.
بێدەنگی وەک مژ نێو ژوورەکەی داگرتبوو.
ـ بە چیدا دیارە هاتبێتە ئێرە؟
ـ رەشەبا!
لۆلا زۆر درەنگ وڵامی دەدایەوە.
ـ نازانم...
ـ حەتمەنە هەر وا رۆیشتووە، تاکوو زەریا!
ـ منداڵەکانیشی لە نێو برد...
دێڵە شێرێکیش لە کاتی برسییەتیدا، باوەڕناکەم بەقەت ژنەکەی من درندە و مرۆ خۆربێ.
ـ ژنێک وەک شووتی بقەڵەشێ! منداڵی ببێ رەشەبابێت و بیا، ئەی چارەڕەش بەختت کوێر بێتەوە!
ـ ئەی خۆزگە لافاوێک بێت و رەشەبای مرۆکوژمان لەکۆڵ بکاتەوە!
ـ قەلافەتت حاڵم هەڵ دەشێوێنێ!

..........................................................................................

ـ لەش ولاری پیاوانت دڵم لە ژێلا دەهێنێ!

..........................................................................................

نەبەرگەی گەرمای هاوین دەگری و نەبەرگەی سەرمای زستان!

..........................................................................................

ـ گەرما، و سەرما، هەردوویان بۆ تۆ باش نین!

..........................................................................................

ـ هەر لە بەر ئەوە بوو دەم و لێوی وەک کاڵەکە مارانەی لێهاتبوو؟

..........................................................................................



ـ هەر لە بەر ئەوە لە تۆ دوو منداڵم بوو، دوو منداڵی تۆ یەکیان ولاخ کوشتی و ئەوی دییان رەشەبا ـ بردییەوە؟

..........................................................................................

عەقڵ لە مێشکیدا نەما، وەک ئەوژنەی دێو و درنجی جەمەندەم رووح و گیانی لە کۆشی نابێ، وەک پشیلەی وەحشی مرخەی دەهات و پەلاماری دەهێنا... منیش لە بێدەنگیدا چاوەروانی راستییەکان بووم:
ـ تۆ هەر لە براکەت دەچی!
... (دووپشک بە کلک پێوە دەدا ژنیش بە زمانی!) لە پشتەوە خەنجەری لێدام...

..........................................................................................

(کاتێک گلۆڵەت کەوتە لێژی، هیچ کەس خاست نابێژی) ئێتر ژیانت سوار و ئەتۆش پیادەی. وەک نقەی لە تۆڕ کەوتوو تەقەلا بۆ رزگاری بێسوودە. هەتاو کوێرت دەکا، ناڵەی هەوران کەڕ و ماتت دەکا، فشارخوێنیش مێشکت دەقەقەینێ.
ئەو جار نۆرەی ئەو ژنەی دیکە بوو:
ـ خۆزیا بابت دەیبینی چ پیاوێکت لێ دەرهاتووە!

..........................................................................................

ـ خودا نەکا جێگایەکت برووشێ، دەڵێی حەوت ساڵە مردووی!

..........................................................................................

ـ لە دەستی ئەو ژنەت!

..........................................................................................

ئاخۆ دەبوو هەروا بڕواتە پێشێ؟ هەتا دنیا دنیایە هەتاو هەر دەمێنێ، ئێستاش و داهاتووش هەروا. تیشکەکانی زال و زاڵمان کوێردەکا، رێگەنادا تاریکی چاو هەڵ بێنێ.

ـ تەواوە! بیبڕەوە.

نەدەبوو دایکم لە بەر خەمی ئەو کۆستەی وا بە مردنی کوڕەکەمەوە تووشم هاتبوو، بەستەزمان هەناسە سارد، تەنیا یازدە مانگ ژیا و کووانووی بەختەوری کوێرکردمەوە، سەر کۆنەم بکا.

ـ ئاگری چی؟

ـ ئەو ئاگرەی تۆ لە وڵاتت بەرداوە...

دایکم قەڵافەتێکی بۆ خۆی ساز کرد، هەر دەبوو سەیری بکەی.

ـ گەرەکتە بەم قسانەت چیم پێ بڵێی؟

ـ پیاو لە دەستی تۆ لەوانەیە شێت ببێ، شێت.

ـ ئەو پیاوەی کە تۆبی شێتیشی لێ ناوە شێتەوە!.

ـ یان هەرکارێکی لە دەستت دێت.

تێنەگەیشت، دایکم تێنەگەیشت، تێم رامابوو، دوواندمی... ئەی خۆزگە تێم رانەدەما.

هەتا ئێستا ئەو گورگانەت بینیوە دەچنە سەر کێوان؟

ئەو هەڵۆیانەت دیوە باڵ لە هەوران دەسوون، ئەو سوججە مارانەی لە پەنا دار و بەرد، دا بۆسە دادەنێن؟...

پیاو دەتوانێ لە دانە دانەی ئەوانە خەراپتر بێ، یەکجار خراپتر!

ـ لە بەر چی ئەوانە بە من دەڵێی؟

ـ هەر ئاوا!

وام بە خەیاڵ داهات پێی بڵێم:

ـ ناچار دەبم بتکوژم!

..........................................................................................

..........................................................................................



لەگەڵ خوشکم بە یەکەوە ماینەوە، ئەو خوشکە حەیا تکاوەی من، ئەو خوشکە بێناموسەی من، ئەو خوشکەی وا ژنە حەیا بەخۆیەکان بە دیتنی خەجاڵەتیان دەکێشا و سەریان بەردەداوە.

ـ گوێت لێبوو؟

ـ ئەرێ.

ـ قەت بڕوام نەدەکرد ئاوا بێت!

ـ منیش باوەڕم نەدەکرد...

ـ قەت قەت فکرم نەدەکردەوە لە ناخەوە نەفرین لێکراوبم.

ـ وانیت؟

رەشەبا ـ لە دارستانەوە وەهەڵی کردبوو، با ـ ی شوم و ژیانکوژ، ئەو شەوە لە باخە زەیتوونەکانەوە دەستی پێکرد، ڕەشەبا ـ یەک زارۆکانی دەکوشت و خۆی گەیاندە دەریا... لە بەردەم پەنجەرەکەدا دەیلووراند.

هێندەی نەمابوو فرمێسکەکانی رۆساریو دابارێن.

ـ بۆ چی دەڵێی نەفرین لێکراوی؟

ـ من ناڵێم.

..........................................................................................

ـ ئەو دوو ژنە وا دەڵێن.

چراکە پتەپتی دەکرد، وەک هەناسەدانی ئەودەمەی کەسێک لە ئاویلکە دایە چێشتخانەکە بۆنی[استیلن] ی لێدەهات، بۆنێکی دڵنشین کەوا دڵ و گیان هەر چەشنە خۆشییەک بوو.

خوشکم بە راست ترسابوو رەنگی پەڕیبوو. ئەو ژیانەی ئەو رایدەبرد، نیشانە و رفتاری بێڕوحمانەی لە سەر چاو و دڵ و دەروونی دانابوو.

من بەو موحیبەتەوە خۆشم دەویست. هەر ئەو موحیبەتەی ئەو دەرحەق بە من هەیبوو.

ـ روساریو، خوشکی من...

ـ پاسکوئال...

ـ رۆژگارێکی پڕ لە دەرد و خەفەتمان لە پێش دایە...

ـ هەمووی چاک دەبێ...

ـ خودا بکا وابێ!

دایکم هەمدیسان وەقسەهات.

ـ من دڵم ناحەسێتەوە.

خێزانیشم، شەڕنگێزانە، بزەی ژەهراویی لە سەر لێو بوو.

ـ دیمەنێکی سەیر و سەمەرەیە، ئەو خەڵکەی وا چاوەڕوانن خودا گرێی پووچکەی هەموو کارەکانیان بۆ بکاتەوە!

خودا لەو سەرەیە، هیچ شتێک لە چاوی ئەو ون نییە.

ـ ئەگەر هەموو کارەکانی چاک کرد و گرێ کوێرەکانی کردەوە، چی؟

ـ ئەوندەش خۆشی ناوێین...

..........................................................................................

..........................................................................................

بە بێ بیرکردنەوە پیاو دەکوژێ، بە بێ ویستی ئەو.

پیاو رق و قینی لە دڵ دەگرێ، لە ناخەوە بێزار دەبێ، شێتانە، تیخی چەقۆکەی لە زامن ترازاند. چەقۆی ئامادە و حازر لە دەستا، بە پێی پەتی خۆی دەگەیەنێ بەو تەختەی وا نەیارەکەی لەوێدا نووستووە، شەوە، بەڵام مانگ لە پەنجەرەکەوە سەرەتاتکێ دەکا، دەبینێ ئەو خەریکی چییە. جەنازەیەک لە سەر تەختەکەیە، کەسێک زۆر نزیکە جەنازەیەکی لێ ساخ ببێتەوە. ئەو پیاوەی لە ناکاو بە سەر دا کەوتبوو



تەماشای دەکات، گوێ بۆ هەناسەدانەکەی رادەگرێ. جووڵەیەکی نییە، هەر دەڵێی هیچ ناقەومێ. لە بەر ئەوەی ژوورەکە کۆنە بووکەڵ و پەل لەقولۆق بوون. تۆزێکیش جێی ترسە. لەوانەیە مردووەکان گیانیان بێتەوە بەر زیندوو ببنەوە. زۆر لەوە دەچێ کاری چەقۆکە هاسان بکاتەوە. هەیکەلی نووستووەکە بە مەلافەکەوە راست دەکاتەوە، هەڵدە خولێ. بەڵام هەروا خەوتووە قەڵافەتێکی زەبەلاحە. لەگەڵ ئەوەشدا، مەلافەکان لەوانەیە چاوخەڵەتێن بن. هێور و لەسەرەخۆ، بەووردی، کابرای ناوەخت نزیک دەبێتەوە، دەست دەبا، تاکوو بەلەشیدا بهێنێ. لە خەودا، لە خەوی خۆشدا، پێویستی نییە، کەنەیار شتێک بزانێ...

بەڵام ئەوە رێگای کوشتن نییە. ئەوە رێگای پیاو کوژەکانە. پیاوە بێ ناوەختەکەش کەوتە بیری ئەوە خۆی لەو هەرایە بکێشێتەوە، هەر لەو رێگەیەوە کەهاتبوو گەڕایەوە... نا، مومکین نییە. بیری لە هەمووشت کردۆتەوە. تەنیا یەک چرکەیە، یەک چرکەی کورت، دوواتر...

گەڕانەوە نامومکینە. بەم زووانە رۆژ دەبێتەوە، لە بەر رووناکی رۆژێ، پیاوەکە ناتوانێ، بە هیچ جۆرێک ناتوانێ خۆی لە بەر روانینی ئەو چاوانە رابگرێ، روانینێک بەبێ هیچ چەشنە ترس و خۆفێک لە سەر ئەوی هەڵناگرێ.

وا چاکە تێی تەقێنێ. لە ئاوایی دەرکەوێ. رووبکاتە شوێنێک کە لەوێ کەسێک نەیناسێ، شوێنێک نەفرەتی لێ بڵاو بکاتەوە، نەفرەتە تازەکان. ساڵیانی ساڵی پێدەچێ هەتا نەفرەتێک سەر لە هێلکە دەربێنێ. پیاوێکی دی منداڵ نییە، تا ئەو کاتەی نەفرەتی نوێ پێبگات و لەگەڵیدا گەوە ببێ. وەرزی ژیانی گەییوە بە پاییز. ئیتر دڵی بەرگەی ئەو هەموو ژاراوە ناگرێ، شان و باهۆی لە کارکەوتووی بەلاوەناوە...

***

نزیکەی مانگێک دەبێ هیچم نەنووسیوە. ئەو ماوەیە دمەوڕوو لە سەر دۆشەکی کا ـ خەوتم. ڕەوتی زەمان لە پێش چاوم بە شەلەشەل تێپەڕ بوو، جاری وایە کاتژمێرەکان دەڵێی باڵیان لێڕوواوە بەڵام زۆر جاریش وەکوو پێ بە سەر پێکوڵدابنێ کات بە سەر دەچێ و هەرناڕوا. لێدەگەڕام بیر و خەیاڵم هەڵبفڕێ، فڕینێکی ئازادانە. ئەوە تەنیا شتێکی منە کە دەتوانێ ئازاد و سەربەخۆ بێت، چاوم لە قەڵەشتی بن میچەکە بڕیوە، حەولم داوە، وەک ئەو کەسانە بچم کە ناسیومن. بە درێژایی ئەو مانگە، بەڕاستی، چێژم لە ژیان وەرگرتووە ـ بە شێوەی خۆم ـ کە هیچ کاتێک وەرم نەگرتووە، بە درێژایی ژیانم. سەرە ڕای تەواوی خەم و خەفەتەکانم، هیچ شک و گومانێک لەوەدا نییە. کاتێک ئارامی دەڕژێتە هەناوی تاوانبارانەوە، وەک ئەو پەڵە بارانە وایە دەبارێتە سەر کێڵگەی تینوو چاولە باران، تینوویەتی زەوی دەشکێنێ لە بەندەن و شاخ و کێو گوڵاڵە سوورە سەر دەردەهێنێ هەر بەو دەلیلە ئەوشتە دەڵێم ـ زۆری پێچوو، هەتا بە باشی تێبگەم ئارامی رووح و گیان وەک بەرەکەتی خودا وایە بۆ بەشەر، بە نرخترین بەخشش و بەرەکەتە، فەقیر و هەژاران دەتوانن بە هیوا و ئومیدی خۆیانی بزانن و پشتی پێ ببەستن، ئێستاکوو ئەو شتانە دەزانم، هەر بۆیە سەبر و ئارامی بە خۆشییەوە لە دڵی من میوانە، ئیتر زۆر بە خوشحاڵییەوە چێژ وەردەگرم ـ چێژوەرگرتنێکی شێتانە ـ زۆریش لەوە دەترسم، نەکا ئەو ماوەیەی بۆم ماوەتەوە، لە کیسم بچێ، ئەو ماوەیەش بەڕاستی دەگمەنە و دەڵێی لە قاتی پەیلا بووە! خۆ ئەگەر ئەو خێر و بێرە چەند ساڵ لە مەوبەر بە سەرمندا دەباری، ئێستا راهبێک بووم لە نێو دەیرا، چوونکە ئاوا دڵخۆشییەک وەک ئەو رۆلەوانە بوو ئەو کاتە زیدەتر تامەزرۆم بکات، بەڵام خودا پێی



ڕەوا نەبینیم و ئەلێرەدا بەند کرام، بەو حوکمەی بە سەر سەرمەوە هەڵواسراوە، نازانم ئاخۆ باش وابوو تۆڵەسەندنەوەی خێرا بەرێوە بچێ یان هەر نەبێ، بەڵام دەبێ بڵێم ئەگەر ژیانم بە خۆشییەوە راببرێ مومکین نەبوو ئەوەندە بە خۆشییەوە بێت ـ ئەگەر بکرێ بڵێن دەست لەو رۆژانەی ئاخری بەر نەدەم. ئێوە باشتر دەزانن دەمەوێ چی بڵێم.

لە ماوەی ئەو مانگەدا هەر بیرم لێکردۆتەوە، هەموو ئەو هەستانەی ناسیومن، چێژ و ئازار، خەم و شادی، باوەڕ و ناڕازی بوون و بێهیوایی... باری تەعالا! چ وجوودێکی نەخۆشت بۆ تاقیکاری هەڵبژاردووە هەر ئەوەندەی هەستێکم بە هەست و ئێحساسێکی تر ئاڵوگۆڕ دەبوو، وەکوو ئەوانەی لەرز و تایان تووش بووە، هەموو لەشم دەکەوتە لەرزین چاویشم پڕ دەبوو لە فرمێسک. سی رۆژ پەیتا پەیتا بۆ بیرکردنەوەیەکی تاقانە زەمانێکی دوور و درێژە، بۆ وردبینی سەبارەت بە قووڵترین تاوان و پاشگەز بوو نەوەکان، بۆ شۆڕ بوونەوە بەناخی بیرۆکە و کردار و رفتاری پێشوودا، راستەوخۆ ئاماژە دەکاتە سەر جەحەندەم... من بەو زاهید و چاکە، وا روخسارێکی نوورانی هەیە، بەو باڵندەیەی بە ئاسمانەوە دەفڕی و کۆتری بەهەشتە، بە ماسییەکانی ئۆقیانووس بە خیلی دەبەم، یان بەو گیانلەبەرە وەحشییانەی پەنا دەبەنە بەر دارستان و لێڕەواران ئێرەیی دەبەم، لە بەر ئەوەی تەواوی ئەوانە ئازادن سەربەخۆ و بەختەوەرن. رۆژگارێک بە گوناح و تاوانەوە تێپەڕ بووبێ، بارێکی قوورسە بەسەر شانەوە!

دوێنێ پەردەم لە سەر راستییەکان لادا. بۆ خۆم لە قەشەم راسپارد ئەو کەسەی هات بۆ لام، پیرەمێردێکی بە ساڵاچوو بوو، بە ناوی باب

سانتیاگۆلوروئینا[٣٢]، خۆش سروشت بەڵام پەرێشان، بەوەفا، وەک مێرووولەی لەر زۆک.

[قازی عەسکرە] ئەو کەسەی نوێژی یەکشەممە بۆ سەدکەس ئینسان کوژ، دە دوازدە کێشک چی و دوو راهیبە دەخوێنێ. ئەو کاتەی وەژوور کەوت قرچەپی لە بەری هەستام.

- سڵاو بابە.

- سڵاو لە تۆ، کورم. پێیان گوتم بە شوێن منتدا ناردووە؟

- بەڵێ، گەورەم، هەر وایە.

هاتە پێشەوە و نێوچاوانی ماچ کردم. لە مێژ ساڵ بوو هیچ کەس منی ماچ نەکردبوو.

- دەتەوێ راستی بڵێی؟

- بەڵێ، بابە، هەر وایە.

- سەربەرزم دەکەی، کوڕی من.

- منیش لەو بارەیەوە خۆشحاڵم، بابە.

- خودا، لە تاوانی هەموو لایەک خۆش بێ، هەر ئەویش بەخشەندەیە...

- بەڵێ، بابە.

- بەتایبەتی بەوە خۆشحاڵم کە، لاوەکان روو لە ئاکاری کاڵ وەر دەگێڕن، دەگەڕێنەوە بۆ لای پاکی و مروڤایەتی.

- بەڵێ، بابە.

- کوڕی باش پشت ناکاتە کەس و کاری و روو دەکاتەوە ماڵی بابی.

بەموحیببەتەوە دەستی گرتم، بە جبەکەی خۆیداهێنا، بە چەشنێک چاوی لە چاوم بڕی، وەک بڵێ گەرەکی بوو تێم بگەیەنێ.

32- Santiago Luruena.



- بیر و باوەڕ، تیشکێکە، دڵ و گیانمان لە تاریکی دەرباز دەکا و بە سەر خۆشیماندا دەخات.

- بەڵێ.

- هەر لە دەرمانێکی شفا هێنەر دەچی بۆ سەر دڵ و هەناویکی زامدار...

دۆن سانتیاگۆ، یەکجار پەرێشان و بەداخەوە بوو. وەکوو منداڵێکی شەرمێون بە لەرزینەوە قسەی دەکرد. بە بزەوە سەیری دەکردم، بزەکانیشی هەر لە پێکەنینی قودسیان دەچوو.

- دەزانی ئیقرار و راستی گوتن چییە؟

ئەوەندەم شەرم دەکرد نەمدەزانی چۆنی وەڵام بدەمەوە. بەڵام خۆ دەبوو بە دەنگێکی نزمیشەوە با قسەکانیم سەلماندبا.

- نە زۆریش.

- خۆت پەرێشان مەکە، کوڕی باش، کەس فرەزان و بلیمەت لە دایک نەبووە... دۆن سانتیاگۆ، شتگەلێکی وت زۆریش تێنەگەیشتم. لام وایە هەرچی دەیگوت راست و رەوان بوو، چوونکە زۆریش لە راستی دەچوو. بۆ ماوەیەکی زۆر بە یەکەوە قسەمان کرد، تەواوی ئەو دوانیوەڕۆیە بەیەکەوە بووین. کاتێک لە قسەکردن بووینەوە، کێوەکانی ئەو بەرمانەوە هەتاویان قوت دابوو. ئیتر بوو بە شەو.

- پاسکوئاڵ، کوڕی خۆم، ئامادە بە هەتاکوو بۆت بپاڕێمەوە، پاڕانەوە یەک کە خودا لە گوناحانت خۆش بێت... لەگەڵ من بپاڕێوە... وەختێک دۆن سانتیاگۆ بۆم دەپاڕایەوە، دەبوو منیش بە دڵ و گیان بەبێ ئەوەی بیرۆکەی شوم و خراپ لە مێشکم دابێ. بەڵێن بدەم. حەولی خۆمدا، بە چاکترین نییەتەوە دۆعای خێری بکەوێتە دڵ و هەناومەوە. خۆم بە

تاوانبار و رووڕەش دەزانی، خەجاڵەتبار و شەرمزار، بەڵام ئەوەندەش کە بیرم لێدەکردەوە خراپ نەبوو.

دوێنێ شەوێ هەتاکوو بەیانی چاوم لەسەریەک دانەنا ئەمرۆش شل و شەکەتم، وەکوو ئەو کەسانەی بەقەمچی لێیان دەدەن و دەیان کوتن با بەردێکی لە سەر دابنێین، بەستەیەکم کاغەز لە نیگابانەکە وەرگرتووە تەنیا رێگەی نەجات بوونم لە دەست خەم و پەژارە، رەش کردنەوەی ئەو کاغەزانەیە بە نووسراوەکانی منەوە.

لە حەولی ئەوەدام لە ئەوەڵەوە دەست پێبکەم، مل بنێم لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە هەتاکوو کۆتایی رانەوەستم. تەنیا ماومەتەوە بزانم تاقەت و توانام هەیە یان نا، لە بەر ئەوەی برشت و تاقەتێکی باشی دەوێ. ئەوەندەی بیر دەکەمەوە مومکینە بەرنامەکان خێرا جێبەجێ بن، چیرۆکەکەم بە ناتەواوی بمێنێتەوە، ناچار ببم بە سەقەتی بیهێڵمەوە، بیر لەوە دەکەمەوە، لەوانەیە بە هەدەف و ئامانجێک بگەم کە خێراتر لە جاران بنووسم.

دەبێ زۆریش وریابم، درێژدادڕی نەکەم، چوونکە دەزانم ئەو شێوە نووسینە، هەست و ئێحساسی منی داگیر کردووە، هیچ کە وردە وردە دەڕۆمە پێشێ، بەڵام هێشتا ناتوانم بە هاسانی چیرۆکەکە بگێڕمەوە. خۆ ئەگەر بمەوێ سەر لە بەر ئەوەی کە بۆ من پێشهاتووە، دەستو برد بیخەمە سەر کاغەز، کاڵ و کرچ تەواو دەبێ. ئیتر بابی ـ من ـ لەوانە بوو جگەرگۆشەی خۆی نەناسێتەوە.

هەر کات بیرەوەرییەکی وا، وەبەرچاو بخرێ، وەکوو ئەمەی لە بەر دەستمان دایە، وردبینییەکی باشی دەوێ، چوونکە ئەگەر کز و لاواز تەواو بوو، رووداو لە جێگای خۆی دا، تاریف نەکرا، ئەو کاتە هیچ تەسمیم و پیلانێک جێ بەجێ نابێ، مەگەر ئەوە کە رەشنووسەکان ورد



و پرد بکەم و لەسەرڕا دەست پێ بکەمەوە. منیش ویستوومە پێش بەو شتەی بگرم کە بەڕاستی لە خەتەرەوە نزیکە و زیان دەگەیەنێ چونکە هیچ وەخت دووهەمییەکان وەکو یەکەمین نایەتەوە. زۆریش سەیر نییە تەواوی حەول و کۆششم لەو رێگەیەوە لە بەر چاوی ئێوە کەم بایەخ بێ، لە حاڵێکدا تەواوی نووسراوە کۆنەکانم لەوە خراپتر بوون. هەروەها لەوە دەچێ جۆرێک بیر بکەنەوە و بزە بێتە سەر لێوتان. زۆریش خۆمانەیە کە بە بێ پەلە پرووزێ گەرەکمە چیرۆکێکی باش بخەمە بەردەستتان، دووریش نییە هەر کەسێکی خاوەن ئەزموون بە چەشنێکی سروشتی و رێک و پێک ئەوە بەرەو پێش ببات. بەڵام ئەگەر ئەوە لە بەر چاو بگرین، بە پشوودرێژی لە نووسینەکە سارد نەبمەوە، لە ماوەی چاردە مانگی رەبەقدا، بەبێ وەستان، چەندە حەولم داوە، بە باشی دەیبینی ئەوە لەگەڵ هیچ کارێکی کە لە ژیانمدا جێبەجێم کردووە بۆ پێک گرتن نابێ، رەنگبێ هیچ بەڵگەیەک نەبێ بۆ هێنانەوەی عوزر و بەهانە چ، شتێک بەر چاو نییە بۆ ئەوەی لە ئەوەڵەوە ببینی، کاتێک لە پێشەوە تەماشا بکەین، وەختێک زۆر بە راشکاوی لە سەر شتێک کار بکەین، شتگەلێکی سەیر و نەناسراو دەدۆزینەوە، هەر وەکوو لە ئەوەڵ تێگەیشتنماندا تام و چێژێک وەرناگرین.

ئەو روواڵەتانەی کە وەبەرچاوم دەکەون، هەر بەو شێوەیەن، یان ئەو شارانەی کە هێشتا بە باشی ناسیاریمان لە سەریان نییە. هەر تاوەی بە چەشنێک دەیانخەینە بەرزەینی خۆمان، بە بینینی دەرەوە و ناوەوەیان، تەواوی خەون و بیرۆکەکانی خۆمان لە بیر دەبەینەوە. لەمەڕ کاغەزەکانی منەوە، ئەو توڕڕەهاتەی منیش هەروا، بە بێ کەم و کوڕی هەر بەو چەشنەیە. لە هەوەڵەوە وام بە مێشک داهات، کەوا، لە

حەوتەیەکدا، دەکرێ ڕێک و پێکیان بکەم. ئەمڕۆ، لە پاش سەد و بیست ڕۆژ، بە خەیاڵ شاد و دڵخۆشم بزە هاتە سەر لێوم.

چیرۆکی ئەو تاوان و خەتایانەی، کەسێک لە ڕابردوو دا کردوونی، بەو مەرجەی پشتی تێکردبێتن و پەژیوان بووبێتەوە، بڕوا ناکەم، بۆی بە تاوان بێتە ئەژمار. دۆن سانتیاگۆ، پێی گوتم، ئەگەر وتەکانم هێوری دەدا بە دڵ و گیانت، ئەوە درێژە بە چیرۆکەکەم دەدەم. کە بە ڕاستی هەر واشە، دەبی ددان بەوەشدا بنێم، کاتێک دۆن سانتیاگۆ دێتە ئاخاوتن، شارەزایی تەواوی لە سەر ئەو مەسەلانە هەیە، بڕواناکەم، ئەگەر هەر وا بڕۆمە پێشێ خودا، لە من نارازی بێت. زۆر جار لە ڕێک و پێک کردنی خاڵ بە خاڵی ورد و درشتی ژیانی پڕ کوێرەوەریم ئازار دەچێژم. بەڵام لەوەلاشەوە، کات و ساتێک هەن، لە بەسەرهاتی ژیانی مندا، چێژ و تامێکی ڕاستەقینەم پێدەبەخشن، لە بەر ئەوەی، لەو شتەی دەیگێڕمەوە خۆم دوور دەبینم، هەر دەڵێی ڕووداوێک دەگێرمەوە، لە کابرایەکی نەناسی ڕووداوە. چ تۆفیرێک هەیە لە بەینی ڕابردووی ڕاستەقینەدا و ئەو ڕابردوویەی کە ئەو جاریش لێی تێدەپەڕێم و خۆم بۆ خۆم سازدەکرد! ئیتر خۆ تازە کارێکیشان بۆ ناکرێ. لەمەڕ ئەو شتەی وا دوور ناکەوێتەوە هیچمان لە دەست نایە. پیاو، دەبێ لە بەرامبەر ئەو کارەی کردوویەتی ڕاوەستاو بێ و وەڵام بداتەوە، وریابێ دزێوترین کارێک کە کردوویەتی دووبارەی نەکاتەوە.

ئەو کارەی وا من وەئەستۆم گرتووە، خۆ ئەوەش حاشا هەڵنەگرە، بەند و زیندان لێرەدا دڵگەرم و پشتئەستووری کردم لە سەر ئامانجەکەم. ناشمهەوێ لە مەڕ خۆڕاگری لەو چرکەساتانەی دووا پشووی ژیانمدا درێژدادڕیم کردبێ، چوونکە باوەڕم بەوە هەیە، کە دەڵێن تۆبەی گورگ مەرگە. ئەی خوزگە نەتدەگوت. سەرەڕای ئەوەش



بە دڵ حەزدەکەم هەر چی هەیە بە بێ پێچ و پەنا، بیهێنمە سەر کاغەز. دڵنیاتان دەکەم و بەڵێنیش دەدەم خۆ ئەگەر ژیانم وەکوو خودا پێداوان لە هەوەڵەوە، کەوتبایەتە سەر ڕاستە ڕێگا بێگومان نموونەی نەدەبوو، ئێستاش هەموو کەس سوێندی بە سەری من دەخوارد.

هەر وا سوورم لە سەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە، مانگێک ڕاوەستان و نەنووسین بۆ کەسێکی وەک من بەبەرە ژانێک دەبێ!

زەمانێکی سەخت و دژوارە، بۆ ئەو پیاوەی وەخت و ناوەخت، وای بارهێناوە، خۆڕاگر بێت و ددان بە جەرگی خۆیدا بنێ، کەسێکی وا سەبر و تاقەتی لە ڕادەبەدەرە.

***

بۆ ئەوەی خۆم حازر بکەم بۆ دەرباز بوون، کات و ساتم قۆستەوە. زۆر شت بۆ ئەوە نابێ وەدرنگی بکەوێ، ئەوەش یەکی لەو شتانەبوو. ئەوەی هەمبوو نەمبوو لە سندووقە چکۆلەکەم دا، خستمە گیرفانمەوە و دووگمەم لەسەر داخست، شت و مەکی نێو گەنجەکەشم خستە کۆشی توربێنەکەمەوە، سەنگایی بیرۆکە و ترس و دڵەڕاوکێم هاویشتە نێو چاڵەوە. هەر وەکوو دزان، لە نیوەی شەودا، بە پێ دزە بۆیی دەرچووم. زۆر چاکیش دڵنیا نەبووم رووەدەکەمە کوێ، چوومە سەر راستە جادەکە، یەکڕاست ملی رێیەم گرتە بەر، ئەوەندە بە خێرایی، لە بەریبەیانیدا، هەر وەکوو ئێسقانە ماندووەکانی لاق و لەتەرم پێی دەگوتم، سی فرسەخ لە ئاواییەکە دوور کەوتبوومەوە. هێشتا نەمدەویست لە رێگا رۆیشتنەکەم خاو ببمەوە، لەوە ترسم هەبوو، نەکا کەسێک لەو دەور و بەرە بمناسێ، بەڵام لە باخەزەیتوونەکەدا، لە نزیک جادەکە سەرخەوێکم شکاند، دوواتر شتێکم خستە بەر دڵم و، وەرێکەوتم، بۆ ئەوەی هەر کە گەیشتم بە هێڵی ئاسن، خێرا خۆم بگەیەنم بە شەمەندەفەرەکەو سواربم.

خەڵکەکە بە چاوی نامۆیەک سەیریان دەکردم، پێموایە منیان وەک حۆل و بەرەڵڵاکان دەبینی، منداڵە ورکەی لادێکان بە شێتە شێتە وەشوێنم کەوتبوون، وەک چۆن و دووری دۆم و قەرەج و دێوانەکان دەکەون. تێڕامانی پڕ لە پرسیار و سەرنجی منداڵانەیان بە جێگای ئەوەی ئازارم بدات، دڵگەرم و هیوا بە خۆیان دەکردم، ئەوەندەی لە ژنەکان، لە دایکەکان، لەو کاتەدا، دەترسام، قەت ئەوەندەم ترس لە تاعوون نەبوو. لەوانە بوو کاربگاتە ئەو جێیە لەو شتەی لە جانتام دا هەبوو بەشی منداڵەکانیش بدەم.



لە [دن بنیتو][٣٣] را سواری شەمەندەفەر بووم، هەر لەوێ بلیتی[مادرید] م وەرگرت بە تەمانەبووم لە پایتەخت وەمێنم، بەڵکوو حەزم دەکرد بچم بۆ شارێک لە رۆخی دەریاکە، هەر لەوێشڕا بە سواری پاپۆڕ، بەرەو ئەمریکا وەڕێ بکەوم.

سەفەرێکی باش بوو، چونکە، ئەو واگۆنەی وا منی تێیدا بووم جوان و خاوێن بوو، هەتاکوو ئەو کاتەش من سواری شتی وا نەببووم، جا ئیدی خۆ باسی ئەوەش ناکرێ کە چەندە دیمەنێکی سەیرە قەتار بە پەلە بڕوا و تۆش لە پەنجەرەوە سەیری دەرێ بکەی! وەک ئەوەی ئەوانە بە سەر پەردەیەکەوە بن و دەستێکی نەبین رایبکێشێ. ئەو کاتەی هەموو دابەزین ئەو جار زانیم وام لە مادرید. هێشتا لە خەیاڵی خۆمدا زۆر لە پایتەخت دوور بووم، لە پڕ داچڵەکیم و دڵم کەوتە ژێر گوشارەوە، راست هەر وەکوو ئەو کاتانەی هەموومان روو بەڕووی رووداوێکی کوتوپڕ دەبینەوە و بڕستمان لێدەبڕێ. واش دەزانین گەلێک لە ئێمەوە دوورە، کەچی رووداوەکە لە بن گوێمان دایە.

زۆر لە مێژ بوو ئاگاداری بێرەحم و دڵی و دەست برین و گوێبڕینی شارەگەورەکان بووم. هەر ئەو زەمانەی وا، شەیتان لە ترسی کڵاوبەردار و گیرفانبڕەکان، کونەمشکی لێببوو بە قەیسەری!

کەسانێکی وەک منیان دەکردە پاروو قوتیان دەدا، ئیتر بە خۆم گوت. باشتر وایە، بۆ جێگا و رێگایەک هەتاکوو سبەی سەبر بکەم. خۆ دەشکرێ لە سەر ئەو هەموو کورسیلەیەی وێستگەکە پشوویەک بدەم. هەر ئەو کارەشم کرد. کورسیلەیەکی بەتاڵم بەرچاو کەوت لەو سەری ساڵۆنەکە بوو، دوور لە زەنا زەنای خەڵک، ئەوەندەی بۆمکرا شوێنێکی باشم بۆ خۆم دۆزییەوە بە بێ ئەوەی کەسێک حەقی بە سەرمەوە هەبێ.

---

33- Don Benito.

جگە لەو پاسەوانە فریشتە ئاسایەی بان سەرم، وەک ورچ بۆیی کەوتم. ئەگەرچی دەمویست وەک کەو بخوێنم، بە چاوێک نووستوو بە چاوێکیش بە خەبەر بووم. وابوو هەتا، شەبەقی بەیان خرپ خەوتم. وەختێک وەخەبەر هاتم، لە سەرمادا چەق و چۆم بوو دەلەرزیم و ئازای ئەندامم مێرولەی ئەکرد و مووی لەشم قژببۆوە. بە خۆم وت باشترین کار ئەوەیە بڕۆم و لێرە نەمێنم.

لە وێستگەکە هاتمە دەرێ، کە چاوم گێڕا، ئەوا چەند کرێکارێک بە دەوری ئاگرێکەوە هەڵتووتەکاون، ڕۆیشتم بۆ لایان. ڕێیان دام، توانیم لە پەنا ئەوانەوە خۆم وەبەر گەرمای ئاگرەکە بدەم و تینێکم بێتەوە بەر لە ئەوەڵەوە لەگەڵ یەکدی سەر سارد و کەم دۆ بووین، بەڵام لە ئاخریدا قسەمان خۆش کرد و کردمانە بازاڕی خۆمان. دیار بوو هەموویان مرۆڤێکی چاکن. لە بەر ئەوەی لە مادرید پێویستم بە دۆست و دڵسۆز هەبوو، مێرمنداڵێکی بێکار و بێبار دەخولایەوە، ناردم بەڵکوو شووشەیەکمان شەراب بۆ پەیدا بکات. هەتاکوو وێڕای ئەو کرێکارانە بیخۆینەوە.

ئێستاش کە ئێستایە، دڵۆپێک لەو شەڕابە نەکەوتە سەر زمانم! دۆستەکانیشم هەروا، چونکە ئەو هەتیوە بەڕەڵلایە لە فێڵبازیدا وەک بەچکەی ڕێوی وابوو، نە چاومان بە خۆی کەوتەوە و نە شەراب و پووڵەکەش من نیازم وابوو بە قومێک شەراب، ئەوانە بکەمە میوانی خۆم، گەرچی ئەوانیش پێکەنینیان بەو منداڵە چاو بەستە دەهات، بەڵام من هێشتا گەرەکم بوو لەگەڵیان ببمە دۆست و ڕفیق.

هەر چۆنێک بوو خۆم ڕاگرت تاکوو ڕۆژبۆوە، ئیتر وەپێشە خۆم دان بۆ چاخانەیەک، چەند دانە فنجان قاوە و شیرم داوا کرد، بەو کارەم دڵی هەموویانم بەدەست هێنایەوە، ئەو جار زۆریان سوپاس کردم، باسی



جێ و مەکانم، هێنا گۆڕێ، کەسێک لەوان بە ناوی [ئانخل ئیستوس][٣٤] پێشنیازی کرد، لە ماڵی خۆمان جێ و ڕێی هەیە و دەتوانێ بمحاوێنێتەوە، دوو جەمیشم خواردن بداتێ، ڕۆژی بە دە (رئاڵ) .

ئەو کاتە وەبەر چاوم نەدەهات کە پووڵێکی زۆر بێ، لە بەر ئەوەی هێشتا هەستم بەوە نەکرد بوو، هەموو ڕۆژێک لەو ماڵە دا بۆ گوزەرانم دەبێ گیرفانم داتەکێنم، بێجگە لەوەش، هەموو شەوێ جەنابی ئیستوس، بە کایە و قوماری (حەوت و نیو) وەک مار پێوەی دەدام، زۆر لە مادرید نەمامەوە، هەموو بە هەم دوو حەوتەی نەکێشا، لەو ماوەیەدا تاکوو ئەو جێگایەی بۆم کرا بە هەرزان ترین نرخ کەیف و سەیرانم کرد. یەک دوو شتی چکۆلەم کڕی، کەوا پێویستیم پێیان هەبوو، لە شەقامی پۆستە و گۆڕەپانی گەورەی شار، بە نرخێکی باش کڕیمن. هەموو عەسرانە، نزیک ڕۆژئاوا، خۆم دەگەیاندە، چایخانەیەک لە شەقامی [ئادووئانا][٣٥] لەوێ گۆرانییان دەگوت. (پزوتا) یەکم دەداو لەوی دادەنیشتم. ناوی «کونسرت عدن» بوو. پاڵم لێدە داوە و سەیری ئەو کیژۆڵانەم دەکرد، لەوێدا خەریکی سەما کردن بوون، هەتاکوو وەختی شێو خوراردن دەهات، ئیتر وەڕێ دەکەوتم بەرەو لای شیروانییەکەی ئیستووس، لە شەقامی [لاترنرا][٣٦] ئەو کاتەی من گەیشتمە ئەوێ، هەمیشە بۆ خۆی حازر و ئامادە بوو. خێزانی خۆرشتەکەی دەنا بەر دەستمان و ملمان دەنا لە پارو گلاندن. دوواتر، قومار کردن لەگەڵ دووکەس لە جیرانەکان. ئەوەکاری هەموو شەومان بوو بە دەوری کورسییەکە دا کۆدە بووینەوە، لاقمان دەکێشا ژێریەوە و ڕەژووەکەش لەگەڵ گەرمای خۆی بێبەشی نەدەکردین. هەتاکوو بەری بەیانی قومار و یاریمان دەکرد و

34- Angel steves
35- Aduana
36- La Ternera

نەدەخەوتین. لەو چەشنە ژیانە کەیفم ساز بوو، خۆ ئەگەر لەبەر گەڕانەوەم نەبا بۆ ئاوایی خۆمان، ئەوەندە لە مادرید دەمامەوە، هەتاکوو پوولەکەم دەهاتە هەڵچوون.

ماڵی خانەخوێیەکەم هەر لە کۆترخان دەچوو، ژوورەکەم لەو سەرە بوو، بەڵام چونکە هیچ کات پەنجەرەیان نەدەکردەوە، بە خاتری لوتفی ئەوانیش با، ژێر کورسییەکەش بە رۆژ و شەو گەرم بوو، بە دەوری کورسییەوە دانیشتن. لە سەر، ژێرڕاخەرەکە، قەرەواش، قاچ لە ژێر کورسی کێشان، کەیف و سەفای لە لا بوو. ئەو، وەتاغەی منی تێیدا بووم، ئاوی پلووسکەکەی لە ژوورەوە لە سەر دۆشەگەکەی من دڵۆپەی دەکرد. دۆشەگیش چی، لە کا ـ بوو زۆر جار هەتاکوو کەل و پەلم نەبوو، سەرم لەو کۆڵەکە دەسرەواند، وا بۆ دەرێ رەت ببوو. وردە وردە راهاتم و چاوم کراوە، هەموو کەلێن و قوژبنێک شارەزا بووم ئیتر بە چاوی بەستراوی تەختەکەم ئەدۆزییەوە. هەمووشت بە عادەت کردنە.

خێزانی ئیستووس، ناوی، ـ ئەو کە خۆی پێی گوتم ـ کنسپسیون کاستیلولوپز[٣٧] بوو، هێشتا لاو بوو نەختێکیش کورتەباڵا، قەڵافەتی گولەکە و زۆر ورد کەچی لە بەر دڵان بوو. هەر وەکوو تەواوی ژنەکانی مادرید جوان و زیرەک و مدریک بوو، بە چاوێکی سەرنج راکێشەوە لە منی دەڕوانی و چیی ویستبا زۆر بە رووهەڵماڵدراوی قسەی لەگەڵ دەکردم. بەڵام زوو تێی گەیاندم. هەر ئەوەندەی منیش لە ژیانی خۆم تێم گەیاند ـ هەتاکوو ئەو کاتەی ئەو لە بەیندایە، هیوا براوبێ باش وایە بیرنەکەمەوە شتێک جێبەجێ دەبێ. ئەویندارى شووەکەی بێ هەتا بەر رووح زیندووە هەر پیاوەکەی خۆی هاوسەرییەتی و بەس.

37- Concepcion Castillo lopez.



چەندە حەیفە، بەڕاستی حەیف بوو، ئەو یەکجار رێک و پێک و لە بەر دڵان بوو لە چاو زۆر کەس، هەر چەندە لەگەڵ زۆر لەو ژنانەی ئاواییەکەی ئێمە فەرقی هەبوو. بەڵام ئەو کە هیچ کات رێگای پێنەدام، دەستم وەدەستی بکەوێ. بێجگە لەوەش کەمەکێک لێی دەترسام، وردە وردە مەیلم ناو لە بیرم چۆوە، هەتا وای لێهات ئێدی بە چاوی ژنێک سەیرم نەدەکرد.

مێردەکەی هەر وەکوو پادشای تورکان حەسوود و بەرچاو تەنگ بوو، لام وایە زۆریش باوەڕی بە ژنەکەی نەبوو، لە بەر ئەوەی ئەوەندە ئیزنی بە ژنەکەی نەدەدا، لە پلیکانەکانەوە سەیری خوارێ بکات.

لە بیرمە کە ئێستووس یەکشەو کەوتە بیری ئەوە دوانیوەڕۆیەک بانگهێشتنم بکات، تاکوو لە پارکی [تیرو] [٣٨] هاوڕێ لەگەڵ خێزانی نەختێک پیاسە بکەین، ئەو دووانیوەڕۆیە، لەگەڵ خێزانیدا هەر دەنگ و هەرای بوو، بۆ ئەوەندە چاو بە پیاواندا دەگێری، بۆتەماشایان دەکەی، یان بۆ چی چاوت لە ئەو کەسانە نەکردووە، ژنەکەی بە خۆشییەوە ئەو تورەهاتەی دەبیست، لەوانە بوو بەو قسانە کەیفیشی ساز بێت.

لە چاوە کاڵەکانیدا ئەشق و خۆشییەک دەبارێ بە چەشنێک لەو کارە واقم وڕ مابوو، لە بەر ئەوەی یەکجار نامۆو جێی سەرسووڕمان بوو.

ئێمە لە سەر باریکە رێگایەک لە قەراخ دەریاچەکە بووین، بەرز و نزم دەبووینەوە، لە پڕ ئیستووس هەر لەو وەختەدا، هەڵچوو تووڕە بوو بە دەنگێکی بەرز ملینا لە قسەی ناخۆش بەو رێبوارەی کە بەوێدا رادەبرد. لە پڕ جنێو بارانی کرد. ئەوەی جنێوی ناحەزی دەزانی رەوانەی ئەو داماوەی کرد. شتی ئەوەندە دزێوی دەگوت، کە من خەجاڵەتی دەمگرێ باسی بکەم.

38- Retiro.

هەڵبەتە ئەو چەقە و هەرایە، هۆیەکەی ئەوە بوو، ڕێبوارەکە بە چاوی مشتەری سەیری کنسپسیونی کردبوو، سەرەڕای ئەو هەموو دژوێن و شەڕە جنێوە بە یەکدی، کە چی سەیرەکە لەوە دابوو هیچ کامیان دەستیان لەیەک بەرز نەکردەوە، چ بگا بەوەی دەست بکەن بە تێهەڵدانی یەکتری. دایکی یەکتریان بەروا کرد، هەر ئەو بەوی دەگوت ئەویش دەیگوتەوە گەواد، بێویژدان، بێناموس، ئەوەی بە یەکدیان دەگوت نەیان دەگوتەوە: بە شەڕەفم پشتت لە زگت نەرمتر دەکەم، ئەوەندەت تێهەڵدەدەم لە سەر قوون دانەنیشی، وات لێدەکەم بە کەر بێژی خاڵۆ، ئەوانە هەڕەشە و گورەشەی نێوانیان بوو.

بەڵام لە کۆتایشدا چڵێک مووی سەری یەکتریان هەڵنەکێشا، ئەوە ئیدی لە هەمووشت سەیرتر بوو. من کە بەڕاستی لە هەمووشتێکی قەڵس و تووڕە دەبووم، بەڵام چوونکە ئەوە بە لامەوە سروشتی بوو گوێم نەدایە.

هەرچەندە خۆم حازر کردبوو، لە کاتی پێویستا بچم بە هاواری هاوڕێکەمەوە. کاتێک لەو هەموو ناحەزییە ماندوو بوون، هەر کەسەو ملی ڕێگای خۆی گرتەبەر، هەر دووک لا، لە تای تەرازوودا وەک یەک هاتنەوە لە پاش دوو حەوتوو، هێشتا چاو و گوێم نەکرابۆوە شتێکی وام لە مادرید نەدەزانی و بەڵەدییەکم نەبوو ـ شارێک نییە بە هاسانی لێی تێپەڕی بڕیارم دا، بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ بکەوم، ئەوشتانەی وا هەمبوون لە ناو ئەو [چەمەدان]ە ی لە شاری کڕیبووم جێم کردەوە، بلیتی قەتاری، کەناری دەریارم کڕی، هاوڕێ لەگەڵ جەنابی ئێستوس هەتاکوو دوورکەوتنەوەم چاوی لە سەر هەڵنەگرتم و لەگەڵم دابوو.



ڕۆژێک بەرەو وێستگە وەڕێ کەوتم ـ ئەو وێستگەیە لەگەڵ ئەویتریان زۆریان فەرق هەبوو. شوێنی مەبەستم [لاکورونیا[٣٩]] بوو، پێمان گوتبووم لەو بەندەرەوە، بەرەو ئەمریکا وەڕێ دەکەون. سەفەر کردن بە شەمەندەفەر بەرەو دەریا دوور و درێژترە، هەتاکوو سەفەر بۆ مادرید، لە بەر ئەوەی، دوورتر بوو، بەڵام دەبوو ئەو شەوە خەوەکەشم لە کیس نەچێ، کەسێک نیم، ڕاژان و دەنگی قەتار خەوم لێ بزڕێنێ. لەو شتەی وا گومانم لێی هەبوو، یان ئەوەی کە هاوساکان بە منیان گوتبوو، زووتر تێپەڕی. ماوەیەک دەبوو لە خەو هەستابووم لە نزیک دەریاکە دا خۆم بینی، دیمەنی دەریاش جوانترین ڕێکەوت بوو، بۆم پێش هات و بە چاو دیتم، لە پان و بەرینی دەریا سەرم سووڕ مابوو. هەر ئەوەندەی وەخۆ کەوتم، گشت کارە سەرەتاییەکانم جێبەجێ کرد. باش تێگەیشتم چەندێک گێژوکاڵ فام بووم. پێم وابوو بە چەند پزوتا لە گیرفانمدا دەگەمە ئەمریکا، و هەموو شتێک بە قازانجی من تەواو دەبێ بە عومرم وام نەزانیبوو، کەوا سەفەری دەریایی کۆڵەی پیاو دەکوتێ! ڕێگاکەم دۆزییەوە لە چ لایەکەوە بچمە ئاژانسی مسافیرهەڵگری کەشتی بخاری واتە پاپۆر و بەلەمی هەڵمی لە دەلاقەکەوە ڕێنوێنیکرام بچمە دەلاقەی ئەولاتر، لەوێش سێ کاتژمێر لە نۆرە دا مامەوە، ئیتر، چوومە لای ئەو کاربەدەستەی کە دەمویست قسەی لەگەڵدا بکەم، دەبۆ تێی بگەیەنم یارمەتیم بدا بۆ ئەوەی بێ پووڵ نەمێنمەوە، ڕێگایەکی باشم بۆ هەڵبژێرێ. ئەو پیاوەی لە نێو ژوورەکە دابوو، بێی ئەوەی لە ئەلف بیتەبێ، وەرسووڕاو، کوتە کاغەزێکی خستە بەردەستم.

ـ ڕێگاوبان... نرخ بۆ هەر کەسێک... سەفەر لە، لاکورونیا، بیست و پێنجەمی هەموو مانگێک.

---

39- La coruna.

حەولم دا رازیی بکەم قسەم لەگەڵ بکا، لەمەڕ سەفەرەکەمەوە. ئەوەندە بە توورەییەوە بە گژمدا هات. گێرویژی کردم. وام لێهات ڕێگای خۆم ون کرد.

ـ تکاورجا، بێسوودە.

لیستەی بەندەرەکان شوێنی مەبەست، جەدولەکانی نرخ و ڕێکەوتی وەڕێکەوتنم لە بەر کرد و لە سەر مێشکم رامگرت. ئیتر چی دیکەم لە دەست دەهات؟ ئەو شۆێنەی لێی مابوومەوە، گروبانێکی بەشی تۆپخانەی تێیدا دەژیا. پێی وتم، ئەگەر پێت خۆشە ناوەرۆکی ئەو کاغەزانەت بۆ شی بکەمەوە، وا لە ئاژانسی بەرێوەبەرایەتی پاپۆڕ و گەمییەوانی پیان دا بووم.

هەرکە نرخەکان و شێوەی پووڵدانەکەی بۆ باس کردم، سەفەرەکەم لێ بوو بە قووززەڵقوورت. خۆ من نیوەی پووڵەکەشم نەبوو. گرفتەکە گرفتێکی چکۆلە نەبوو، ئەوە من بووم ڕێگە چارەیەکم لێ عاسی بوو.

گروبانی تۆپچی کە ناوی [ئادریان نوگیرا][٤٠] بوو، هانی دەدام سەفەر بکەم ئەو جارێک سووکە سەفەرێکی کردبوو ـ زۆر، زیرەکانە باسی هاوانا یان باسی نیویورکی دەکرد. دەبێ ئەوەتان لێ نەشارمەوە، ئازای ئەندامم ببوو بە گوێ، دەمم پڕ ببوو لە ئاو، ئەوەندە تامەزرۆی کرد بووم. ئیتر وام لێهات بەخیلیم پێی دەبرد. ئێرەییەک، کەتا ئێستا بە کەسم نەبردبوو. مەعلووم بوو قسەکانی تەنیا، هانی دەدام و هیچی تر. ئیدی وای لێهات هەتا رۆژێک دەنگم دا، لە بەر ئەوەی بڕیارم دابوو نەڕۆم و وەمێنم. خۆلاسە لێم تێک دا، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر وەکوو هەموو خەڵکی (گالیسی) تاقەتی باشی هەبوو. ئیتر ئێستا و ئێستاش باسی نەکردەوە.

40- Adrian Nogueira.



ئەوەندەم بیر لێ کردەوە چی بکەم، چی نەکەم، دەتگوت مێشکم تەقی هەموو ڕێگایەکم بە باش دەزانی، بۆ چارەی گرفتەکانم، جگە لە گەڕانەوەم بۆ ئاواییەکەی خۆمان، هەر بۆیە، هەرچی هاتبایەتە ڕێیم، پەسندم دەکرد. لە وێستەگەی شەمەندەفەردا ملم نا لە کۆڵ کێشی، کارم بوو بە بار بە تاڵ کردن و وەسەر خستنەسەرێ لە بارەندازەکان، لە چێشتخانەی هوتێلی هێڵی ئاسن دا، خەریکی ئیش و کار بووم، ماوەیەکی کورتیش شەوانە کێشک چی دوخانیات، بووم، دایمە لە قوون دەرکان، رۆژانە ژیانم لەو شارەدا، لە ماڵی [لائاپاچا، لە شەقامی پاپاگاپۆ][٤١] دا، بە سەر برد. لە شانی چەپی شەقامەکە، کاتێک دەچێتە خوارێ، چۆن چاکە خۆم نیشان دان و تاقی کردەوە، هەر چەند، لە راستیدا کاری من ئەوە بوو، کە مشتەرییەکی شەڕانی هاتە ژوورێ و گەرەکی بوو شەڕ ساز بکات دەبوو دەستی بگرم و فڕێی بدەمە دیوی دەرێ.

ساڵ و نیوێک لەو ماڵەدا کارم کرد، هەمە بە هەم، دەبووە دوو ساڵ لە ماڵێ هەڵاتبووم، هەتا زەمان تێپەر دەبوو، زێدەتر فکر و خەیاڵ دایدەپۆشیم ـ زۆرتر لەوەی چاوەروانم دەکرد ـ کەوا شتێکم لە پشت خۆمەوە، بەجێ هێشتووە. لە سەرەتاوە تەنیا شەوانە وەختێک دەچوومە سەر ئەو تەختی نووستنەی وا لە چێشتخانەکە دا بۆیان دانابووم هەستم بە دڵتەنگی و پەژارە دەکرد، بەڵام دوواتر کاتی حەسانەوەم فرەتر بوو، هەتا ئەوەی، ئەو رۆژەهات کە«مورینیا» لە لاکورونیا خەم و خەفەتی پێ دەڵێن، کونەجەرگی کردم، وام لێهات کە سەبر و تاقەتم لێبڕا هەر بۆیە بڕیارم دا، وەگەڕێم بۆ ماڵۆچکەکەی خۆم لە کەناری جاددەکە، دڵنیا بووم لەوەی بنەماڵەکەم بەگەرمی پێشوازیم لێدەکەن تێپەڕ بوونی زەمان

٤١- . خاتوو ئاپاچی، شەقامی تووتی.

ناسۆرەکان سارێژ دەکاتەوە ـ درەختی تامەزرۆیم گوڵی دا. دەم خوارکردنەوە لەم و لەو کارێکی هاسان نەبوو، ئەویش بۆ قەرز و قۆڵە وەرگرتن، بەڵام لەگەڵ تۆزێک مانەوە دا ـ کە زۆر لازمە لەوەختی ئاوادا ـ توانیم ئەوەی وا پێویستم پێی هەبوو کۆیی بکەمەوە. ئەوسا، رۆژێک، چوومە لای ئەو کەسانەی وا لەگەڵیاندا ببووم بە هاوڕێ و ئاشنا، بۆ روخسەت وەر گرتن، لە لائاپاچا، وە، هەتا خوارێ، سەفەرەکەم دەست پێ کرد سەفەرێکی وا، کە دەبێ کوتاییەکی خۆشی بە شوێنەوە بێت ـ ئەگەر شەیتان لە ماڵەکەمدا شەڕ و شۆڕی وەڕێ نەخستبا، کەڵکی لە نەبوونی من وەرنەگرتبا، مێشکی ژنەکەمی تێک نەدابا، ئەوشتەی من کە ئەوکات رووحیشم لێ بێ خەبەر بوو. لە راستیدا شتێکی تەواو سروشتییە کە خێزانم جوان و جحێڵ و دوور لە مێرد بوو، بە دووی مێرد دا سەرگەردان بسووڕێتەوە لە ولاّمی هەلاّتنی مندا، کرداری ناشیاوی هەبێ، یانی لەوەلاّمی دزێوترین تاوانێک وا منی تێوەگلا بووم. قەت وا نەبوو خەتایەک لە من سەربەرزیکاتەوە تاوان و خەتایەک بۆ تاقی کردنەوەی من خودا، هەڵی بژارد، غەدرێکی وا کە هیچ کات پێویست نەبوو...

***



حەوتوویەک بە سەر گەڕانەوەمدا تێپەڕیبوو، کە خێزانم، گوێی خۆی لە تاوانەکانم خەواند و چاوپۆشی کرد. زۆریش لەگەڵم دا سەر و روو خۆش بوو، وە خەبەری هێنام و گوتی:

ـ بیرم لەوە دەکردەوە، کاتێک هاتییەوە لەگەڵتدا سارد و سڕبووم.

ـ نا، قەت وا نیت!

ـ دەزانی چییە، لەڕاستیدا چاوەروانت نەبووم، چاوەڕێی بینینت نەبووم.

ـ بەڵام ئێستا خۆشحاڵی لەوەی کە هاتوومەتەوە، وانییە؟

ـ بەڵێ، ئێستا خۆشحاڵم...

لە پڕ وای بۆ چووم خەم و خەفەت سێبەری خستۆتە سەر لۆلا، ئەوە بە جوانی لە روخساریدا دیار بوو. پرسی:

ـ لەوماوە درێژە دا بیرێکت لە من کردەوە؟ منت لە بیر بوو؟

ـ شەو و رۆژ، ئەی لە خۆڕا هاتوومەتەوە؟

خێزانم دیسان بێدەنگ و مات بوو.

ـ دوو ساڵ، بۆ خۆی عومرێکە...

ـ بەڕاستی وایە.

ـ لەو دووساڵەدا، ئاشی گەردوون چەندین کەڕەت دەسووڕێ...

ـ تەنیا دووجار. مەلەوانێک لە لاکورونیا، وای بە من گوت.

ـ لە لای من باسی ئەوێ مەکە!

ـ بۆ چی؟

ـ نامەوێ گوێم لەو وشەیە بێت، خۆزگە ئەو شوێنە هەر نەبووبا!

دەنگێکی تێک رووخاوی هەبوو. لە چاویدا ترسی دارستان دەبیندرا.

ـ دنیا لە حاڵی سوورڕانە! دنیا خوار و ژووری هەیە. هەرکاتەی ڕەنگی دەگۆڕێ.

ـ دایمە.

ـ لە کۆتایی دووساڵدا... وامدەزانی خودا تۆیی بردۆتەوە.

ـ ئەوە، چ، قسەیەکە؟

ـ هیچ!

لۆلا کوڵی گریانی هەستا. لەگەڵ ئەوەشدا گوتی:

ـ وا خەریکە منداڵم دەبێ.

ـ یەکێکی تر؟

ـ ئەرێ.

هەستم بە مەترسی کرد.

ـ لە کێیە؟

ـ مەپرسە!

ـ لە بەرچی؟ دەمەوێ بزانم، بەلای ناخێرم مێردی تۆم!

قسەی بە گوێیدا نەچوو. تاقەتی لە دەستدا:

ـ مێردێک بیهەوێ بمکوژێ! مێردێک دوو ساڵ بەڕەڵام بکات و بڕوا! مێردێک لە دەست من هەڵدێ، وەک ئەوەی من نەخۆشینی گولیم هەبێ! مێردێک کەوا...

ـ بەسە بیبڕەوە!

بەڵێ. باشتر وا بوو لێرەدا، تەواوبێ. من ئاوا ئاقڵم پێ دەشکا.

چاک وا بوو، ڕاوەستین زەمان تێپەر ببێ، منداڵەکەش بێتە دنیا...

لە لای دەرو جیران باس هەر باسی زگ پڕ بوونی خێزانم بوو.

بە سیلەی چاوێک، لە بنەوە سەیریان دەکردم، کاتێک لە نزیکیانەوە تێدەپەڕیم لەمەڕ منەوە هەر ورتەیان دەهات...



ـ پێت چۆنە سنیورائینگراسیا، بانگ بکەمە ئێرە؟

ـ ئەو خۆی هاتووە بۆلام...

ـ دەیگوت چی؟

ـ وتی، هەمووشتێک بە باشی دەڕواتە پێشێ.

ـ مەبەستم ئەوە نییە... مەبەستم ئەوە نییە...

ـ ئەی مەبەستت چییە؟

ـ هیچ... تەنیا چارە ئەوەیە، خۆمان شتەکە ڕوون بکەینەوە.

خێزانم بە چاوێکی پڕ لە خواهیشت و پاڕانەوە سەیری دەکردم.

ـ پاسکۆئال، تۆ کە ناتەوێ ئەو کارە بکەی؟

ـ یانی چی، لۆلا، ئەمن تەنیا پیاوێک نیم سەبارەت بەو ڕووداوە بیر دەکەمەوە.

ـ پاسکۆئال، ئەو منداڵە لەوەی پێشتریان قایم و قۆڵتر دەبێ. واهەست دەکەم کە دەبێ زیندوو بێت...

ـ هەتا ببێتە هۆی گەوادی و سەرشۆڕیمان!

ـ زۆریش سەیر نییە ببێتە مایەی بەختەوەریمان، کێ دەزانی دنیا چۆنە؟

ـ خەڵکی چاک دەزانن.

لۆلا پێکەنی، وەکوو ساوایەک زەحمەتیان دابێ، یان لێی توورە بووبێتن. تەماشا کردنی پێکەنینەکەیگورچوو بڕ بوو.

ـ لەوە دەچێ بۆ خۆمان دیزە بە دەرخۆنەی بکەین، باکەس نەزانێ.

ـ بەڵام هەموو کەس دەزانێ.

نەمدەویست خۆم لاسار و توورە پیشان بدەم ـ خودا دەزانێ ـ بەڵام لەڕاستیدا مرۆڤەکان بە داب و نەریت بەستراونەوە، وەکوو کەر بە هەوسار.

ئەگەر ئەوزاعم بە عینوانی پیاوێک دەرەتانی پێدەدام لێی خۆش دەبووم.

بەڵام گەردوون ئاوا دەسووڕێ و ناشکرێ لە دژی رابووەستی.

ـ چاک وایە بنێرین بە شوێنی دا!

ـ شوێنکێ؟ سنیورائینگراسیا؟

ـ بەڵێ.

ـ نا، تۆخودا، نەکەی! دەتەوێ ئەو جاریش منداڵەکەم لە باربچێ؟ هەر لە بەر ئەوەی دیسان زگم پڕ بێ؟ هەتاکوو شەل و کوێرم ببێ؟

خۆی بە سەرکەوشەکانمدا خست. ویستی ماچیان بکات.

ـ دارونەدارم پیشکەش بە تۆبێ، بێتو قەبووڵی بکەی هەمووی بۆ تۆ!

ـ چڵەپووشێکی تۆم ناوێ.

ـ چاوم دەرێنە، ئەوکم هەڵبڕە، دەرحەق بە تۆ زۆرم غەدر کردووە!

ـ ئەمەش بێسوودە.

ـ مەمکەمانم، پڕچەکانم، دەموددانم! ئەوەی تۆ بتهەوێ ئەمن نامەوێ! تەنیا کارت بە منداڵەکەی زگم نەبێ. تەنیا هیوای ژیانم هەر ئەوەیە!

لە هەمووشت باشتر ئەوە بوو، لێی بگەڕێم تێر بگری، ئەوەندە بگری هەتا کوڵ و کۆیی دادەمرێ. هەتاکوو ماندوو دەبێ، هەتا مێشکی لە کار دەکەوێ، هەتا وای لێدێ هێور دەبێتەوە و، عەقڵی دێتەوە بەر خۆی.

لەوە دەچوو دایکم دەلاڵ بوو بێت، ئاگاداری ئەو رووداوە بووبێ کە پێش هاتووە کەمتر خوی وەدەردەخست. هەمیشە خۆی حەشار دابوو.. دەردی سەرباری هەموو دەردێک بوو! ئەوەندەی بۆی دەگونجا، کەمتر قەرەی من دەکەوت.

وەختێک من لەو درگایەوە دەچوومە ژوورێ، ئەو لە درگایەکی دیکەوە دەرباز دەبوو.



لە وەختی خۆیدا، خورد و خۆراکم حازر و ئامادە بوو ـ پێشتر قەت ئەو کارەی نەدەکرد، وا دیسانیش نەیکرد. شتێکی سەیر و بێمانایە لە بەر وچانێک ئارامی، پیاو دەبێ کەڵک لە ترس و تۆقاندن وەربگرێ! ئیتر ئەمجارە هێندە ستسی و زەبوونی لە خۆی نیشان دەدا، بەلای منەوە وەک چڵە پووشێک وابوو. هەتا چاوم پێی دەکەوت لە داخانی دەتگوت فججەم کرد. تازە پێشم خۆش نەبوو سەبارەت بە مەسەلەکە لەگەڵ لۆلا بدوێم. ئەو شتە تەنیا حەوجەی بە من و ئەو هەبوو، لۆلا و ئەمن، تەنیا و تەنیا دەبوو ئەو دووانەمان باس لەو کێشەیە بکەین. رۆژێک لۆلام بانگ کردە کن خۆم، تاکوو پێی بڵێم.

ـ تازە پێویست ناکا خۆتی بۆ پەرۆش بکەی.

ـ مەبەست چییە؟

ـ ئیتر هیچ کەس نانێرین بە شوێن سنیورائینگراسیا، دا.

لۆلا بۆ چرکەساتێک وەکوو کوندەگایانە چوو لە فکرەوە و جووڵەی نەکرد.

ـ تۆ چەندە، پیاوێکی هێدی و لە سەرە خۆی، پاسکۆئال.

ـ بەڵێ، هەر نەبێ باشتر لەوەی تو لەمەڕ منەوە بیری لێدەکەیەوە.

ـ زۆر چاکتریش لەوەی کە خۆم.

ـ چۆنە هەر باسی نەکەین! کێ بوو؟

بەردێکی لە سەر دانێ!

ـ زۆر حەزدەکەم بزانم، لۆلا.

بەڵام دەترسم ئەگەر پێت بڵێم.

ـ دەترسی؟

ـ بەڵێ، لەوەی ئەگەر بیکوژی.

ـ یانی ئەوەندە بە لاتەوە گرنگە؟

ـ بۆ من هیچ گرنگ نییە.
ـ ئەی، دەڵێی چی؟
ـ قسەی راست ئەوەیە، تۆبە خۆێن دەژی...
وشەکانی بە نێودەمارەکانی مێشکمدا دەسووڕانەوە. وەک ئەوەی داغم پێوە بنێن. ئەو داغانە تا رۆژی مردن بە جەرگمەوە بمێنێ.
ـ ئەگەر سوێندت بۆ بخۆم کە هێچ روو نادا ئەوکات. چی.
ـ باوەڕت پێ ناکەم.
ـ لە بەر چی؟
ـ من چاکتر دەزانم، پاسکۆئال، بەڕاستی جوامێری!
ـ خودا شکور! بەڵام ئێستاش دەتوانم لە سەر قەول و بەڵێنی خۆم راوەستم. لۆلا خۆی خستە باوەشمەوە.
ـ خۆزگە نیوەی عومرم چووبا و ئەوشتە لە ئێمەی روونەدابا!
ـ بڕوام بە قسەکات هەیە.
ـ ئەمن کارێک دەکەم، کە تۆ لەمن خۆش بی!
ـ لێت خۆش دەبم، لۆلا. بەڵام، دەبێ پێم بڵێی...
ـ بەڵێ.
زۆر خراپ رەنگی بزرکا بوو، زۆر لەوە ترسام بەڵا و موسیبەت هەتاکوو کونی ژووری بە شوێنمەوە بووبێ. بەگەرمی دەئامێزم گرت و پەنجەم بۆ قژە کاڵەکەی کردە شانە.
لە هەموو پیاوێک باوەفاتر لەگەڵیدا جووڵامەوە، سەریم لە سەر شانم دانا، دەمزانی چ دەرد و ئاوازێک دەچێژێ، لەوە ترسم هەبوو، سەری لە سەر هەڵنەگرم، حاڵی تێک بچێ و ببووریێتەوە.
ـ کێ بوو؟
ـ شازاد!



لۆلا هیچی نەگوت.
مردبوو، بسکەکانی بە سەر هەنیەی دا بڵاو ببوەنەوە. سەری بە سەر سنگیدا شۆڕ بۆوە... بۆ چرکەیەک هەروا مایەوە، لە باوەشی مندا، لە پڕ لە نێوەڕاستی چێشتخانەکەدا، بە سەر کاشییە لووسەکاندا دمەورووکەوت...

***

لە داخ و حەژماتان ئارام و قەرارم لێ هەڵگیرا بوو، وەک مار گینگڵم دەدا، هەرچەندە جارێک سەیری پەنجەکانی خۆم دەکرد؛ وەک چنگی هەڵۆیەک دەهاتنە بەر چاوم، لە دڵی خۆمدا وام لێک دایەوە، ئەگەر ئەو کەسەی بوو بە باعیسی ژنەکەم، بکەوێتە بەر چنگم، ئەبەو دەستانەی خۆم هەر بە زیندوویی ونجڕونجڕی دەکەم، سەدگیانی پێبێ ناهێڵم زیندووی سەر عەرز بێ.
خوشکەکەمی چارەڕەش و هەشبەسەر کردبوو، ماڵ و ژیانی لە من کردبوو بەکاولاش. دۆزینەوەی کارێکی سووک و سانا نەبوو ئەو لە مێژ بوو، گوردی خۆی وەشاندبوو، بۆیی دەرچوو بوو.
خەبەری هەبوو بە دوویدا دەگەڕێم، وەک مشک خۆی لە کەلێن و قوژیندا حەشار دابوو.
چورا مانگی رەبەق توخنی ئالمندراخۆ نەکەوت. چوومە ماڵی نیەوس، رۆساریو، م دیتەوە... چەندێک گۆڕدرا بوو! پیر ببوو، روومەتەکانی چرچ و لۆچی زۆری تێکەوتبوو، بەرچاوەکانی شین هەڵگەڕابوو، سەر و پرچی درێژ و ئاڵۆزاو، پیاو بە بینینی عاجز دەبوو، لە بیرتانە چ بیچم و قەڵافەتێکی رێک و پێک و جوانی هەبوو؟

ـ بۆ چی هاتوویی؟

ـ بە شوێن پیاوێکدا وێڵم!

ـ ئەو کەسەی لەچنگ دوژمنەکەی رابکا پیاو نییە.

ـ هەر وایە، منیش دەڵێم پیاو نییە...

ـ پیاو نییە، ئەگەر پیاو با ـ دەیزانی تۆ دێی، خۆی نەدەشاردەوە.

ـ بەڵێ، پیاو نییە... لە کوێیە؟

ـ لێی بێخەبەرم. لە دوێنێوە رۆیشتووە.

ـ بۆ کوێ چووە؟

ـ هەواڵێکم لێی نییە.

ـ نیتە؟

ـ نا،

ـ دڵنیای؟

ـ وەک رۆژی روون.

لەوە دەچوو بەڕاستی بێ. چەند چرکەی پێچوو بوو خۆشەویستی خۆی نیشان دا. هاتە شوێنم، ئەو ماڵە و شازادی بەجێ هێشت.

ـ پێت وانییە لێرە دوور کەوتبێتەوە؟

ـ هیچی بەمن نەگوت.

تەنیا چارەم ئەوە بوو رقەکەم بخۆمەوە.

زۆر کارێکی ناپیاوانەیە، ئێنسان داخی خۆی بە کەسێک بڕێژێ کە بۆتە قوربانی ئامانجی نامرۆیەکی زەبەلاح و بەدڕەوشت.

ـ دەتزانی خەریک بوو چی روویدا؟

ـ بەڵێ.

ـ دەتزانی و دەنگت نەکرد؟

ـ لە لای کێ دنگم کردبا؟



ـ قسەی تۆیە، لەلای کەس.

بەڕاستی هەر وا بوو، کەسێک نەبوو تۆ پێی بڵێی. شتگەلێک هەیە کە بۆ هەموو کەس وەکوو یەک وایە، ئەو شتانە، هەتا مردن هەر دەبێ بە ملمانەوە بێ، وەکوو خاچی شەهیدان، لە لای خۆمان بیپارێزین. ناشکری ئەو شتەی کەوا لە ناخماندایە بە هەموو کەسی بڵێین. لە زۆر وەخت و کاتدا، هەر تێناگەن لە قسە و مەبەستمان، رۆساریو لەگەڵ من وەرێکەوت.

ـ نامەوێ تەنیا رۆژێکیش لێرە بمێنمەوە. بە جەرگم گەیشتووە، وەرهەمم هەڵێناوە.

خۆلاسە دوو بە دوو، وەڕێ کەوتین. تاڕادەیەک ناخۆش بوو. سەر و روخوشتر گەرم و گوڕتر لە جاران. هێندە بە پەرۆشەوە وریای منی دەکرد ـ نەمدەتوانی ـ ئێستا، کە خراپتر، هیچ کات ناتوانم ـ قەرەبووی بکەمەوە. خۆ هەر نەبێ سووکە سوپاسێکی لێبکەم. هەمیشە کراسی خاوێنی بۆ دادەنام. هۆشی پێمەوە بوو لە خەرج و مەخاریج دادەست پێوەبگرم. هەر کات درەنگ دەگەیشتمەوە ماڵێ خواردنەکەی بە گەرمی بۆ رادەگرتم... ژیانیش بەم چەشنە چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە! رۆژگاری ژیانم زۆر بە لەسەرەخۆی کەروێشکەی دەکرد.

ئەو بیر و فکرە رەش و ئاڵۆزانەی وا دڵ و مێشکیان تەنییووم لە پاک بوونەوە دا بوون. ئەو ماوەیەی لە لاکورونیا بە سەرم برد، تێپەڕ بوونی هەر نەبوو!

ئەو رۆژانەی بە نەفامی و چەقۆکێشی بە سەر چوون! وردە وردە لە لام کەم رەنگ دەبوونەوە ـ ئەو زامەی کە لۆلا لە دڵی دا بووم لە چاک بوونەوە دابوو. رابردوو خەریک بوو لە بیر دەچۆوە. لە پڕ بەختم رەش بۆوە و ئەستێرەم کەوتەوە تاریکی و رووناکی روویی خۆی لێ

دەشاردمەوە، لە نێو قاوەخانەکەی مارتینتە دابوو. سینوریتوسباستیان خەریکی قسەکردن بوو:

ـ شازادت بینی؟

ـ نا، لە بەر چی؟

ـ هەر وا، بیستوومە لەو نزیکانە دیتوویانە.

ـ لە نێو دێدا؟

ـ وا دەڵێن.

ـ سەر مەخە سەرم،

ـ دەستت تێکەڵ نەیات، هەر چییەکیان پێگوتم، پێم راگەیاندی ئیتر بۆ سەر دەخەمە سەرت؟

نەمدەتوانی ددان بە خۆم دا بگرم و بزانم چ بەشێک لە وتەکانی راست یان درۆیە ماوەی رێگاکە هەتا ماڵێ هەڵاتم. وەک با ـ رێگام دەبڕی، کارم بەوە نەبوو رێگا چاڵ و قووڵی هەیە. دایکم لە نێو درگاکەدا دیت.

ـ رۆساریو لە کوێیە؟

ـ لە ماڵە.

ـ بە تەنیایە؟

ـ بەڵێ، بۆچی دەپرسی؟

پرسیارەکەم بێ وڵام هێشتەوە، گەڕامەوە بۆ نێو چێشتخانەکە، لەوێ دیتم، خەریکی چێشت لێنانە.

ـ چاوت بە شازاد کەوت؟

رۆساریو جوڵەیەکی کرد. بە هێمنی سەری بەرز کردەوە و لە سەرەخۆ بوو، لەوەش دەچوو هەمیشە هەر ئاوابێ. وڵامی دایەوە:

ـ بۆ چی دەپرسی؟

ـ لە نێو ئاوایی دیتوویانە.



ـ لە ئاوایدا؟

ـ وایان بە من گوتووە.

ـ نا، لەو دەوروبەرانە کەس نەیبینیوە.

ـ دڵنیای؟

ـ سوێند دەخۆم.

پێویستی بە سوێند خواردن نەبوو، قسەکەی راست بوو. هێشتا نەگەیشتبووە ئەوێ، لەوە دەچوو هەتا ماوەیەکی تر بگاتێ، پاک و خاوێن رێک و پێک، وەکوو تاووسی مەست. بێ کەم و کوڕی لە باشوورەوە.

لە بەر درگاکە چاوی بە دایکم کەوت.

ـ پاسکۆئال لێرەیە؟

ـ کاری چیت پێیەتی؟

ـ دەمەوێ کارێکم بۆ جیبەجێ بکا.

ـ چ جۆرە کارێک؟

ـ کارێکی بچووکە، پێوەندی بە هەردوومانەوە هەیە.

ـ برۆ ژووری، لە چێشتخانەکدا، دەیبینی.

هاتە ژووری، بەڵام کڵاوەکەی سەری دانەگرت. بە فیتوولێدان هاتە ژووری.

ـ سڵاو، پاسکۆئال!

ـ سڵاو لە تۆ، پاکۆ! کڵاوەکەت لابەرە. لە ژووریدای.

کڵاوەکەی لابرد.

ـ ئەمەش بە کەیفی تۆ بێ!

هەڵسوکەوتی، وەکوو پیاوە ئاساییەکان دەچوو، وەکوو کەسێک کە بە سەر هەموو هێزێکی خویدا زاڵ بێ. بەڵام زۆریش سەرکەوتوو نەبوو. دیار بوو کەسێکی تووڕەیە، لەوە دەچوو ترسابێ.

- سڵاو ڕۆساریو!

- سڵاو لە تۆ، پاکۆ!

خوشکم بزەیەکی ناشیرینی خستە سەر لێوی. بێزم لێکرد. شازاد، پێی پێکەنی، بەڵام دەمولێوی باری هێنابوو.

- دەزانی بۆ چی لێرەم؟

- ئەتۆ بڵێ.

- هاتووم روساریو لەگەڵ خۆمدا ببەم!

- شازاد، تۆ ڕۆساریۆ بۆ هیچ جێیەک نابەی.

- نایبەم؟

- نا.

- کێ دەتوانێ پێشم پێبگرێ؟

- من.

- تۆ؟

- بەڵێ، من. پێت وایە چکۆلەم؟

- تۆ پشیلەش تەواو نی...

لەو کاتەدا، وەکوو مارێکی سڕ وابووم. چاک دەمزانی چیبکەم و لە کوێوە بۆی بچم. لە پشتەوە دانیشتم، مابەینی هەردوومان لە بەر چاوگرت بێ ئەوەی مۆڵەتی قسە کردنی بدەمێ - بۆ ئەوەی وەک جاری پێشووی لێنەیات بە هەموهێزمەوە کورسیلەیەکم کێشا بە تەختی نێو چاوانیدا. وام لێڕاکێشا پشتاوپشت کشاوە هەتا وەک مردوویەک، بە سەر سۆباکەدا کەوت. لە دووای نەختێک گێژ بوون، حەولی دا، هەستێتەوە سەر پێ، چەقۆکەی هەڵکێشا، غەزەب لە نێو چاوانی دەباری، پیاو بە بینینی زەندەقی دەچوو. بەڵام چۆڵەمەی ئەستۆی شکا بوو بەڕاستی نەیدەتوانی



هەڵسوورێ، یەخەیم گرت و بۆ لای جاددەکە رام کێشا، لەوێ بە عەرزم دادا.

- شازاد، تۆ قاتڵی خێزانەکەی منی...

- ژنەکەت خراپ کار بوو!

- هەر چییەک بوو، تۆ کوشتت. ئابڕوو و حەیای خوشکەکەمت برد...

- ئەو کە بوو بە ژنی من بێئابروو بوو!

- مومکینە، بەڵام تۆ هیچت بۆ نەهێشتەوە! ئێستا کاتی ئەوە هاتووە. قڕوقەپ بکەی. وەدووم کەوتی و پەیداتکردم. نەمدەویست ئازارت بدەم، یان ئەستۆ و شانت بشکێنم...

- زۆر زوو، چاک دەبییەوە، وەختێکیش چاک بووی، ئەوکات...

- ئەوکات چی؟

- وەکوو سەگێکی هار دەتتۆپێنم!

- جارێ ئەوە تۆ لە بەر چنگی مندای!

- تۆ ئەو پیاوەنی بتوانی من بکوژی!

- ناتوانم؟

- نا.

- لە کەیەوە، ئەوەندە بە زیرەکی بیردەکەیەوە؟ لەوە دەچی زۆرت شایی بە خۆت هەبێ؟

- ئەو کەسەی بیهەوێ من بکوژێ، هێشتا لە دایک نەبووە!

کەمیش بێغیرەت نەبوو.

- ئێستا دەتەوێ بڕۆیی یان نا؟

- هەر کات پێم خۆش بوو دەڕۆم!

- چاک وایە هەر ئێستا بڕۆیی!

- ڕۆساریۆ دەبەم !

ـ نایبەی!

ـ دەتکوژم!

ـ زۆری لە سەر دەڕۆیی، ئاواش وەزعت شڕە.

شازاد، حەولێکی تری دا. خۆی لەسەرپێ گرتەوە. لە پەنامەوە رۆیی بۆلای رۆساریو. بۆقەتەی ملیم گرت و لەبەرپێمدا بە عەرزمدادا.

ـ لە بەر چاوم لاچۆ!

ـ مەگەر بە خەون چات پێی بکەوێ!

دەستەویەخە بووین. چۆکم لە سەر سنگی دا دا، ئەوەی راستی بوو لێم نەشاردەوە. هەر چی بوو درکاندم:

ـ ناتکوژم، چوونکە بەڵێنم پێدابوو نەتکوژم...

ـ قەولت بەکێ دابوو؟

ـ بە لۆلا.

هێشتاکوو خۆشی دەویستم؟

خەریک بوو زیاتر پشووی لێ هەڵکێشێ، ئیتر بە جەرگم گەیبوو دەستم لە تین تینۆکەی توند کرد. جوولەم لێبڕی... قرخەقرخێکی لێوەهات و... خوێن بە دمولووتیدا دەرپەڕی. کاتێک لە سەری هەستامەوە، سەری بە سەر شانیدا کەوت...

***



سێ ساڵ حوکم درام و لە زیندان پاڵم لێداوە، سێ ساڵی رەبەق، بێبڕانەوە. سەرەتا وام بیر دەکردەوە، دەبێ هەتا مردن لە بەند، دابم. ئیتر وردە وردە، ئەو ساڵانە وەک خەونی لێهات. سێ ساڵ کار. رۆژ بە رۆژ، کار کردن لە نێو کارگەی کەوشسازی زیندان. خۆشحاڵ بووم لەوەی لە کاتی پشوودان دا، یەک دوو دەقیقە خۆم بەر هەتاوەکە دەدا.

سەرنجم دەدا چرکە چرکی کاتژمێرەکان، بە پەرۆشەوە تێیان رادەمام هەمیشە حەولم دەدا، بە چەشنێک بجوولێمەوە کەس گلەیی لێم نەبێ، بەڵام لە بەختی رەشم قەت باشم بۆ نەهات ـ دایمە لە بیری ئەوە دا بووم لە شەڕ و گێچەڵ بە دوور بم، بەڵام ئەو بەڵایە هەر بە شوێنمەوە بوو. هەر دەبێ بیری لێبکەیەوە. هەمووشتێکی هەروا لە ناو برد، ئیتر هەموو پیاوەتییەک بێسوودە. لەوەش خراپتر: نەک هیچ چاکە و پیاوەتییەک بێفایدە بوو، بەڵکوو دایمە ئەوەندە پەرێشان و تێک رووخاو بوو ئیتر ئەوەی تێکی دەدا، بۆ چاک بوونەوە نەدەبوو. ئەگەر کاڵفام وگێلۆکە بووم، ئەگەر هەڵس و کەوتم ناشیرین بوو، ئەو بیست و هەشت ساڵەم لە زیندانی چین چیلا دا گوزەراند. هەر لەوێ دەمامەوە، وەکوو هەموو بەندییەکان هەر بە زیندوویی دەڕزام. ناچار بووم، بێتاقەت دەبووم، هیوا بڕاو، قسەی ناخۆشم دەکرد، بە چاک و بە خراپ، کەچی هەر لەوێ بووم. تاوانی کردەوەکانی پێشووم دەدایەوە، بەڵام لە جنایاتی تازەتر دوور بووم، دەست بەسەر و زیندانی بووم ـ ئەوە شکی تێدانییە ـ بەڵام بە قەت عەرز و ئاسمان لە خۆم دڵنیا بووم، بەری لە هەر تاوانێک، جگە لەو تاوانەی یەکەم کەس کە تووشی هات. لەوە بترازێ هیچ شتێک لە منی روو نەدابوو. نە رفتارم باش بوو نە خراپیش، وەکوو زۆربەی خەڵک، ئەو بیست و هەشت ساڵەم وەکوو بڵێن چاردە پازە ساڵەیەک دیاری دەدا، هەتاکوو ئەو کاتەی من دهاتمە دەرێ دایکم بە مردنی

خۆی دەمرد، رۆساریوی خوشکم تەمەنی بەرەو پیری هەڵکشا، لەگەڵ جوانییەکەیدا لاویشی لە کیس چوو، هەر ئەو جوانییەی بووە هۆی بەدبەختی، منیش هەروا - منی رۆژەڕەش، منێکی تێک رووخاو، چاوەروانی روویەکی خۆش لە نێو خەڵکدا - سەرنەوی و هەناسە سارد. منێک دەمگوت تازە لەوە ناچێ تووشی بەڵایەکیدی ببمەوە. هەر ئەوساتەوەختە لەوە دەچوو لە شوێنێک بە هێمنی ژیان بەرمەسەر کار و بارێکی باشم هەبێ، بە چەشنێک کە بتوانم ژیانمی پێ دابین بکەم. هەوڵم ئەوە بوو رابردوو لە بیر بەرمەوە و هیوا بە دووارۆژ بم. زۆریش لەوە دەچوو لە حەولەکانمدا سەرکەوتووبم... بەڵام بە پێچەوانەوە لەزینداندا لەگەڵ خووخدە و ئخلاقی باش و رفتاری دوور لە خراپی دەرچووم، لەو هەل و مەرجەدا ئەوەندەی بۆم کرابە باشی هەڵس و کەوتم کرد. ئەو ئەرکەی پێم دەسپێردرا، خۆم لێ گێل نەدەکرد و بە باشی بەڕێوەم دەبرد. کارێکم دەکرد، لەڕێی یاسا لا نەدەم، تەنگ و چەڵەمەم بۆ پێش نەیات، لە لایەن بەڕێوەبەری زیندانەوە دەنگ و باسی جێی متمانەم پێدەگەیی:

ئیتر ئەوە بوو لە زیندان ئازاد کرام. دەرگاکان کرانەوە، بەبێ دیفاع، هەر لەوێ درامە دەست نەدامەتی. پێیان گوتم:

- دەوری حوکمەکەت بەسەرچوو، پاسکۆئال. بگەڕێوە و، وەدووی تێکۆشان بکەوە، بچۆوە سەر ژیان و ئەرکەکانی خۆت، تێکەڵ بە جەماوەربە، خۆت لەگەڵ ئەو خەڵکە رابێنە، سارد و گەرمی رۆژگار بچێژە خارا و پتەو بە... بەو بیرەوە کە لە من دەڕوانن، لوتف و مەرحەمەتیان هەیە، بە دەستییانەوە کارم کرا.

ئەو فەلسەفەیە وەختێک، بەشی یەکەم و دوویەمی لە ئاخیریدا نووسیم بە بیر و مێشکمدا نەهات. بەڵام ئەوەڵین دەستنووسی ئەو بەشە



چیرۆکەیان لە من دزی - هەرچەند ئێستاش تێناگەم بۆ چی. ئەو دزییە لەوانەیە بەلای ئێوەوە زۆر سەیر بێت کە بڕوا بە فەرمایشتەکانم نەکەن. بەڵام، با ئاوابێ، لەو دزییە بێمانایە، یەکجار پەرێشان بووم لە دووبارە نووسینەوەی شتەکانم بە ڕاستی ماندوو بووم. لەڕادەبەدەر زۆرم بۆ مێشکی خۆم هێنا بوو. بیرم فرە بەربڵاوتر ببوو. هەر بەم چەشنە بوو کە بیرۆکەکەم دەنگی دایەوە. بڕوا ناکەم ئەوەندەش شیاوبم - کە لە بەرانبەر گەورەبوونی دا لە چاو نەدەم، ئیتر ئەوانە لەوە کەمترن تۆزی تاوانەکانم بتەکێنن - جاوا بتوانێ وشەکانیشم لە بار بەرێ، منیش ئەوەندەی دەستم بڕوا فکر و زانیاری شیاو لە چیرۆکەکەمدا دەچەسپێنم، هەر ئەو جۆرەی کە بۆیان درووست کردم، لێدەگەڕێم لەمەڕ ئەوانەوە خۆتان قازی بن. کاتێک لە زیندان هاتمە دەرێ، ئاواییەکەمان خۆش و دڵگیرتر لە جارن بوو جوانتر و ژیکەڵەتر لەو شتانەی چاوەڕوانم دەکردن. زێدەتر لەوەی کە لە مێشکی خۆمدا دەمهێنا و دەمبرد. ئیتر هەر باسی مەکە دەر و دەشتی سەوز و هەمووولایەک شیتناوەرد. کێڵگەکان داچەندراو بە گەنم و جۆ، خەڵکەکەشی وەرزێریکی بە کار و ماندوو، رۆژ هەتا ئێوارە خەریکی کشت و کاڵ و کاری فەلاحەتی، مێشکیان دوور لە بیرۆکەی رەش، سەرورووو خۆش و کووپەی شەراب لە بەر دەستیاندا حازر و ئامادە. بەڵام لە پێش چاوم، سووتاو و نەزۆک، خراپتر لە گۆڕستانی کۆن، بە بەرچاومەوە وەکوو شەخسێکی زیارەتی دەچوو کە رۆژێک لە دووای ئەوەی خەڵک لە زیارەتی دەگەڕانەوە چۆڵ دەبوو پەپوولێی دەخوێند...

چینچیلا[42]، شوێنێکی دڵتەنگ و ناخۆشە، هەر وەکوو هەموو لادێکانی لامانچا هەر دەتگوت وەبەر لافاوی غەزەب و نەدامەتی رۆژگار

42- Chinchilla.

کەوتووە، مەگیرانی بە رووناکی دەکرد. بە چەشنی ئەو شوێنانەی کە هیچ کات خەڵکەکەی لە درگای ژووریّ سەر ناهێننە دەریّ. ئیتر لەوە زیدەتر لەویّ نەمامەوە، سواری شەمەندەفەر بووم هەتاکوو بگەڕێمەوە بۆ لای ماڵەکەم بۆلای بنەماڵەم، بمگێڕێتەوە بۆ شارۆچکەیەک کە دڵنیا بووم کەسێکی لێبووە، بۆ ماڵێک لە رووناکیدا تروسکەی دەهات، هەروەها، بۆبنەماڵەیەک، وایان دەزانی رێی سەدان ساڵ لێیانەوە دوورم بڕوایان نەدەکرد لەو رۆژانە دا، دەگەڕێمەوە بۆلایان.

هیوادارم لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، خودا روحمی لە دڵی دایکم نابێت و نەختێک موحیببەتی دایکانە لە ناخیدا کۆبووبێتەوە، هەروەها خوشکم، خوشکی خۆشەویستم، خوشکی جوانکیلەم هەر بە بینینم باڵ دەگریّ.

زۆری پێچوو هەتاکوو قەتار هات، هەتا گەیشتە وێستگەی چین چیلا، شتێکی جێی سەرنج بوو، بۆکەسێک ئەو گشتە سەبر و تاقەتەی بوو بێ ئەو هەموو خۆڕاگری و چاوەڕوانییەی لە خۆی نیشان دابێ، کەچی ئێستا، بۆ ماوەی کاتژمێرێک مەحتەل بوون ئارامی لێبڕابێ. بەڵام راستەقینە ئەوەیە عەرزم کردن، وەڕەز بووم، سەبرم نەمابوو، بێ ئارامی ئۆقرەی لێبڕیبووم، دەتگوت سەودایەکی مەزنم بە دەستەوەیە و هەر دەبێ زووبیگەمێ نەکوو لە دەستم دەربچێ.

وەک مارگینگڵم دەدا، وەک شیت و هار بە نێو وێستگەکەدا دەسووڕامەوە خۆم دەکرد بە چێشتخانەکەدا، هەتاکوو جارەکەی پەنا وێستگەکە رۆیشتم هیچم لە دەست نەهات. هەواڵێک لە هاتنی شەمەندەفەر نەبوو، نەدەنگێ نە هەرایە. دەمگوت تازە قەت ناگاتێ، وەبیری زیندان کەوتمەوە، هێشتا لە دوورەوە، لە پشت وێستگەکەوە ددانە چیرەی لێدەکردم. دەتگوت بەتاڵ و هەتاڵە، بەڵام دەمزانی کە



ئێستاش تاقمێک چارەڕەش لەوێندەری ژیانیان بۆ ئەوە دەبێ چەند پەڕتووکی لە سەر بنووسی. بەڕێوەبەری زیندانم هاتەوە بیر، ئاخرکەڕەت کە دیتم، پیرەمێردێکی کودەڵەی سەر تاس بوو، سمێڵێکی سپی و دوو چاوی شینی ئاسمانی. بە ناوی دۆن کنرادۆ[٤٣].

بەڕاستی وەفای عەولادێکم بۆی هەبوو، لە بەر ئەو وشە نەرم و نیانانەی کە هەیبوون، لە کاتی خۆیدا ئامۆژگاری زۆری کردم. سوپاسی دەکەم.

بۆ ئاخرین جار کە دیتم لە شوێنی کارەکەی خۆی بوو، ئەو جێیەی منیان بۆ ئەوێ بانگ کردبوو.

- روخسەت دەفەرموون، دون کنرادۆ.

- وەرە ژووریّ، کوڕی باش!

دەنگ و قسەکانی پیری پێوە دیاری دەدا، کاتێک بە «کوڕی باش» بانگی کردم، لە هەموو کاتێک دڵۆوانتر بوو، هەر بۆیە لێوی دەلەرزی. فەرمووی کردم لە نزیک مێزەکەی دابنیشم، کیسە توتنەکەی لە پێستی بزن سازکرابوو، بەرزیکردەوە و بەستەیەک پەڕە جگەرەی دەرهێنا، خوڵکی منیشی کرد.

- جگەرە؟

- سوپاست دەکەم، دۆن کنرادۆ.

دۆن کنرادۆ، بزەیەک نیشتە سەر لێوی.

- بۆ دوواندنی تۆ باشترین کار ئەوەیە لە نێو دووکەڵەکەوە قسەبکەین. ئەبەم چەشنە کەمتر چاوم بەو قەڵافەت و بەژن و باڵایەت دەکەوێ!

43- Don conrado.

لەگەڵ قاقایەکی درێژ دا قسەکەی تەواو کرد، لە کۆتاییدا دەستی کرد بە کۆخین و پژمین. هێندە کۆخی لەوانە بوو بخنکێ. ئیتر وای لێهات وەک چەوەندەر سوور هەڵگەڕا، کەشەوی مێزەکەی کێشاوە و بترییەک و دوو لیوانی هێنا دەرێ. ئەمن زۆرم پێ سەیر بوو: زۆر لەگەڵ من وەفای هەبووە، بەڵام نەک ئەبەو رادەیە.

- چی بووە، دۆن کنرادۆ؟

- هیچ نەبوو کوڕی باش، هیچ... وەرە، پێ داکە، بە سلامەتی ئازاد بوونت!

دیسان کۆخین و پژمین بەرببینی پێ گرت. ویستم لێی پرسم:

- من و ئازاد بوون؟

بەڵام بەدەستی ئاماژەی پێکردم یانی وسبە. ئەمجار باسەکە لە بنەڕەتەوە دەستی پێکرد؛ ئەوەی لە پێشدا کۆخین بوو، بوو بە قاقاکێشان.

- ئەرێ، ئەو کەسانەی هیچ و پووچ و ناڕەسەنن، هەمیشە بەخت و شانسی باشیان هەیە!

پێکەنینەکەی دەست پێکردەوە، لەو هەواڵەی کە پێی دا بووم کەیفی ساز بوو زۆر خۆشحاڵ بوو کە بەڕێی ئەو بەری شەقامەکەم دەکا. دۆن کنرادۆی بەستە زمان! پیاوێکی مێهربان! خۆزگە بیزانیبا، باشترین رووداوێک کە بۆمن روودەدا، هەر ئەوەیە لەوێ وەمێنم! کاتێک گەڕامەوە بۆ چین چیلا، بەو چاوانەوە کە پڕ بوون لە ئەسرین، چاوێک وەک باران فرمێسکی پێدا دەهاتە خوارێ، ئەویش هەر ئەوەی گوت.

- دەی باشە، وەرە با ئەوەندە شتەکان شل نەگرین...

حوکمی ئازاد بوونەکەی نیشان دام. باوەڕم نەدەکرد بە خەبەرم. نەختێک دوواتر گوتی:



- خوێندتەوە؟

- بەڵێ، گەورەم.

فایلەکی لێک کردەوە، دوولاپەڕەی نووسراوی تێیدا بوو. دەستوری ئازادی من بوو.

- ئەوەیان بۆتۆ. ئەو کوتە کاغەزەت بەدەستەوە بێ هەر جێگایەکت پێخۆش بێ دەتوانی بچی. قامکت بێنە، ئێرە مۆربکە، بەڵام وریابە پیسی نەکەی.

کاغەزەکەم قەد کرد و خستمە نێو کیفی پووڵەکەمەوە... ئازاد بووم!

به هیچ شێوەیەک ناتوانم چۆنی بەیان بکەم کە لەو وەختەدا، چەندە کەیفم ساز بوو دۆن کنرادۆ زۆر توندی گرتبوو. دواتر بڕێک پەند و ئامۆژگاری بە گوێدا دام. نەسیحەتی کردم هەتا ماوم خۆم لە داوی نەفسی سەرکێش نەخەم:

ئەگەر وتەکانیم بە گوێ گرتبا، بڕوام پێبکەن دەمتوانی خۆم لە دەستی گەڵێک نەدامەتی و کوێرەوەری رزگار بکەم. کاتێک قسەکانی تەواو بوو، لە کۆتاییدا بیست و پێنج پزۆتا، ی لە لایەن ئەنجوومەنی ئافرەتانەوە، بۆ یارمەتی بەزیندانییان، کە لە ناوەندی چاکەکارییەوە لە مادرید دامەرزاوە خستە دەستمەوە.

قامکی لە سەر دوگمەیەکە دانا زێڕە لە زەنگێمەوە هات، زیندانوانێک قوت بۆوە. دۆن کنرادۆ دەستی بۆلام درێژ کرد.

- خوداحافیز کوڕی باش. خودا دەست بە عوکرت بگرێ!

زۆر بە زەحمەت دەمتوانی بە سەر خۆشحاڵی بە لێشاو و لە پڕمدازاڵ بم.

دۆن کنرادۆ رووی کردە پاسەوانی بەندەکە.

ـ مونیوس[٤٤]. هەتا بەر درگا، لەگەڵ ئەو پیاوە بچۆ. بەڵام پێشتر بیبە بۆ بەشی دایرەی ماڵی، مووچەی حەوتەیەکی ماوە وەری بگرێ.

دووای ئەو هەموو مەحتەل بوونە، قەتار گەیشتێ. درەنگ یان زوو ئەوەی لە ژیاندا هەیە ئاخری هەر دەگاتێ. بێجگە لەو بەخشین و لێخۆشبوونەی تاوانی مرۆکان دەگرێتەوە، رێگەی ئەوەیان فرە دوورە و هەر ناگاتێ.

لە واگۆنێکدا هەر چۆنێک بوو جێی خۆم کردەوە، ئیتر، کاتێ رۆژ و دانێک بە لۆژە لۆژ، گەیشتینە ئاواییەکە وێستگەکەی هەر وا لە پێش چاوم تازە و جوان و دڵگیر بوو، لەو ماوە زۆرە دا کە من سەفەرم کرد هەمیشە دڵم لەلای بووە و بە خەیاڵییەوە ژیاوم. هیچ کەسێک، بە باوەڕەوە دەڵێم، هیچ کەسێک مەگەر هەر خودا لەو سەرە ئاگادارە، ئەگەرنا، کەس نەیدەزانی لە حاڵی گەڕانەوەدام، بەڵام ـ تێناگەم ئەمە چ ترس و خۆفێک بوو سێبەری وەسەر کێشابووم ـ لە پڕ ئەو فکرە بە رووناکی هاتە نێو مێشکمەوە کە لەسەر سەکۆی وێستگەکەم و خەڵکێکی شاد و خۆشحاڵیش هاتوونەتە پێشوازیم بە چەپڵەرێزان بە دەسرە و دەسماڵ لە بەر دەممدا سەمادەکەن و بە دەنگی بەرز ناوم دەڵێنەوە.

کاتێک لە شەمەندەفەرەکە دابەزیم، ژانێک وەک خەنجەری دەبان کسپەی لە جەرگ و دڵم هەستاند. وێستگە چۆڵ و هۆڵ بوو. بەرپێوەبەری وێستگە، سنیورگرگوریو، بە فانۆسێکەوە دیوێکی سەوز و لایەکی سوور بوو، ئاڵایەکی (نیشانە) ی بە دەستەوە بوو، دەیکرد بە نێو کاڵانێکی تەنەکەدا، کاتی وەرێکەوتنی قەتارەکەی رادەگەیاند. هەر ئێستا نا، ئێستا، بولای من وەر بسوورێتوو چاوی پێم بکەوێ، بمناسێتەوە پیرۆزباییم لێبکا.

44- Munoz.



ـ ئێ، پاسکۆئال! ئەوە گەڕایتەوە؟

ـ بەڵێ سنیورگرگوریو. ئازاد بووم!

ـ دەی کەوابوو ئازادی!

زیاتری لە سەر نەڕۆیی، گەڕایەوە و زۆر بە سەرساردی رووی کردەوە ماڵۆچکەکەی.

دەهاتم وەدووی بکەوم و هاواربکەم:

ـ ئازاد بووم سنیورگرگوریو! ئازادی ئازاد!

وام بیردەکردوە تێنەگەیوە. بەڵام بە دوو دڵییەوە، دوواتر، بانگم نەکرد.

خوێن لە دڵمەوە بەرەو مێشکم بە نێو دەمارەکانمدا شەپۆلانی بوو زۆریشی نەمابوو فرمێسک لە چاومدا کۆببێتەوە. سنیورگرگوریو بە هەواڵی ئازاد بوونم هیچ چەشنە هەڵوێستێکی لە خۆی نیشان نەدا، بۆیی گرنگ نەبوو، ئازادم یان نا هەر چی هەم بوو لە نێو بوخچەکەدا بە شانم دادا و لە وێستگەکە دەرکەوتم.

ملی باریکە ریگایەکم گرت و لە خوار شارەوە بەرەو ماڵ بوومەوە. وەڕێ کەوتم دنیایەک خەفەت لە سەر دڵم کۆببۆوە. هەموو شادی و خۆشییەکم بە دیتنی سنیورگرگوریو ئەو بێ موبالاتییەی بوو بە بڵقی سەر ئاو.

شەپۆلی فکر و خەیاڵاتی چەوت بە کەیفی خۆی گەمەی پێدەکردم، حەولی دەرباز بوونم هەبوو لەو گێژاوە، بەڵام فایدەی نەبوو. مانگەشەوێکی خۆش بوو. مانگ وەک کچی خۆر دەرەوشایەوە. هەر وەک کولێرەی تەبەروکی گەنمەشامی. بە تەوێڵی ئاسمانەوە، لەو سەرمایە دەترسام وا هەڕەشەی لە گۆشت و ئێسقانم دەکرد.

تۆزێک دوواتر، لە لای راستی جاددەکەوە و لە نیوەی رێگەدا بەرەو ماڵ، لە گۆڕەستانێک نزیک بوومەوە. هەر وەکوو جاران، چواردەوری دیواری بەخشتی رەش، هەروەها، هەمان دارەسەروە بەرزەکە، تاقەگەلایەکیش نەگۆڕدرا بوو گوندەکەش هەر وا لە باوەشیدا بوو، وەک جاران دەیخوێند.

ئەوە هەر ئەو گۆڕستانە بوو، باوکمی شاردبۆوە لەو هەموو چارەڕەشییەی، هەر وەها ماریوی بەستەزمان و هەناسە ساردیش، هاوژینەکەم و تەنیاییەکانی شازاد و، ملهوڕییەکانی. هەر ئەو گۆڕستانە بوو لەشی دوومنداڵەکەم تییدا دەڕزا، یەکیانی لە بار چوو بوو، پاسکۆئالی چکۆلەش لە یازدەمانگیدا جگەر گۆشەمان بوو... پێم کارێکی جوان نەبوو کە بەو نیوەشەوە بگەمەوە ماڵێ بەر لە هەموو شت مردووەکانی ئەو گۆڕستانە سڵاوم لێبکەن! دەتگوت ویستی خودا لەوە دایە، کە من لێرەوە بێم، وەک بڵێی کەیفی بەوە ساز دەبێ راست لەو شەوە دا بە سەر ئەو گۆڕستانە دا بکەوم، بەفکر و ئەندێشەوە بچمە ناخییانەوە، بە خۆم بڵێم کە ئێمە چەندە هیچ و پووچین!

سێبەرەکەم لە پێش خۆمەوە هەڵدەهات، سێبەرێکی زەبەلاح و ترسێنەر، بە سەر زەویدا هەڵدەستا و دەکەوتەوە، لە پێشدا بە سەر جاددەکەدا کەوتبوو دوواتریش بەبالای دیواری گۆڕستانەکەدا هەڵچووبوو، وەک ئەوەی بڵێی کەیفی لێبوو لە سەر دیوارەکەوە سەیری گۆڕستانەکە بکات. ملم نا لە هەڵاتن. سێبەرەکەشم وەک من هەڵدەهات، راوەستام، ئەویش وێستا. لە ئاسمانم رووانی: پەڵە هەورێکم نەدی بە روومەتی ئاسمانەوە. سێبەرەکەم هاورێم بوو، پێ بە پێی من، هەتا بە یەکەوە لە دەرگای ماڵێ بدەین.



ترس شکا بووەگیانم، ئەو ترسەی کە زمان لاڵ دەکا و، نایاتەگۆ، وام بە خەیاڵ دادەهات کە تەواوی مردووەکان بەرووت و قووتی لە گۆڕەکانیان هاتوونەتە دەرێ و هەموویان سەیری من دەکەن. ورەی ئەوەم نەبوو سەرم بەرز بکەمەوە و بۆ دەور و بەری خۆم بڕوانم. ئەوەندەی بۆم کرا خێراتر هەنگاوم هەڵدەهێناوە و پەلەم دەکرد. وام دەزانی کێش و قورساییم نەماوە سووک وەک پەلەپووشکە، وەک قانگەلاشک بە دەم با ـ وە، وەک پشیلەیەکی لە سەگ ترساو، عەرزوە خۆی نەدەگرتم. ئەوەندەی لاقم لە بەریەک دەکشاوە هەڵدەهاتم. لە شێت و هار خراپتر. وەکوو کەسێک کە لە تاریکی ترسابێ. وەکوو ئەسپێکی سڵ، کاتێک گەییم بە دەرگای حەوشەکەمان ئیتر بڕستم لێبڕا، لە توانام دانەما یەک هەنگاوی دیکە هەڵ بێنمەوە...

بوخچەکەم دانا عەرزێ و تەپ لە سەری دانیشتم. سریوەیەک نەدەهات دایکم و روساریو لە شیرین خەو دا بوون. خەبەریان لە من نەبوو، لە ئازاد بوونم. یەک دوو هەنگاو لێیانەوە دوور بووم. رەنگبێ خوشکم، سڵاو ئەی فریشتە ـ ئەو دۆعایەی کە بۆ خۆی حەزی لێی بوو ـ بۆ رزگاری من بەرلەوەی بخەوێ ئەو دۆعایەی کردبێ. لە بارەگای حەزرەتی مریەم پاڕابێتەوە! سەیریش نییە هەر لەو کاتەدا خەونی بە چارەڕەشییەکانی منەوە بینیبێ. بە خەیاڵ هاتبێتە ژوورە تاکەسییەکەوە منی دیتبێ لە سەر تەختەیەکی رەق و تەقی زیندان، کەوا منیش خەون بە ئەوەوە دەبینم. هەر وەکوو ئەویش خەونی بە منەوە دەدیت. ئەو کە باوەڕی بەو حەقیقەتە هەبوو لە دڵەوە خۆشم دەوێ! ئەگەر لەو خەوە دا نەترسابێ و نەی قیژاندبێ!

لەوێندەرێ بووم، ساخ و سڵامەت لە زیندان هاتبوومەوە، چووبوومەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆم. هاتبوومەوە، دڵی بدەمەوە و ئاگام لێی بێ، سەیری بزەی سەر لێوی بکەم.

بۆ خۆشم نەمدەزانی چی بکەم، چۆن لە دەرگا بدەم، چۆن ئاگادرایان بکەم...

لەوە دەچوو بترسن، لەو ناوەختەدا کێ کاری وا دەکا، تەق و کوت دەرگا بژەنێ، لە دەرگابدا، بڕواناکەم دەرگاکەش بکەنەوە. خۆ نەشدەکرا هەتاکوو شەبەقی بەیانی لە بەر ئەو درگایە چاوەروان بمێنمەوە و نەچمە ژوورێ. بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، وەک سەرخۆشان دەچوون، ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواڵ نەبوو. لە لای ئالمندراخۆ، وە دەهاتن: لەوە دەچوو لە سەردانی دۆست و هاوەڵانەوە گەڕابێتنەوە. خێرا ناسیمنەوە [لئۆن][٤٥] ، ئەویش برای خاوەن میوانخانەکە بوو، سنیورتیوسباستیان. خۆم حەشاردا. نازانم لە بەر چی، بەڵام بینینیان وەجووڵەجووڵی خستم. لە پەنا ماڵەکەوە تێپەڕ بوون، لە نزیکی منەوە، زۆر بە هاسانی گوێم لە قسەکردنەکەیان دەبوو.

- ئەرێ زانیت پاسکۆئال چی بە سەر هات.

- هەر کەسێکی دیکەش با، هەر ئەو کارەی دەکرد.

- لە سەر نامووسی خۆی وە جواب هات.

- هەر بە راستی وابوو.

- ئەو کاتە، کەوتۆتە چین چیلا، ئەلێرەوە رۆژە رێیەکە بە شەمەندەفەر. هەتاکوو ئێستا ئەمە سێ ساڵە...

لە ناخەوە پەرێشان بووم، لە بەر خۆشحاڵی خۆم پەرێشان بووم. لە پێشدا وام بە مێشک داهات. لە حەشارگەکەم بێمە دەرێ و خۆمیان

45- Leon.



نیشان بدەم و بە گەرموگوڕی لە باوەشیان بکەم، پیان دانووسێم، بەڵام ئەو بیرۆکەیە خێرا بە نێو مێشکم دا تێپەری... ددانم بە خۆمدا گرت. لە زیندان باش فێر ببووم، سەبرم هەبێ، هەروا خێرا بە چەکمەوە وەنێو نەکەوم. شتەکان پوختە بکەم. جا ئەو کات ناوی خودای لێبێنم.

چاوەڕوان مامەوە هەتاکووڕەت بن، کاتێک دڵنیا بووم دوور کەوتوونەتەوە لەو قوڵکەی خۆم تێیدا شاردبۆوە هاتمە دەرێ. بۆ لای دەرگا کە وەرێ کەوتم. هێشتا بووخچەکەم لەوێ کەوتبوو. نەیاندیتبوو. ئەگەر ـ بیاندیتبا، نزیک دەبوونەوە، ئەوکات دەبوو خۆم نیشان بدەم و هەمووشتێکیان لە نووکەوە بۆ بیگێڕمەوە.

ئیتر ئەوانیش وایان دەزانی لە زیندان هەڵاتووم و خۆم شاردۆتەوە. تازە نەمدەویست لە بارەیەوە بیری لێبکەمەوە. ئەمجاریش لە درگاکەم دا، کەسێک نەهات بە دەنگمەوە، کەس نەیگوت کێیە. بۆچەند چرکەیەک راوەستام. دیسانیش لە دەرگاکەم دا، تۆزێک توندتر، لە ژوورەوە کەسێک مۆمی دادەگیرساند.

- کێیە؟

- منم!

- کێ؟

دەنگی دایکم بوو. بەبیستنی دەنگی خۆشی ئاوپڕ ژێنی دڵی کردم جا بۆ بیشارمەوە.

- منم پاسکۆئال.

- پاسکۆئال؟

- بەڵێ، دایە، پاسکۆئال!

دەرگاکەی کردەوە. لە بەر شۆقی مۆمەکە هەر لە جادوو باز و دێو و درنج دەچوو.

- چت دەوێ؟
- چیم دەوێ؟
- ئەرێ.
- دەمەوێ بێمە ژووری. پێت وایە چیم دەوێ؟

رفتاری لە رفتاری مرۆڤ نەدەچوو. بۆ چی لەگەڵ من ئاوای کرد؟

- ئەوە چییە بۆ خۆمان لێنابەڵەد دەکەی دایە؟
- نابەڵەدی چی؟
- لەوە دەچێ... لێرەش نەبی!

دەتوانم سوێند بخوم، دایکم پێی خۆش بوو، کوێر بێت و من نەبینێ.

ئەو داخ و قینەی لە دڵمدا کۆم کردبۆوە وەک سکڵی ژێر خۆڵەمێش خەریکی گەشانەوە بوو. حەولم دەدا ددان بە خۆمدا بگرم.

- رساریو لە کوێیە؟
- رۆیشتووە.
- رۆیوە؟
- بەڵێ.
- بۆکوێ؟
- چۆتە ئالمنداخۆ.
- دیسان؟
- بەڵێ دیسان.
- لەگەڵ کەسێک؟
- ئەرێ.
- کێ؟

بە تۆ چی.



وەک ئەوەی کێوێک بە سەرمدا رووخابێ. بەرچاوی خۆم نەدەدی. لە دڵی خۆمدا گوتم: بڵێی خەو نەبینم. بۆ چرکەیەک هەردووکمان مات بووین.

- چۆن بوو رۆێی؟
- ئەو شتانەش دەبێ!
- نەی دەتوانی هەتا دێمەوە رابوەستێ؟
- نەیدەزانی تۆ دێیەوە. بەڵام دایمە باسی دەکردی...
- برسیت بوو؟
- جار و بارە.
- بۆیە رۆیی؟
- من چووزانم.

بێدەنگی رای گرتینەوە.

- وا هەیە بیبینی؟
- ئەرێ. زۆر هامووشۆ دەکا. چوونکە پیاوەکەی لێرەیە.
- پیاوەکەی؟
- بەڵێ.
- کێیە؟
- سنیوویتو سباستیان.

وام دەزانی هەر ئەو خوشکەمە مرد. خۆزگەم دەخواست پووڵیش بدەم بمکەنەوە کونەڕەش.

***

رۆساریو، هەر ئەوەندەی زانی گەڕاومەتەوە، هاتە سەردانم.

ـ دوێنێ هەواڵی هاتنەوەی تۆم پێگەیی، نازانی چەندە خۆشحاڵ بووم، منیش بە بینینی قسەکەی ئای چەندە خۆشحاڵ بووم!

ـ دەزانی چییە، رۆساریو، لەوانەیە منیش بە قەت تۆ تامەزرۆی بینینت بووم!

دەتگوت لەگەڵ یەکدی زۆر بە گەرم گوڕی سڵاو و مەرحەبایی دەکەین، هەر دوومان زۆر زمان لووسانە دەدوواین. وەک بڵێی تازە لەگەڵ یەکدا بووین بە هاوڕێ.

ـ چۆن بوو دیسان رۆیشتی؟

ـ بۆ خۆت چاکتر دەزانی...

ـ یانی ئەوەندە حاڵت شڕ بوو؟

ـ زۆر، زۆر.

ـ نەتدەتوانی راوەستی؟

ـ نەمدەتوانی.

دەنگی بە گوڕتر کرد.

ـ نەمدەویست جارێکی دیکەش تووشی چارەڕەشی بێمەوە...

هەستم بە زۆر شت کرد. ئەو کچە هەناسە ساردە، ئەوەندەش کە خۆی راگرتبوو زۆر بوو.

ـ وەرە با لەو مەسەلەیە دوور بکەوینەوە، پاسکۆئال.

بزەیەک نیشتە سەر لێوی رۆساریو، هەر وەک هەمیشە ئەو بزەیەی لە سەر لێو بوو، بزەیەکی تێکەڵاو بە پەژارە و ماندوو بوون، ئەو بزە و کەنینەی وا بە سەر لێوی هەناسە سارد و دڵ گەورەکانەوە دەنیشێ.

ـ وەرە، لەمەڕ شتێکی دیکەوە بدووێین... دەزانی کچێکم بۆ بنیات ناوی؟



ـ بۆ من؟

ـ ئەرێ.

ـ کیژێک؟

ـ بەڵێ. ئەی چۆن. رەنگبێ پێت سەیر بێ؟

ـ سەیر نییە، بەڵام جێی سەرسووڕمانە. ئەم کچە کێیە ئەوەندە گێژە شوو بە من دەکا؟

ـ هەمووکچەکان. نەکا، وا بزانی منیش تۆم خۆش ناوێ؟

پێم خۆش بوو لە زاری خوشکمەوە بژنەوم کە چەندە رێزم هەیە لە لایان.

هەر چەندە خۆشم چاک دەمزانی سەبارەت بە من چ هەستێکیان هەیە.

پێشم خۆش بوو لەوەی کە لە بیری مندان و کچیان بۆ پەیدا کردووم. چەندە سەبارەت بە من دڵ سۆزن!

ـ نابێ بزانم کێیە؟

ـ برازای سنیورائنگراسیا.

ـ ئێسپرانسا[٤٦]؟

ـ راست خۆیەتی.

ـ کچی جوان هەر ئاوا دەبێ!

ـ تۆ زەماوەندیشت کردبوو، هێشتا خۆشی دەویستی.

ـ لەو بارەیەوە هیچی پێنەگوتی!

ـ ویستی تۆ چییە؟ هەر کەسەی هەڵس و کەوتێکی هەیە.

ـ لە لای ئەو باسی شتێکت کردووە؟

ـ نا، باسی هیچ... تەنیا ئەوە نەبێ گوتوومە رۆژێک دەگەڕێیەوە...

---

46- Esperanza.

ـ دەبینی کە هاتوومەتەوە...

ـ سوپاس بۆ خودا!

ئەو کچەی ڕۆساریو بۆی دیتبوومەوە، بە ڕاستی جێی سەرنج بوو. دەبێ ئەوەش بڵێم وەک لۆلانە دەهاتەوە، فەرق و جیاوازی زۆر بوو، پێکهاتەیەک بوو لە خێزانی ئیستوش و لۆلا، ئەگەر نەختێک لێی ورد ببیەوە، گەلێک لە ڕفتارەکانی دەچووەوە سەر خوشکم لەوە دەچوو تەمەنی لە سی ساڵ پتر بێ، هێشتا جوان دیار بوو، باش مابوو، وەک گوڵێک پایزی نەدیبێ. زۆریش سەری لەدین و ئایین دەخورا، ئەگەر برێک بچینە بنج و بناوانی بە تەواوی مانا دەبێ بڵێین دەروێش و وشکە سۆفی بوو ئەمەش لەو ناوە کەمتر وەبەرچاو دەکەوێ. لە ژیان و گوزەراندا چیوای لە دۆم و تاوڵ نیشنەکان کەمتر نەبوو. لە قسەکردنەکەیدا بیروباوەڕیت دەخوێندەوە.

ـ بۆ چی بگوڕێم؟ گۆڕانم لە بەر چی؟ لە ڕۆژی بنەوانەوە چارەنووسم دیاری کراوە!

لەگەڵ پووری، سنیورائنگراسیا، کە زڕ خوشکی ڕەحمەتی بابی بوو، لە سەر تەپۆڵکەکەی ئەو بەرەوە دەژیان. هێشتا ئێسپرانسا زۆر لاو بوو، دایک و بابی عومری درێژییان بۆ خۆمان بە جێ هیشت. زۆریش نەرم و نییان و شەرمن بوو، کەسێک نەبوو هەتا ئێستا بڵێ، دەنگ و هەرا و ناحەزیەکم لێدیوە، یان بیستوومە. لە پووری بگەڕێتەوە، کەوا زۆریش بۆیی بە حورمەت بوو. لە زۆربەی ژنەکانی دیکە پاک و خاوێن تر بوو، کوڵمەی، دەتگوت سێوەلاسوورەیە، ماوەیەک دوواتر، بووبەهاوژینم، دووهەم ژنم ـ ئەوەندە بە مشوور بوو نەبێتەوە، بە چەشنێک بە دەوری ماڵ دادەهات، کەس باوەڕی نەدەکرد، ئەوە ماڵەکەی پێشووی من بێ، کەس نەیدەناسییەوە.



بەڵام یەکەم جار لە دووایگەڕانەوەم کە چاومان بە چاوی یەکدی کەوت، هەردووومان لە شەرمان سوور هەڵگەڕاین. هەردووکمان دەمانزانی پێویستە باسی چی بکەین، لە بنەوە بە سیلەی چاو سەیری یەکترمان دەکرد، وەکوو، دوو سیخوڕ، بە شوێن نیشانە و ئاماژەیەکەوە بووین...

دەورییان چۆڵ کردین، بەڵام ئەمەش دەرمانی دەرد نەبوو. لە دووای ئەوەی کاتژمێرێک پێکەوە بووین، دەتگوت لەوە دەگەڕێن سەری قسە دابمەزرێنین.

زۆر بۆمان دژوار بوو. هەتا وای لێهات ئەو پێشدەستی کرد و دەرگای لە ڕووی هەر دووومان کردەوە:

ـ زۆر چاک بە خۆدا هاتوویی.

ـ لەوە دەچێ...

ـ ڕوواڵەتت وادەنوێنێ.

ـ هەمووکەس وادەڵێن...

لە خۆم دەنووسام وەفادارو، هەر لەو کاتەشدا نەختێک هەیبەتم هەبێ، بەڵام بێفایدە بوو. تەواوی قەڵانەتم گەوجی و گەمژەیی لێدەباری، هەستم بە دەست بە سەری و داوەشاوەیی دەکرد، سەرەڕای ئەوەش لە تەواوی عومرمدا، لە بیرم نایات هەستێکی لەوە شیرین ترم بووبێ، هەستێکی وا، کەبۆ لەدەست چوونی دەتوانم بە داخەوە بم.

ـ ئەو ژوورە چۆنە؟

ـ باش نییە.

کەوتە بیرکردنەوە. خودا دەیزانی، چ، فکر و خەیاڵێک لە سەری دابوو.

ـ زۆر لە بیری لۆلا دا بووی؟

- جار و بارە. بۆچی بیشارمەوە؟ من کە ڕۆژ هەتا ئێوارێ وەختم هەبوو بیریکەمەوە، بیرم لە هەموو کەس دەکردەوە، لە شازادیش هەروا!

ئیسپرانسا، لە جاری پێشوو زیاتر ڕەنگی بزرکابوو.

- ئەگەر بزانی چەندە بە هاتنەوەت ڕازی و دڵ خۆشم؟
- بەڵێ، ئێسپرانسا، منیش وەک تۆ خۆشحاڵم، کەچاوەڕوانم بوویی.
- چاوەڕێی تۆ؟
- بەڵێ، مەگەر وانەبوو؟
- کێ پێی وتی؟
- بەڕاستی جوانە، دڵم خەبەری داوە، قسە بڵاودەبێتەوە! گومان لەوە دانییە.

بە لەرزەوە دەدووا، لەوانە بوو منیش بخاتە لەرزە، دەستم تێکەڵ دەهات.

- ڕۆساریو بوو؟
- بەڵێ، کارێکی ناحەزی کردووە؟
- نا، نا.

چاوم پڕبوو لە ئاو.

- داخۆم لە مەڕ منەوە، چ، بیر و خەیاڵێکت هەبووە!
- دەتەوێ بیرم لە چیکردبێتەوە؟ خۆ کارێکی ناشیرنم نەکردووە.

هێواش چوومە پەنایەوە و دەستم ماچ کرد. ئیزنی پێدام.

- هەر وەکوو تۆ ئازاد و ڕزگارم، ئیسپرانسا.

---

- ئەوەندە ئازاد، هەر وەک لە تەمەنی بیست ساڵیدا هەمبوو.

ئیسپرانسا بە شەرمەوە سەیری کردم.



- من هێشتا پیر نەبووم. دەبێ جارێ لە بیری ژیان و ماڵ و حاڵ دابم.
- بەڵێ.
- لە بیری ماڵ و ژیاندام. بە ڕاستی تۆ چاوەڕوانم بوویی؟
- بەڵێ.
- ئەی بۆ دەست نەکەین بە قسەکردن؟
- خۆمن پێم گوتی.

پێشتر پێی گوتبووم. بەڵام حەزم دەکرد ئەو جاریش لە زمان خۆیەوە بیبیستم.

- دیسان پێم بڵێ.

ئیسپرانسا، لە شەرمان سوور هەڵگەڕا، وە لێوە لەرە کەوتبوو، دەستی تێکەڵ دەهات، زمانی تەتەڵەی دەکرد.

- چاوەرێت بووم، پاسکۆئاڵ هەموو ڕۆژێ دۆعای بە خێرم بۆ دەکردی بۆت دەپاڕامەوە، هەتا خودا، پاڕانەوەی لێ قەبووڵ کردم.
- بەڕاستی وایە.

ئەمجاریش دەستیم ماچ کردەوە. لە ناخەوە هەستم بە زەبوونی دەکرد، وامدەزانی خەریکم دەبوورێمەوە. غیرەتی ئەوەم نەبوو، هەنیەی ماچ بکەم.

- ئامادەی؟... ئامادەي...؟
- بەڵێ.
- دەزانی دمەوێ بڵێم چی؟
- ئەرێ، پێویست ناکا نێوی بێنی.

لە پڕ ڕوخساری وەک خۆر، درەوشایەوە.

- پاسکۆئاڵ، ماچم بکە...

به دەنگێکی نەرمەوە، پڕ بوو لە نهێنی خۆشەویستی، تۆزێکیش شەرمی وەلا نابوو.

ـ ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانت مامەوە!

پڕ بە دڵی خۆم رام مووسی، ماچ کردنێکی حیسابی، هیچ وەخت لەگەڵ کەس ئەوەندە گەرم و گوڕ نەببووم. هەتا قەدرێک نەمزانی دنیا چ باسە. وەختێک دەستم لە سەر ملی لابرد، وەبن شەپۆلی ئەوین و خۆشەویستی ئەو کەوتبووم.

***



تازە دوو مانگ بە سەر زەماوەندەکەماندا تێدەپەڕی کە چاوم کردەوە ئەوا دیسان دایکم، خەریکی شەیتانی و شۆفارییە، کاری بۆتە فیتنە و ئاژاوە نانەوە. هەر وەک پێشتریش وەستای ئەو ناحەزییانە بوو.

دایمە و دەرهەم، نێوچاوتاڵ مڕ و مۆچ، زمان شڕ، قسەڕەق، دووبەرەکی نانەوە، جنێو فرۆش، دووڕوو، نەحاواوە، شەیتانی کردن، دوو زمان، هەر چی بڵێم کەمم گوتووە، کەمتر کەسێک دەیتوانی خۆراگر و تاقەتی ئەوە بێنێ، ئیسپرانسا، زۆری خۆخواردبۆوە، وەرهەمی هەڵێنا بوو دیقی پێ کردبوو، ئاخری وای لێهات، گوتی: چارمان هەر ئەوەیە لێی (جوێ) بینەوە، ئەو لە ماڵێ خۆی ئێمە لە ماڵی خۆمان. ئەم شێوە جوێ بوونەوەیە، لە شێوازی لادێدا ئەمە نیشان دەدا، وەختێک دوو کەس، دوور لە یەکدی دەژین، تەحەمولی ژیانی تێکەڵاو ناهێنن، ئەوەش کە شاهیدی راستییەکان بووە.

دایمە بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ رۆژێک ئەوێ بەجێ بێڵم. کەوتمە بیری ئەوە، رووبکەمەوە لاکورونیا، یان مادرید، یان شوێنێکی نزیکتر، لە دەورووبەری باداخوس، لە ناوەندی پارێزگاکە. بەڵام ئەو مەسەلەیە هەروا، مایەوە، نازانم لە بەر هۆی بێموبالاتی من بوو یان هەلاتن لە ژێر ئەم ئەرکەبوو، وەپشت گوێم دەخست.

کاتێک کە بە راستی وەڕێ کەوتم، بەڵێنم بە خۆم دا، خۆڕاگربم، تاقەتی دووری بێنم، دووری لە خۆم و بیرەوەریەکانم، دووری لە خۆم، هیچ کەسی دیکە.

دنیا ئەوەندە پانتایی نەبوو، نێوانێکی زۆر بخاتە بەینی من و تاوانەکانمەوە. ئەوەندەش، دوور و درێژ نەبوو، هەرا و هوریای ویژدانم داپۆشێ. گەرەکم بوو خۆم لە سێبەرەکەم دوور بخەمەوە، لە خۆم و لە

ناونیشانم، به حەوت پشتیش نەگەمەوە بە ناو و بە بوونی خۆشم. لە خۆم و ئەو منەی جاران دوور بکەومەوە، ئەومنەی، بەبێ سێبەر و ناونیشان و بیرەوەری، ئیتر بێ کەس و کار.

کات و ساتێک هەیە کەوا باشترین ڕێگەیە بۆ دەربازبوون لە زۆرشت. بەجێگای ئەوەی چاوەڕوانی چارەنووس بین، خۆشاردنەوە کارسازترە.

وەها خۆت ون بکەی، هەر وەک نەشبوویبێتی، وەک ئەوە بە درزی زەویدا ڕۆبچی، وەکوو نەختە دووکەڵێک ئاسمان قوتت بدا، بەڵام خۆپێت وانەبێ ئەو کارانە هەر وا سووک و هاسانە، جا، ئەگەر وابا، دەبوو ئێمە ئێستا فریشتە و پەری باین. ئەگەر وابا، بە ئاسانی بەرەی خۆمان لە قوراو، دەهێنا دەرێ تووشمان نەدەبوو بە تووشی ئەو هەموو تاوان و جینایەتەوە، لەشمان لە ژێر قورسایی ئەو گشتە پیسی و ناحەزییەی هەڵمانگرتووە رزگار بکەین، قۆرسی مندارەوەبوو یەک بە لە دەستدانی قەت دڵتەنگ نابین، قەت بۆی بە پەرۆش نابین ـ تەنیا ئەوە مومکینە، ترس و دوودڵی بەرۆکمان بگرێ. بەڵام دایمە یەکێکیش هەیە، پشتمان بگرێ و نەهێڵێ خۆمان لە بیر بەرینەوە، کەسێک نێوانی ئێمە، لەش و گیانی ئێمە بە قوڕ دا بەرێتە خوارێ هیچ شتێک بە قەت بۆنی ئەو خراپی و ناحەزییانە سەر و دڵ ناگرێ کەوا لە منی چارەڕەشی هەناسە سارد کەوتۆتەوە، یان لەو فەساد و گەندەڵییەی لە گۆڕستانی هێوا، لە بار چووەکان دا، دەمانخنکێنن، ئەوەش ئەو شتەیە کە بوونمان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ و بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە.

بیرکردنەوە لە مردن لەگەڵ ئاوێتە بوونی گورگ و مار و دووپشکدا، هەمیشە لە سەر رووحی ئێمە کاریگەر بووە و بە شەو و رۆژ چۆکی لە سەر دڵمان داداوە، زۆر جار هەستێکی کتوپڕ لە چرکەیەکدا



خنکاندوومانی، بەڵام زۆری پێناچێ ئەوانە دەبنە بڵقی سەر ئاو، ئێمەش درێژە بە ژیانی خۆمان دەدەین و هیچ کاتیش نکۆڵی لێناکرێ، ئەو بیرۆکەیەی کە بە ناحەزترین شێوە تاریکی دەخاتە ناخمانەوە، وەک مڵەی بێستان، هەر لە کرتاندنی تان و پۆی ژیانمان دایە وەک چۆن تەم و مژ باخ و بێستان دادەگرێ یان ئازارە باریکە سنگ و سییەکان دەڕزێنێ، زۆر بە هێوری، بە لەسەرەخۆی وەک لێدانی دڵ بەڵام لە چەشنی مەرگ، کە هیچ شتێک دەرەوەستی نایە. ئەمڕۆ هیچمان وەبەرچاو نایە، رەنگبێ، سبەی هەروابێ. ئەدووش هەروا، لە وانەیە مانگێکیش وا بین کەچی لە پاش مانگێک، خورد و خەومان لێ تاڵ دەبێ، تەواوی ئەو شتانەی دێتەوە بیرمان قەتماخە لە سەر برینمان هەڵداتەوە. ئێمە تێک رووخاوین، ئێمە لێدراوین و دمبێن کراو.

هەر وەکوو رۆژ و شەو لە سووڕان دایە، ئێمە دوورەپەرێزو دواکەوتووترین بیر و زەینی ئێمە، بە بیرکردنەوەیەک بە ستراوەتەوە و زیندووماوە، ئەو فکر و بیرۆکەی وا، دەبێتە هۆیی دانانی سەرمان، قرتاندنی ملمان بە تیخی دەستی جەلاد هەر ئەوە دەبێتە هۆزمانی سوورمان سەری سەوزمان بەبا. دا بدا هەتاکوو سەرهەڵدان نەمێنێ.

لەوانەیە چەند حەوتە بە دووای یەکدا بە بێ ئەوەی رواڵەتی بگۆڕی هەر لەو وەزعە دا بمێنێتەوە. خەڵکی دەوروبەرمان لەگەڵ ئەو مرومۆچییەمان رادێن عادەت دەکەن. ئیتر هەڵس و کەوتی ئێمە بە لایانەوە سەیر نابێ.

بەڵام دوواتر، ئاخری رۆژێک کێشەکان وەک نەمامێک باڵا دەکات و بە خۆ دادێ، ئیتر ئەوسا ئێمەش لەتەک هیچ کەسێدا هیچ ناڵێین. جائیدی ئەوانیش سەبارەت بەئێمە دەکەونە فکرەوە، وەک ئەوەی ئێمە ئەویندار بین لە سۆنگەی ئەشقەوە سەری خۆمان هەڵگرتبێت و روومان

له کەژوکۆ کردبێ. ڕۆژ له دووای ڕۆژ لاواز و سیس و داڕوخاوتر له جاران. هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە مووی سەر و ردێنمان دەوەرێ. لەو نەفەرەتەی تووشمان بووە پشتمان کۆم بۆتەوە و لەوانەیە بە چۆکدا بێین. ئیتر ناتوانین چاو لە چاوی کەسێکی تر ببڕین. لە ناخەوە ویژدانمان لە سووتان دایە: بەڵام ئۆخەی، لێیگەڕێ با بسووتێ! کاتێک لە دەور و بەرمان دەڕوانین چاومان دەسووتێتەوە. لێوڕێژ لە ژارو ژان. نەیار، ئاگا بە ترس و دڵەڕاوکێی ئێمەیە، بەڵام بڕوای بە خۆی هەیە: سروشت درۆمان لەگەڵدا ناکا. بەڵای شادی هێنەر بیرو خەیاڵ دەبزوێنێ، ئێمەش لە راکێشانی بەرەو مەیدانی کەس بە کەس پڕ لەو وردە شووشانەی کە بۆتە روح و گیانی ئێمە، چێژێکی پچڕ وەردەگرین.

کاتێک وەک بزنە کێوی زەرد، بەسەر دار و بەرد دا لە راکردن داین، کاتێک لە زیندە خەوەنەکانەوە دەست پێ دەکەین، شەڕ و مەرارەتی بەسەر ئازای لەشماندا باریوە ئیتر ڕێگای بەرەو دووامان لێ گیراوە یان سازگارییەک.

لەناوچوونمان دەست پێدەکا، سەر و خوار دەبینەوە. ئێتر ناگەرێینەوە بەرەو کاروانی ئەم ژیانە، مەگەر بو ئاوڕدانەوەیەک، لە کۆتایی روانین لە نقوم بوونمان لە قوولایی دۆژەدا.

دایکم بە هەڵگیرساندنی شەڕ و هەرا و شێت کردنی من کەیفی دەکرد، شێتی ڕۆژ لە دووای ڕۆژ فرەتر مێشکی منی دەتەنی. ئەو خۆ خواردنەوەیەم خەریک بوو دڵم بکات بە هەنارێکی وشک. فکر و ئەندێشەم ئەوەندە تاریکایی دابوو بە سەرمدا، لە تووڕە بوونی خۆم ترسم هەبوو. ئیتر بۆ ئەوەندە بوو سەیری بکەم. ئێستا ڕۆژەکان وەکوویەک وا بوون، هەر ئەو ژان و پەژارەیە ناخی دەخواردم، ئەو ترس و پەرێشانییە تانەی خستبووە سەر چاوم.



ئەو رۆژەی کە دڵنیا بووم ئیتر ناچارم کەڵک لە چەقۆکەم وەربگرم، ئەوەندە لە سەر و بەری ڕووداوەکە ماندوو بووم، هەر بۆیە بە تەواوی مانا دڵنیا بووم کە خۆڵێک بکەم رێگاچارەی هەموو دەردەکانە، مردنی ئەو بەلامەوە لێدانی دڵمی خێرا، نەکرد. ئەمە ڕووداو بوو، دەبوو ڕووبدات شتێک بوو، دەبوو بکرێ. ئەگەر بشم ویستبا، نەکرێ، پێشی خۆم بۆ نەئەگیرا. زۆر دژوار بوو پاشگەز ببمەوە، کارەکەم بە نیوە چڵی بهێڵمەوە، حازر بووم بەقرتاندنی دەستی خۆم بە شەرتێ بە مەبەستم بگەم. هەر بۆیە ئەو کاتە بە زیرەکییەوە، بە خۆشحاڵییەوە گەڵاڵە و پیلانم بۆ دادەڕشت، سیاییم دەگرت، کات و ساتم رێک دەخست، بە چەشنی ئەو وەرزێڕەی کەوا لە بیری کشت و کاڵەکەی دایە.

هەموو شتێک حازر و ئامادەبوو. چەند شەو بەگشتی، لە سەریەک فکر و زکرم لە سەر ئەوە ساخ بۆوە، بە چەشنێک کە بتوانم غیرەتم بۆ ئەو کاتە کۆبکەمەوە. وابێ کە ریسەکەم لێنەبێتەوە بە خوری.

[دەبان و کوشتەرییەکەم] بە دڵی خۆم تیژ کرد، بریقەی دەهات، ئاوی لە چاو دەسەند. مشتۆ سەدەفییەکەی هێندەی دی نرخی پێدابوو. تەختینەشتەرەکە هێڵێکی باریکی پێداهاتبوو.

هەر ئەوە مابوو کاتی بەڕێوەبردنی کارەکە دیاری بکەم. ئێتر، هیچ پەژیوانی و دوودڵییەک لەئارادا نەبوو. تەنیا کۆتایی هێنان بەو ئێشە بوو کە ببوو بە ئامانج و مەبستم. دەبوو هەرچۆنێک بێ ئامانج بپێکم. زۆر بە رێک و پێکی بەبێ گیروگرفت، وەک بەردێک لە گۆمی هاوێیی وەک موویەک لە ماست دەریکێشی ئیتر ڕوودەکەمە شوێنێکی دوور، دەچمە لاکورونیا، یان جێگایەک کەس پێم نەزانێ. شوێنێک پڕ بە دڵی خۆم تێیدا وەحەسێم، هەتا ئەوکاتەی ئاو بە ئاور دا دەکرێ. ئەوسا، شتەکان کۆن

کەوتن منیش دەگەڕێمەوە و سەر لە نوێ دەستەملانی بووکی ژیان دەبمەوە.

ویژدانم دەیهەژاندم. بەبێ بەڵگە. ویژدانەکان تەنیا کاتێک دەگەزن، ئازار دەپژێنن، کە نابەرابەری رووی دابێ، هەر وەک دارکاری کردنی منداڵان. یان ئازاردانی پەڕەسێلکە و مەلوچک و ئەو شتانە.

بەڵام کاتێک بێزاری بەسەرماندا دەڕژێ. وەختێک ترس و دڵەراوکێ لە گوشارمان دەنێ هەرگێز پێویست ناکا خۆمان تەسلیمی دووڵی و تۆقین بکەین. پێویست ناکات، ویژدانمان بە ئازارەوە بمان تلێنێتەوە. مانگی رێبەندانی ساڵی١٩٢٢ دە رۆژی چوو بوو. ئەو ساڵە دەی رێبەندان کەوتبووە رۆژی هەینی. رۆژێک بوو تاو و بان خۆش و بێ هەور و هەڵا، ئەو وەرزە لەو ساڵە دا ناخۆش نەبوو، سەرما، لە ژێر سەیتەرەی هەتاودا بە چۆکدا هاتبوو، چاک لە بیرمە گۆڕەپانەکە لە خەڵک جمەی دەهات منداڵان خەریکی یاری و کایەی خۆیان بوون. ئەو هەل و مەرجە وای لێکردم بچم لە فکرەوە، بەڵام، وەخۆم هاتمەوە کە ئیتر ناکرێ بیر لە گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوە بکەم دەردێکی گورچوو بڕ بوو، بەرەو پیری مەرگی دەبردم، لە خۆکوژی نزیک دەکردمەوە، لەوانە بوو خۆم هەڵدەمە قووڵایی گوادیانا، یان خۆم بخەمە ژێر شەمەندەفەرەکەوە... نا، گەڕانەوە ناموومکین بوو. تەنیا رێگایەک، بەرەو پێشچوون بوو، هەر بۆ پێشەوە. ئاخر و ئوخری کار هەر ئەوە بوو. لە خۆبایی و غروری تایبەتی لەئارادا بوو. حەتمەنە خێزانم لە رازی دەروونی من حاڵی بوو.

ـ چ گەڵاڵە و بیرۆکەیەکت لە ژێر سەر دایە؟

ـ هیچ، لە بەر چی دەپرسی؟

ـ نازانم، هەڵس و کەوتت وانیشان دەدا.



ـ لە خۆڕا وا بیردەکەیەوە!

دەستم کردە ملی و کوڵمەیەیم رامووسی بەڵکوو لە قسەکانم دڵنیابێ.

ئەوە ئاخرین ماچی من و ئەو بوو.

چەندە لەو هەواڵە دوور بووم! ئەگەر دەمزانی لەوانە بوو، وەلەرزین بکەوم.

ـ ئەو ماچە بە خاتری چی بوو؟

لە پرسیارەکەی سەرم سووڕما.

ـ بۆ، نابێ ماچت بکەم؟

بیرم لە وشەکانی کردەوە. وەک ئەوەی بڵێی دەزانێ خەریکە چی روودەدا. دەتگوت لەوەپێش ئەو رێگا تایبەتییەی تاقیکردبۆوە. هەر لە شوێنی جارانەوە خۆر ئاوا بوو. شەوداهات. شێومان کرد. هەر دووک ژنەکە چوونە ژووری نوستن. هەر وەکوو جاران بەتەنیا مامەوە هەتاکوو تۆزێک خۆڵەمێشی نێوکوچک ئاورەکە بگەڕێم. زۆر لەمێژ بوو نەدەچوومە قاوەخانەکەی مارتینیتە.

وەختی هاتبوو. زۆریشم سەبرکردبوو، دەبوو ورە و غیرەتی چاکم هەبێ، ئەو ئەرکەی مەبەستم بوو جێبەجێی بکەم. دەبوو بەزوویی رای پەڕێنم.

شەو کورتە، هەر کار و ئیشێکە دەبێ لە تاریکیدا کۆتایی بێت. شەو قەڵای مێردانە. لەگەڵ تاوکەوتنی سبەینێ، دەبێ رۆژەرێییەک لە ئاوایی دوور بکەومەوە. سەدان فرسەخ دوور.

ماوەیەکی دوور هەستم راگرت. سریوەیەک نەدەهات. چوومە هۆدەی خێزانەکەم. لە شیرین خەودا بوو. هەڵم نەستاند. دایکیشم لە خرپەی خەودا بوو. رووم کردە چێشتخانەکە و کەوشەکانم داکەند. تەرکی ژوورەکە سارد و سڕ بوو، بەردی تەختە پۆشەکە لەبن پێم رادەچوو.

چەقۆکەم حازر و ئامادە بوو، لە ژێر مالافەکەدا. روومەتی لە سەر سنگی باڵنجەکە بوو. دەبوو کتوپر، خۆی بە سەر دادەم، چەقۆکە لە جێی مەبەست بسرەوێنم. جیکە و جووڵەی لێ ببڕم. فرسەتی ئەوەم نەدەدایە... خۆلاسە لەوێ بوو، لە بەر دەستمدا، لە شیرین خەودا، بێخە بەر لە هەمووشت. خوداوەندا، ئەوانەی دەکوژرێن، لە چارەنووسی خۆیان چەندە بێ هەواڵن! حەولم ئەوە بوو خێرا دەست بە کاربم، بەڵام نەدەکرا. لە پڕ دەستیشم بەرز کردەوە، بەڵام دیسان دەستم بەرداوە.

بیرم کردەوە، چاو بقووچێنم، تێی بسرەوێنم. شەلم، کوێرم، کەس نابۆیرم. بەڵام کارساز نەبوو. کار ئاوای بکەی وەک نەیکەی وایە، هەمیشە ئەو مەترسییە لە گۆڕێدایە، زەبرەکان وەجێی کاریگەر نەکەوێ. دەڵێن کۆستە چووبۆ ریش سمێڵی دانا، چاک وایە زۆر بە زیرەکی لێی راکێشم، زۆر بە چاو کراوەیی. دەبوو زۆر بە هۆشیارییەوە خێرا رای پەڕێنم، کارێک بکەم هێدی و لە سەرە خۆبم. بە بینینی لەشی دایکم دەتگوت خەریکە عەقڵ و هۆشم لە سەرم دەفڕێ، دەبوو ورەم بەر نەدەم دوودڵ نەبم... کات و سات بە بێ راوەستان تێپەڕ دەبوو، منیش هەروا راوەستابووم، بەبێ جووڵە، مات وەک داهۆڵێک، هێزم نەبوو دەست بەکار بم.

ورەم نەمابوو... هەر چییەک بوو دایکم بوو، هەر ئەوژنەی لە داوێنی بەر ببوومەوە دەبوو هەر لە بەر ئەو هۆیە لێی خۆش ببم...نا، نەدەبوو لە بەر ئەو شتانە لێی ببورێم. ئەو هیچ دایکێک نەبوو بۆمن... نەدەکرا کات بەفیڕۆبچێ. دەبوو هەر چۆنێک بێ، دەست بەکار بم. لە بەینی خەو بەخەبەریدا وێستا بووم چەقۆکەشم بە دەستەوە. وەکوو پیاوکوژێک لە مۆزەخانەی پەیکەرە مۆمیایی کراوەکان... حەولم دا زۆر بۆ خۆم بێنم، خۆمکۆبکەمەوە، هەموو هێز و توانایەکم بخەمە سەر یەک. خەریک بوو



دەستم تێکەڵ دەهات دەتگوت لە سەر ئاگر راوەستاوم. لە بیری ئەوە دابووم خێرا کارەکەم راپەڕێنم و بۆی دەربازبم. هەڵێم و رووبکەمە شوێنێک هەر جێگایەک بێ. لە بەر ماندوویی لە پێ بکەوم. بەڵام جارێ هێزی ئەوەم نەبوو بە سەر پێوە رابوەستم. هەر لە شوێنی خۆم مابوومەوە. کاتژمێرێک بە سەر پێوە راوەستابووم، دەتگوت گەرەکمە کێشکی ئەو بدێرم، وەک بڵێی بوومەتە پاسەوانی خەونەکانی.

من هاتبووم بیکوژم، لە چنگی رزگارم بێت، بە چەقۆ لێی بدەم، وا بێ بمرێ.

کاتژمێرێکی دیکەش هەر وا رۆیی نا، نا، نەدەبوو وەمێنم.

بەڵام ئەو کارەی کە مەبەستم بوو، نەمدەتووانی تەواوی بکەم. لام وایە سەعاتێکی دیکەشی خایاند. نا، ئەو کارەم لە دەست نەدەهات. ئەوە کاری من نەبوو. پیاوی خۆی دەویست، بۆ من نەدەکرا، خوێنی پیس دەکردم. بیرم کردەوە دەلینگم لە پاتوڵ هاوێم و تێی قووچێنم، بەڕەقەی رێیەدا بگەڕێمەوە. بەڵام لەوە دەچوو لەوەختی وەدەرکەوتنمدا دەنگ و هەرام وەڕێ خستبا، ئیتر لەوانە بوو وەخەبەر بێت، بمناسێ، لەو تاریکاییەدا بمبینێ. نابێ، ئێستا بۆ ئەوە نابێ، هەڵاتن کارێکی شیاو نییە. لە سەر شارێگەی لە ناچوندا بووم... هیچ شتێک نەدەکرا جگە لە دەست بە کار بوون، لێدان و هیچیتر، ئەویش بە خێرایی، بە کتوپڕی بەڵام نەمدەتوانی لێی بدەم، هێزم نەبوو جارێکی دیکە دەستم بەرز بکەمەوە... دەتگوت لە گەنداوێکدا گیرم کردووە، خەریکم بە قوڕ و لیتە دا دەچمە خوارێ، هێور هێور رۆ دەچم و نجات بوونم نییە. هەتا بێنە قاقا چووبوومە خوارێ. وەک پشیلەیەک خەریک بووم دەخنکام... نەمدەتوانی بیکوژم تاقەتم نەمابوو بجوڵێم، دەست و پێم لە گۆ چوو بوو.

له سەرەخۆوە سووڕام بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە. تەرکی ژوورەکەوە قرچە قرچ کەوت. دایکم لە سەر تەختەکە ئەم دیوە و دیوی کرد.

- کێ لێرەیە؟

ئیتر کارتەواو بوو.

تەپم دا سەری، نەمهێشت جووڵە بکات. حەولی دا لە چنگم خۆی رزگار بکات، لە پڕ ئەوکی گرتم. وەکوو ژنە بێحەیاکان زریکاندی. لە یەکدیمان دەسرەواند زۆر لە شێوەیەکی شێتانە لەیەکترمان دەسرەواند. هێندە سەیر کە باوەڕ کردنی دشوارە. وەکوو دوو ورچی بریندار، هاشاوڵمان بۆیەک دەبرد. دەممان کەفی کردبوو... لە پڕ وەرسووڕام خێزانمم دیت بە ئاودامێنێکی سپییەوە لە دەرگاکەدا راوەستاوە و ترس دایپۆشیوە، ناوێرێ بێتە ژووری، مۆمێکی بە دەستەوە بوو، لە بەر رووناکی مۆمەکە قەڵافەتی دایکم دەبینی شین و رەش وەکوو عەبا و خەرقەی ئەو کەسانەی دەستە دەستە دێنە مەراسیمی «حەوتەی پاک»... دەستەویەخە بووین. جل و بەرگم شڕوشیتاڵ ببوو. دوگمەی سنگ و بەرۆکم وەرییبوو. پیرەژنەکەی فەرهاد، لە خەرتەلێک بەهێزتر بوو. دەبوو هێز و توانام بخەمە کار هەتاکوو بە عەرزیدا دادەم. بەڵام خێراخێرا لەبەردەستم رای دەکرد. بە چڕنووک لە خوێندا سووری کردبووم. بە لەقە تێی دەسرەواندم. گازی لێدەگرتم. بەمست بە سەر و گوێلاکمیدا دەکێشا. لە پڕ گۆیی مەمکی چەپی پچڕیم. لەو کاتەدا چەقۆکەم بە ملیدا هێنا...

خۆێن بە سەر و روومەتمدا پژا. گەرم بوو وەکو بەزی بەرزگ، تامی خوێنی بەرخی دەدا. بەزەویم دادا و دەرپەڕیم. لە دەرگاوە کە هەڵدەهاتم خۆم لە ژنەکەم دا و مۆمەکەی دەستیم بەر دایەوە. لە ماڵ دەرکەوتم و رووم لە دەرودەشت کرد، هەڵدەهاتم بە بێ راوەستان، وەک ئەسپی



چاک هەر وێرغەم بوو. ماوەیەکی زۆر، بەبێ ئەوەی هەست بە هیلاکی بکەم. شاخ و کێو بۆنێکی بەهاری و خەفەت بەری هەبوو، هەستم بە ئارامی و حەسانەوەیەکی خۆش دەکردئەمجار ئازارەکانم فڕین و ناسۆرەکانم سارێژ بوون، ئوخژنم وەبەر هات، پڕ بە سییەکانم هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵکێشا...

## یاداشت:

### سەرباری رۆمانەکە لە لایەن نووسەرەوە

لاپەڕە دەستنووسەکانی پاسکۆئال دوئارتە لێرەدا کۆتایی پێدێت ئێستاش کەئێستایە نەمتوانی تێبگەم ئاخۆ هەر لە دووای نووسینی ئەم لاپەڕانە لەدار درا، یان کات و زەمانی هەبوو چەند دەقێکی تر بنووسێ کەوا ئێستا بزر بوون.

دون بنێنیوبونیا[٤٧] دەرمان فرۆشەکە، هەر وەکوو پێشتر باسم کرد. لە دووکانەکەی خۆیدا لە ئالمندراخۆ، ئەو پەڕاوانەی وا لە بەر دەست دایەوەچنگم کەوتن لە گەڕانەکەی مندا بە هەر شێوەیەک یارمەتی دام لە هیچ کۆششێک دەریغی نەکرد، کەل و کونی دەرمانخانەکەیم پشکنی. ئەوەی دەفر و پیاڵە بوو هەڵگێڕ وەرگێڕم کرد. پشت بترییەکان، سەر و بنی گەنجە و رفەکان. هەموو جیبیەک گەرام؛ بیکربنات دوو سود، ئەوەیشم لە کەودا، یەک دوو ناوی جوان فێر بووم. مەڵحەمی کوڕی زەکریا، قیل و زەوتی گاوان و گاریچی، رۆنی راتیان و کەتیرە، نان و گۆشت بەراز، گەڵای داری غار، دلۆڤانی، خام و پیوی مەڕ، خەردڵ وەکۆخین و پشمینی خستم، والریان لەشی وە ئالۆش خستم، ئامونیا

47- Benigno. Bonilla.



چاومی پڕ لە ئاو کرد، بەڵام هەرچییەکم کرد، سەرەڕای سوپاس و سنایەک بۆ باڵای ئانتونیوی پاک، نیگابانی شتە بزربووەکان، ئێستاش ئەو شتانەی بە دوویان دا دەگەڕام دەستم نەکەوتن، لە راستیدا لەوە زیاتر هیچی دیکەم وە دەست نەکەوت.

لەناوچوونی تەواوی هەر چەشنە بەڵگەیەک لەمەڕ پاسکۆئاڵ دو ئارتە، لە کۆتایی ساڵەکانی پیریدا بە شێوەیەکی تێکڕووخا و شیواو دەرکەوتووە لێکدانەوە و سیایی گرتنی ئەوەندەش دشوارنییە، لەوانەیە گەڕابێتەوە چین چیلا. لە وشەکانیدا وا دەر دەکەوێ ـ هەتاکوو ساڵی ١٩٣٥ یان ٣٦ لەوێ بووبێ. هەروەها، ئەوەش دوور لە راستی نییە لەوە دەچێ لە پێش دەست پێکردنی شەڕی نێوخۆ لە زیندان ئازاد نەبووبێ. چوونکە هیچ چەشنە بەڵگەیەک نییە پشتی پێ ببەستین، لەمەڕ حەول و تێکۆشانی لەو پازدە رۆژەدا کەوا شۆڕش گوندی ئەوانی گرتەوە، ناکرێ هیچی لێ زیاد و کەم بکەی. جگە لە کوشتنی دون خسوس گونسالس دلاریوا، گەورەی تورە مخیا هەڵسوکەوتێکی کە ئەو پیاوە کردی لە سەر راست بێژی و بەڵێنی خۆی سوور بوو. لە بارەی پاسکۆئال دوئارتە لە دەورانی ئاخری ژیانیدا، چیمان نەزانی، هەر بە راستی هیچ شتێک. هەتاکوو ئەوەی پێوەندی بە ئەو جەنایەتەشەوە دەبێ تەنیا لە ئەو راستییە قەرەبوونەکراوەیە ئاگادارم. بەڵام لە دەلیل و مەڕامی بێ هەواڵم. لە بەر ئەوەی کەم دۆ بوو.

تەنیا کاتێک وەقسە دەهات. ئەگەر کەیفی ساز دەبوو ـ یان پێی خۆش بوو ئەوەش زۆر بە کەمی پێش دەهات. رەنگبێ ئەگەر حوکمی لەداردانی دوواکەوتبا وێدەچوو لە نووسینی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەم خاڵەش کردبا و هیچی بەجێ نەهێشتبا. بەڵام بۆ لەسێدارەدانی بەرهەڵستێک نەهاتە گۆڕێ. تەنبا رێگایەک کە هەبوو ئەوە بوو ئەوکەڵێنە پڕ بێتەوە

ئەویش ئەوە بوو دەبوو کۆتاییەکی دەست کردی بۆ دروست بکەین، ئەوەش شتێکە کە دەیتوانی لە جەوهەری رەوایەتەکە کەم بکاتەوە و سەقەتی بکا.

دەقی نامەکەی پاسکۆئال دو ئارتە کە بۆ (دون خواکین بارە) ی نووسیوە لە پێشەکیدا خستمەڕوو، دەبێ هەر لەو کاتانە دا نووسیبێتی، کەوا فەسڵ و بەشەکانی ئەگەر ژمارەیان هەبا، دوازدە و سیازدە بێ، دەبوو لە بەر ئەوەی ئەوانە تەنیا ئەو بەشانەی کەوا لە جەوهەر و مڕەکەبێ ئەرخەوانی کەڵک وەرگیردراوە. لە شێوەی ئەو نامەیە وەکوو بۆ ئەو پیاوە باشە نووسراوە ئەوانەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا پاسکۆئال وەکوو خۆی گوتوویەتی، چیرۆکەکەی بە سەر یەکەوە لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵکوو بە پێچەوانەی نامەکەی بە ئەنقەست ئاوای لێکردبێ. هەتاکوو لەو هەلەدا کاریگەری زیاتری هەبێ، ئەو شێوازەی نووسەر وامان لێدەکا هەر لە هەوەڵەوە تێبگەین نووسراوەکە تەمومژاوییە و خۆشی زوو شتەکانی لە بیرچۆتەوە. خاڵێکیش کە جێگای سەرەنجە ئەوەیە، چوونکە گاردی شاری سزار ئومارتین[48] داواکاری بەندەییەکەی بەجێ هێنابوو بەرێزەوە. شێوازێکە پەڕاوە دەست نووسەکان لە زیندانی باداخوسەوە رادەگوێزنە ماڵی سنیور بارە. من بە دڵ حەزم دەکرد بچمە بنج و بناوانی چرکە ساتەکانی پاسکۆئالەوە. نامەیەکم بۆ دون سانتیاگۆ لوروئنیا نووسی، پێشتر قازی عەسکەری زیندان بوو ئێستاش قەشەی شارەدێی ماگلاسلا[49]ا، یە (چیرۆکی باداخوسە)، هەروەها نامەیەکی دیکەشم بۆ دون سزارئو مارتین بوو ئەویش جاران سەربازی گاردشاری لە زیندانی باداخوس دابوو. ئێستا، سەربازیەکومە لە

48- Cesareo Martin.
49- Magacela.



فەرماندەی پاسگای لاوسیا[50] (ناوەندی لئون) . کاتێک وەختی ئەوە هات کە پاسکۆئال دوئارتە، وەک حورمەتێک بوخەڵکەکە ئەو قەرزەی لەسەر شانی بوو وەک ئەرکێک بەجێ بهێنێ، ئەو دووکەسە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆیان شان بە شانی بوون.

نامەکانی ئەو دووکەسە لێرەدا خراوەتەڕوو. وەک پاشکۆیەک.

50- La vecilla.

## (۱)
## ماگاسلا (ناوەندی باداخوس)
## ۹ی بەفرانبار

گەورەی بەڕێزم:

نامەی ڕێکەوتی ۱۸ی بەفرانباری ئێوە کە پڕ بوو لە ڕێز و خۆشەویستی هاوکات لەگەڵ ۳۵۹ لاپەڕەی تایپ کراو، لە بیرەوەرییەکانی دوئارتەی بەختڕەش بەدەستم گەیی.

ڕێکەوتی بەروونی نیشان دەدا، کە دوواکەوتووە. بەستەکە بەگشتی دون داوید فریرە ئانگولو۳، قازی عەسگەری ئێستای زیندانی باداخوس و هاوڕێی قوتابخانەی منی نۆکەرتان لە ساڵەکانی پێشووەوە لە بەشی سالامانکا درایە دەستم. پێم خۆشە بە نووسینی ئەو چەند دێرە ڕێزی خۆم بەرامبەر بە ئەو پێش ئەوەی پاکەتەبکەمەوە دەرببڕم. بە ویژدانەوە ئەرکی خۆم بەجێ هێنا بێ پاش ماوەی نوووسینی نامەکە ئەگەر خودا مۆڵەت بدات رادەگرم بۆ سبەینێ، لە پاش ئەوەی بە گوێرەی ڕێنوێنی خۆتان و رازی بوون و دیقەت و دڵەڕاوکێی من لاپەرەکانی بەردەستم خوێندبێتەوە.

۱۰ی بەفرانبار

هەر ئێستا لە دانیشتنێکدا ـ هەر چەندە (هرودوت) ئەو کارە بە شێوازیکی لاواز دەزانێ ـ دانپێدانانی پاسکۆئال دو ئارتە، م خوندەوە. نازانی چەندە کاردانەوەی لە سەر رووحم هەبوو، چۆن دڵ و مێشکی ئەنجن ئەنجن کردم. ئەم نۆکەرەتان ئاخرین پیتی تۆبەی، دوئارتەم

1.Don David Freire Angulo



بیست و کۆم کردەوە، بە خۆشییەوە کە خرمانی سووری خۆی هەڵگرتووە بێجگە لەوەش چیدی بۆ نەدەکرا، ئەو وشانەی ئەوکە زۆربەی خەڵک لەوانەیە ئەو بە خوێنمژێک برانن (هەروەها کە منیش لە هەوەڵەوە بانگ کرام بۆ سلولەکەی هەر ئەو بیرەم هەبوو) با تێک نەچم، هەرچەندە ئەگەر چی وەختێک دڵ و رووحی هەڵ گێروەگێرکرا، دۆزینەوەی ئەو حوکمە ساکار بوو، لە بەر ئەوەی ئەو هەر وەکوو بەرخۆلەیەکی لە دایک هەڵبڕاو وا بوو کەوا ژیان هەراسانی کردبوو، پەڕەوازەی هەندەران ببوو.

مەرگی ئەو لە جێی خۆیدا لە بارەی رووحییەوە نموونە بوو. لە چرکەساتەکانی ئاخردا، بۆ بەدبەختی هۆش و بیری خۆی لە دەست دا. ئاوەزی لەدەست چوو، تاڕادەیەکیش تێک رووخاو، ئامانجەکە ئەوە بوو کە ئەو پیاوە هەژارە ئازاری رووحی رەوانی ببینێ، لە شوێنێک کە مومکین بوو نەختێک ورەی دەویست، خۆی لەو نەهامەتی و شەرمەندەییە رزگار بکات.

چارەنووسی لە پڕ گیانی بە ئارامی و بە ساکاری وەرگرت. بۆیە لێوی خۆم گەزی. لە بەرامبەر هەموویاندا، ئەو کاتەی خەریک بوون دەیانبردە حەسارەکە، گوتی: (زۆر چاکە ویستی خوداوەند جێبەجێ بکرێ!) هەمووومان لەو تاقیکردنەوەیە بیرمان کردەوە و پەشیمان بووینەوە شەرمێک بوو، کە (نەیار) شانوو شکۆی ئەو ساتە وەختانەی ئاخری لێ برفێنێ. بەڵام سەرەڕای ئەو شتانە، بۆ تەواوی ئەو کەسانە کە وا ئاگاداری ئاخر و ئۆخری رووداوەکە بوون (هەتا ئەو کاتەی هۆشی لە لای خۆی بوو) کاردانەوەی بوو لەسەریان. لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەوەی من دیتم لەو شتەی وەدەست کەوت، بۆ من بە تەنیا، لەو بەشە

جوانەی کلێسادا من بۆ رووحی بەلاڵێدراوی مایەی دڵخۆشییە. وا باشە یەزدان بە رووحمەوە بەزەی پێ دابێت و وەری بگرێ!

تکایە بەسۆزترین سوپاس و پێزانینم قەبووڵ بفەرموون.

س. لووروئینا، قەشە.

لە کۆتایی نووسینەکەدا: بەداخەوەم کە ناتوانم لەو بارەوە ئەودیوی شتەکە نیشان بدەم یارمەتیتان بدەم، هەروەها نازانم چۆن دەکرێ ڕێگایەک بۆ ئێوە دەستنیشان بکرێ کەوا ئەودیوی رووداو ئاشکرا بێت.

***

ئەوە یەکەمین نامەیە، ئەوەش نامەی دووهەم.



## (٢)
## لاوسیا (ناوەندی لیۆن)
## ٤٢//١٢/١

ڕێزدار:

لێرەدا سپاسی خۆمتان ئاڕاستە دەکەم لەوەرگرتنی نامەی ئێوە بە ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانبار، هیوادارم کە نامەی ئەو جارە بتوانێ لەو کاتەی لە خۆشی و لەشساغی دای بگاتە دەستت. منیش خراپ نیم ـ سوپاس بۆ یەزدان هەرچەندە لەو هەل و مەرجە دا لەو ئاو و هەوایەدا شتێک نییە کە بکرێ بۆ تاوانبارانی بخوازی، لە وشکەڵەدارێک بێکەڵک ترم. ئێستاش ئەوەی کە ئێوە ویستووتانە بۆتان دەگێڕمەوە، لەبەر ئەوەی لە دەستووراتی ئەرکەکەمدا شتێک نییە بۆ من ببێتە لەمپەر، خۆ ئەگەر شتێکیش هەبێ دەبێ ئێوە بە گەورەیی خۆتان لێبۆردنتان هەبێ، لەڕاستیدا هیچم نەدەگوت. دەربارەی پاسکۆئال دوئارتە، ئەو کەسەی لەبارەیەوە قسەت کرد، بڕوا بکەن زۆر چاکیشم لە بیرە لە بەر ئەوەی لەنێو زیندانییەکان دا وەک گورگی شەخدار وا بوو ئەو ماوەی چەند ساڵێک لە زیندانی ئێمە دا بوو. من قەت ناتوانم پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە ئەقڵ و ئاوەزی ئەو نەخۆش نییە، خۆ ئەگەر کوو زێڕ و جەواهێراتی الەواردوشم بدەیتێ، چوونکە ئەو شتانەی لەوی رووداوە نەخۆشی ئەو کابرایە دەسەلمێنێ. هەموو شتێک لەجێی خۆی دا بوو، هەتا ئەو ڕۆژەی دانی بە شتەکان دا هێنا. بەڵام جاری یەکەم کە ڕاستی گوت، بەروونی، لەگەڵ تەواوی پەشیمانییەکان و حەسرەتەکان دا ڕووبەڕوو بوو. ئیتر بڕیاری دا بەتەواوی خۆی پاک بکاتەوە. سەر و بنی قسەکە ئەوە بوو کە ڕۆژانی دووشەممە چوونکە دایکی یان کەسێکی دیکە لەو ڕۆژەدا کوژرابوو، ڕۆژانی سێشەممە لە بەر

ئەوەی خاوەنی تورامخیا، ی کوشتبوو، رۆژی چوارشەممۆکان کەسێکی تری لەناو بردبوو، ئەو هەناسە ساردەی بەخترەشە، نیوەی حەوتووەکەی بەزگی برسی تێپەڕ دەکرد. ئەمەش چەشنێک رۆژوو گرتن بوو بە لای خۆیەوە لەو ماوە کەمەدا بە چەشنێک کێشی دابەزی، کە هەر ئێسکوو پلوسکی مایەوە، لە خۆم دەپرسی جەللاد چۆن دەتوانێ پەتەکە باوێتە ئەستۆی بەدبەختی چارەڕەش وەخت و بێوەختی بە نووسینەوە تێپەڕکرد. بەچەشنێک وەک نەخۆشین تووشی هاتبوو. بەڵام چۆنکە ئازاری بۆ کەس نەبوو، لە بەر ئەوەی بەرێوەبەری زیندان پیاوێکی باش بوو، بە ئێمەی گوتبوو لە بەر نووسینەکەی هەرچییەکی گەرەک بوو لە پێداویستی نووسین درێخی لێ مەکەن، دەورمان چۆڵ دەکردوو ئەویش بەکەیفی خۆی خەریک دەبوو، قەت وا نەبوو وەڕەز بێت. متمانەی بە ئێمە هەبوو، رۆژێک بانگیکردم نامەیەکی نیشان دام کە پاکەتەکەی مۆر نەکرابوو، (بەچەشنێک ئەگەر پێم خۆشبا، دەمتوانی بیخوێنمەوە) ناوەرۆکی نامەکە باسی دۆن بارە رالوپز بوو لە موریدا، بەشێوەیەک تێیگەیاندم کە ناتوانم باسی بکەم، ئاخۆ لەبەرم دەپارایەوە، یان ئەمری دەکرد:

ـ کاتێک هاتن من ببەن، ئەو نامەیە بخە نێو گیرفانی خۆتەوە، ئەو کاغەزانەش رێکوپێک بکە، تەواوی شتەکان بدە بەو بەرێزە، تێگەیشتی؟ دوواتر، چاوی لە چاوم بڕی، بەشێوەیەکی سەرنج راکێش کە بەڕاستی سەرم سووڕ مابوو، پێی گوتم:

ـ خوداوەند وەڵامی چاکەت دەداتەوە... بۆ خۆم لێی دەپاڕێمەوە! هەر چی داخوازی ئەو بوو جێبەجێم کرد، لە بەر ئەوەی تاوانێکم لەو دا بەدی نەدەکرد چوونکە من هەمیشە رێز و ئێحترامم بۆ وەسییەتی مردووەکان داناوە لەمەڕ مردنەکەشییەوە، تەنیا دەتوانم بێژم مردنێکی ساکار بوو هەر وەک ئەو خەڵکە، مردنێک بە کۆسپ و ئازارەوە، هەرچەندە لە پێش دا بە



هێمنی رووبەڕووی هەموویانگوتی: (ویستی یەزدان جێبەجێ دەکرێ!) ئەوە بوو هەمووومان واقمان وڕما، لەپڕ ئەوەی گوتی لەبیری چۆوە. هەر ئەوەندەی چاوی بە پەتو سێدارە، کەوت لە جێی خۆی وشک بوو.

بەڵام نەختێک دوواتر بەخۆی دا هاتەوە، ملّی نا لە قسەکردن، کە نایەوێ بمرێ ئەو کارەی لەگەڵ ئەوی دەکەن کارێکی نامرۆیانەیە دەبوو بە زۆر پیلی بگرین و بیبەین لە سەر سەکۆکە دایبنێین. ئەو خاچەی کە قەشەسانتیاگۆ قازی عەسکری زیندان و پیاوی چاک بوو بردیە بەر دەمی ئەویش ماچی کرد. بەڵام بە تف فرێدان و لاقەفرتێ عومری درێژی بۆ ئێوە بەجێ هێشت. بە بێ هیچ چەشنە سەرنجێک بۆ ئەو جەماوەرەی لێی کۆ ببوونەوە، لە ناخۆشترین و دزێوترین هەل و مەرجێکدا کە یەکێک خەریکە دەمرێ وای کرد هەموو کەس بزانێ کە ئەو چەندە لە مەرگ ترساوە.

ئەگەر دەنگونجێ، ئەو تکایەم بەجێ بێنە، کاتێک کتێبەکە چاپ بوو لەبرێ کتێبێک دوودانم بۆو بنێرە، ئەگەر رازی بی یەکیانم بۆ ستوانی ئەو بەشە دەوێ، پێی گوتم پارەکەی بە پۆست دا رەوانە دەکا. بەو هیوایە توانیبێتم خزمەتێکم بە ئێوە کردبێ، هاورێتان سزارئو مارتین.

ماوەیەکی پێ چوو هەتاکوو نامەکەتان گەیی بە دەستم هۆی لە یەک دووری رێکەوتەکان، هەر ئەوە بوو، لە باداخۆس، وە، گەییە دەستم، ئەوەشم رۆژی شەممە دەی مانگ پێ گەیی ئەویش پێرێ بوو. خوات لەگەڵ.

چ سەنگوو سووکییەک دەکرێ لەگەڵ وشەگەلی ئەو دوو پیاوە بەرێزە؟

مادرید بەفرانباری ١٩٤٢